# جیاکردنەوەی
# سیاسەت لە دین

# جیاکردنەوەی
# سیاسەت لە دین

مەنوچەهر جەمالی

لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

سلێمانی ٢٠١٦

**زنجیرەی ئایینناسیی ماڵی وەفایی (٥)**

**ناوی کتێب:** جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین

**بابەت:** لێکۆڵینەوە

**نووسەر:** پرۆفیسۆر مەنوچەهر جەمالی

**وەرگێڕ:** دڵشاد خۆشناو

**بەراوردکردن لەگەڵ فارسی:** عەبدوڵڵا رەسووڵی

**نەخشەسازی بەرگ:** هەرێم عوسمان

**نەخشەسازی ناوەوە:** وەرگێڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**نۆبەتی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠١٦

**نرخ:** ٤٠٠٠ دینار

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٨٠)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.**

بۆ پەیوەندیکردن بە وەرگێڕ: khoshnaw73@gmail.com

**لەبڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی**

**ناونیشان: هەولێر _ ناو بازاڕ _ بەرانبەر نافوورەکان**

**https://www.facebook.com/mali.wafai**

**٠٧٥٠٤٨٢٦٦٤٧**

ئەم وەرگێڕانەم پێشکێش دەکەم بە:

- عەبدولخالق مەعرووف، شەهید و ڕێبەری بیری ئازاد.
- شێرزاد حەسەن، کە هەمیشە تێکۆشاوە بۆ ئەوەی ئازاد بێ.
- هەموو ئەو کەسانەی بەردەوام تێدەکۆشن بۆ ئەوەی ئازاد بن و خۆیان بە هیچ بیروباوەڕێک نابەستنەوە جگە لە ئازادی.

# پێڕست


لەبارەی نووسەرەوە ٩

جودایی دین لە سیاسەت چییە؟ ١٣

دابڕکردنی دین لە سیاسەت. ٣٧

ئەو ڕێگەیەی دەگاتە جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین. ٤٩

شمشێری لار بەستراو. ٦٣

بەزەیی هاتنەوە بە ڕەشۆکی، یان هەڵاتنی ڕۆشنبیران لە ڕووبەڕووبوونەوەی دین. ٧٩

(شۆڕش) چۆن دەگۆڕێ بۆ (پەرجوو)؟ ٩١

ئەفراندنی بیرۆکەی هاوبەش لە جیاتی پەیڕەوکردنی تاقە بیرۆکە. ١٠٩

ئازادی بۆ بێباوەڕان: جیهاد بۆ باوەڕ، جیهادە دژی ئازادیی. ١٢٥

# لەبارەی

# نووسەرەوە

مەنوچەهر جەمالی نەک تەنیا بۆ خوێنەری کورد ناوێکی نائاشنا و نەناسراوە، بەڵکو بۆ خوێنەری فارسیش تا رادەیەکی زۆر نائاشنا و نەناسراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی بەرهەمەکانی جگە لە وتارەکانی، خۆیان لە نزیکەی ١٢٠ کتێب دەدەن.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە نەیهێشتوە ئەم نووسەرە بناسرێت ئەوەیە کە نووسینەکانی لە ئێران قەدەغەن و خوێنەر و وەرگێڕی کوردیش تەنیا دەرۆستی ئەو کتێبانە دێ کە لە ئێران چاپ کراون، بەدەگمەن پەی بەو نووسین و کتێبانە دەبا کە لە دەرەوەی ئێران و بە زمانی فارسی چاپ کراون. هەربۆیە پێویستە بایۆگرافییەکی کورتی ئەو نووسەرە لە چەند دێڕێکدا بخەمە بەرچاوی خوێنەران.

پرۆفیسۆر مەنوچەهر جەمالی، لە ساڵی ١٩٢٨ لە شارەکەی سۆهراب سپێهری واتە کاشان لەدایک بووە، لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە چووەتە تاران و لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە، تا قۆناغی بەکالۆریۆسی خوێندووە لە بەشی فیزیای زانکۆی زانستەکانی تاران.

لە ساڵی ١٩٥٤ بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بوارەکەی خۆیدا رووی کردووەتە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و هەر لەوێ ماستەر و دکتۆرای لە بواری فیزیا وەرگرتووە.

بەهۆی سەرسامبوونی بە فەلسەفەی خۆرئاوایی لە فرانکفۆرت دەچێتە بەشی فەلسەفە و لەوێ دەبێتە قوتابی فەیلەسوفانی وەکو تیدۆدۆر ئادرنۆ و ماکس هورخیمەر، کە لە بونیاتنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوون.

ئەو کاتەی لە فرانکفۆرت خەریکی خوێندنی فەلسەفە دەبێ، یەکێک لە مامۆستاکانی پێی گوتوە کە واز لە فەلسەفەی خۆرئاوا بێنە و برۆ بەدوای دۆزینەوەی فەلسەفە لە کەلتووری ئێراندا و کار لەسەر ئوستوورە ئێرانییەکان بکە، هەرئەو قسەیە دەبێتە هۆی ئەوەی دەست بکات بە رامان و راڤەکردنی ئوستورەکانی ئێران و نووسین لەبارەی شیعرەکانی عەتار و خەیام و مەولانا و تەورێزی و ئەوانی تر.

جەمالی یەکێک بوو لە یەکەمین رەخنەگرەکانی کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و ئەزموونی

تاڵی هەژموونی رژێمی کۆماری ئیسلامی بنیاتنانی رژێمی ویلایەتی فەقیهـ کەوتە رەخنەگرتنی فەلسەفە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی و لەو سەردەمە لە نووسینەکانیدا خەڵکی ئێرانی ئاگادار کردەوە لەوەی کە گوێ نەدەن بە بنیاتنەرانی شێوەی تازەی ئیسلام و خۆیان بەوە فریو نەدەن، لە نووسینەکانیدا باسی ئەوەی کردبوو کە ئەو دینەی کە بانگەشەی دامەرزاندنی حکومەت و بەدەستهێنانی دەسەڵات لەسەر بنەماکانی هەر جۆرە حکومەتێکی دینی دەکات کە گوایە پەیامەکەی گەیاندنی خەڵکەکەیەتی بە بەختەوەریی، شتێک نییە جگە لە فریودانی خەڵک و دووبارەبوونەوەی ئەزموونی شکەستخواردووی مێژوو.

جەمالی لەگەڵ رەخنەگرتن لە حکومەتی دینی و هەر حکومەتێکی ئایدیۆلۆژی، هەموو ئەو قوتابخانانەی کە خۆیان بە پاوانخواز و رەهای حەقیقەت دەژمێرن دەخاتە بەر نەشتەری تیژی رەخنەی خۆی، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی نوێی مرۆیی و ئەندێشەی ئازاد و بە هەوڵ و تاقیکردنەوە خۆکردەکان، دەنووسێت کە پەیامی خودای میهر وەهایە (ئەو حەقیقەتەی کە خۆت بیدۆزیەوە و لەگەڵیدا بژی، باشترە لە حەقیقەت و مەعریفەتی من).

بەداخەوە کە رۆژی پێنجشەمەی ٢٠١٢/١/٥ لە تەمەنی ٨٤ ساڵی لە شاری مالاگای ئیسپانیا بە یەکجاری چاوی

لێکنا، لە ماوەی ئەو ٨٤ ساڵەی ژیانیدا پتر لە ١٢٠ کتێب و نامە و نووسینی جۆراوجۆری لە دوای خۆی بەجێهێشت لە بوارەکانی کەلتووری ئێرانی، فەلسەفە، مێژوو، زمانناسی، تێرامان و راڤە.

هیوادارم خوێنەری کورد لە گەنجینەی دەوڵەمەند و فەلسەفی و فکری ئەو نووسەرە مەزنە سوود وەرگرن بۆ بونیاتنانی کوردستانێکی ئاوەدان و ئازاد و دیموکراتیک و سیکۆلار.

**وەرگێڕ**

# جودایی دین لە سیاسەت چییە؟

(ئازادی سیاسی) لە کۆمەڵگەیەکدا هەیە کە (سیاسەتی ئازاد) هەبێ. سیاسەتیش کاتێک ئـازادە کە سەربەخۆیە. هەر شتێک کاتێک ئازاد دەبێت کە سەربەخۆ بێت. ئەو سیاسەتەی کە نەتوانێ سەربەخۆ بێ، هیچکات ئازاد نابێ.

رەتکردنەوەی (سەربەخۆیی سیاسەت) رەتکردنەوەی سیاسەت و بە واتایەکی باشتر (لەناوبردنی سیاسەت)ە. لەو شوێنەی کە سیاسەت سەربەخۆ نییە، سیاسەتی لێ نییە، هەروەکچۆن لەو شوێنەی کە فەلسەفە و بیرکردنەوە، سەربەخۆ نییە، فەلسەفە و بیرکردنەوەی لێ نییە، لەو جێیەی کە هونەر سەربەخۆ نییە، هونەر لەوێ نییە، لەو شوێنەی کە پەروەردە سەربەخۆ نییە، پەروەردەی لێ نییە.

ئازادی، تەنیا لە پلۆرالبووندایە. زۆریی تاکە سەربەخۆکان، فرەیی سیما جۆراوجۆر و سەربەخۆکانی ژیان، زۆریی هۆکارە جیاجیاکانی ژیان، فرەیی گرووپەکان، فرەبوونی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان... تەنیا لە پلۆرالبووندایە کە سەربەخۆیی بوونی هەیە.

دابەشکردنی دەسـەڵات لە حکومەت (لە دەسەڵاتی یاسادانان، دەسـەڵاتـی دادوەری، دەسـەڵاتـی جێبەجێکردن) کاتێک شێوەی راستەقینەی خۆی وەردەگـرێ کە دابەشکردنی دەســەڵات لە

خوارەوە لە نێوان تاکەکان دەست پێ بکات و لە هەموو رووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بچەسپێ. لە سەرەتادا دەبێ دەسەڵات دابەش بووبێت لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر تاکێک دەبێ دەسەڵاتی هەبێ. رادەربڕین بە بچوکترین شێوە دەربڕینی دەسەڵاتە. دەربڕینی بیر، دەربڕینی باوەڕی کەسیی لە هەموو بوارەکاندا، رووی راستەقینەی دەسەڵاتە.

هۆکارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (کەلتوور، هونەر، پەروەردە، فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری، دین) پێویستە هەر کامیان سەربەخۆ بن، هەرکامیان لە هەمان سەربەخۆییاندا، دەسەڵاتیان هەبێ. دابەشکردنی دەسەڵات لە حکومەت نایەتەکایەوە ئەگەر دابەشکردنی دەسەڵات لە خوارەوە لەنێوان هەموو تاکەکان و گروپەکانەوە سەر نەکەوێت بۆ سەرەوە. بە دابەشکردنی دەسەڵات تەنیا و تەنیا لە نێوان یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن، نەبوونی دابەشکردنی دەسەڵات لە بەشەکانی تر (سەربەخۆ نەبوونی تاکەکان، سەربەخۆ نەبوونی گروپەکان، سەربەخۆ نەبوونی رووە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی) دەسەڵات قەتیس دەکات لە دەستی یەک کەس یان گروپێکی بچوک (دەستەی باڵای حزبێک یا کۆمیتەی ناوەندی یان ...) ئەوەش دیکتاتۆری لێ دەکەوێتەوە.

## دژایەتی ئازادی لەگەڵ یەکبوون

فرەیی (زۆریی هێزەکان، زۆریی رووە جیاجیاکانی ژیان، زۆریی تاکەکان، زۆریی گروپەکان) ناتوانێ لەگەڵ یەکبوون یەکبگرێتەوە. زۆریی و یەکبوون دژیەکییەکی نەبڕاوەیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، فرەیی، کاتێک بەرەو یەکبوون دەچێت کە پۆلێنبەندی بکرێ و زنجیرەبەندی بەدەست بێنێت و لەنێوان ئەو زنجیربەندییەدا، پەیوەندی نێوان (دەسەڵاتداریی و تابعیەت) حوکمڕانی و پێڕەوکردن بێتەکایەوە. پلەدارێک حوکمڕانی بەسەر پلەدارێکی ترەوە بکات و پلەدارێک پەیڕەوی لە پلەدارێکی تر بکات، لووتکەی هەڕەمی دەسەڵاتداریی، دەبێتە رێبەر و دەسەلاتی رێبەریی، بنکەی هەڕەمیش کە (شوێنکەوتووی رووتە)، خەڵکن. بەمشێوەیە، زۆرییەک کە تەنیا لە سەربەخۆیی تاکەکان و کاروبار و هێز و رووەکانی ژیان دەهاتەکایەوە، لە یەکبووندا لەنێودەچێ.

یەکبوون، تەنیا لە (پێڕەوکردنی زۆریی) دەتوانێ خۆی بچەسپێنێ. هەڵبەت کە ئەو (پێڕەوکردنە)یش پێویستە (پێڕەوکردنی رەها)بێ. بەبێ (پەیڕەوکردنی رەها) هیچ یەکبوونێک پێک نایەت و دەستەبەر نابێت. لەم رووەوە بە پەیڕەوکردنی رەها، سەرەبەخۆیی و ئازادیی تاکەکان و رووەکانی ژیان و گروپەکان لەنێودەچێت. پەیڕەوی رەها هەمان (لەنێوچوونی تاکە لە سەرەبەخۆیی خۆی)دا، پەیڕەوی رەها هەمان (لەنێوچوون و تەفروتونابوونی سیاسەت و هونەر و فەلسەفە و

... لە سەربەخۆی خۆیان)دا. هەر حەقیقەتێک، هەر فەلسەفەیەک، هەر پرەنسیپێکی یەکبوون، بەستراوەبوونێکی رەهای دەوێ. دەیەوێ مرۆ بە تەواوی، خۆی بە (هەموو ئەو حەقیقەتە یان فەلسەفە، یا دین ...)ەوە ببەستێتەوە.

بڕی ئازادی ئێمە هەمیشە بەستراوەتەوە بە (بڕی بەستراوەیی). هەرچەندە زیاتر بەستراوە بین، کەمتر ئازادیمان هەیە و لە (بەستراوەبوونی رەها)دا هیچ جۆرە ئازادییەکمان بۆ نامێنێتەوە. لەمڕووەوە هەر جۆرە بڕوابوونێک بە هەر جۆرە بیروباوەڕێک تەنانەت بە بیروڕای زانستی یان سیاسی، ئازادی ناهێڵێ، چونکە بڕوابوون هەمیشە (بەستراوەیی رەها)یە. بڕوابوون و ئازادی پێکەوە هەڵناکەن. ئەو کەسەی کە بڕوای بە شتێک هەیە، ئازاد نییە. بڕوابوون تەنیا مەسەلەی دین نییە، ئایدیۆلۆژیایەکیش دەتوانێ بڕوابوونی من پەلکێش بکات. باوەڕێکی زانستی یان فەلسەفیش دەتوانێ بڕوابوونی من پەلکێش بکات. بە هەرجۆرە بڕوابوونێک، (شوێنکەوتوویی رەها) لە ئاستی شتێک (دین، فەلسەفە، سیاسەت، زانست ...) یان لە ئاستی تاکێک وەکو (رێبەرە پیرۆزەکان کە بە تایبەت لە شۆڕشەکان وەدیار دەکەون) دێتەکایەوە و تا ئەو کاتەی کە ئەو بڕوابوونە لە شوێنی خۆی بێ، تاک، تەواوی سەربەخۆیی خۆی لەدەست داوە و بە کردەکی ئازاد نییە، یان بە دەربڕینێکی باشتر (ناتوانێ ئازاد بێ).

## یەکبوون، واقیعیەتێکی (ئۆرگانیک)- (ئەندامی)ە

ئۆرگانیزم، یەکبوونی هەیە. ئەو پێوەندیەی لە (بونەوەرێکی زیندوو)دا هەیە، پێوەندییەکی یەکبوونییە. بەش و ئەندامەکان، لە پێوەندییەکی پێڕەوی و حوکمڕانی پێکەوەدان. هەروەها (کۆمەڵگەی ئاژەڵەکان) کە کۆمەڵگەی ئۆرگانیکن، (یەکبوون)یان هەیە. پەیوەندی پێڕەویکردن و حوکمڕانی، پایەی بوونی ئەم کۆمەڵگایانەیە. لە هەر شوێنێک کە بیانەوێ کۆمەڵگە یەکبوونی هەبێ، دەیانەوێ کۆمەڵگا بکەنە ئۆرگانیک. بە کۆمەڵگەی (زیندوو)ی دەزانن، لە (پەیکەر)ێکی زیندووی دەچوێنن. رێبەر دەبێتە پزیشکی (پەیکەری کۆمەڵ). رێبەر، دەبێتە شوانی (مێگەل)ی کۆمەڵ. کۆمەڵگە وەکو (تاک) سەیردەکرێ. پێویستە هەموو وەکو ئەندامەکانی تاکێک بن (بنیادەم، ئەندامی یەکترن). ئەم لێکچواندانە هەمووی مەترسیدارن. چونکە لە پشت ئەو وێنانە، چەمکەکانی، حوکمڕانی و پەیڕەویکردن شاراوەتەوە. داوا لە خەڵک دەکەن بۆ وەدیهێنانی یەکبوونێکی لەمجۆرە، بە شێوەیەکی رەها ملکەچ بن. یەکێک لە وێنە دڵڕفێنەکان ئەمەیە کە رێبەر یا شا، یان خودا بە باوکی کۆمەڵگە یان میلەت یان ئۆمەت یان مرۆڤایەتی دەچوێنن. کۆمەڵگە وەکو رۆڵە واتە تاکێک لەقەڵەم دەدەن. کۆمەڵگە دەبێت بە ئۆرگانێک. بەمشێوەیە فرەیی، بەهۆی پێوەندی شوێنکەوتوویی، رەت دەکرێتەوە. فرەیی دەبێ تەنیا شوێنکەوتوو بێ، تا (هەبێ)، وشەی (ئۆرگانیزاسیۆن) لەسەر

ئەو لێکچواندنە پابەندە و مەبەست ئەوەیە کە گروپێکی خەڵک ببنە بونەوەرێکی زیندوو تا یەکبوون و فەرمانڕەوایی ڕەها تێیدا دەستەبەر ببێت. هەموو شتێک دەبێتە (ئۆرگان)، ئۆرگان، دروست دەکرێ.

## ئازادی، تەنیا لە پلۆڕاڵیدا هەیە

نابێ کۆمەڵگەی مرۆیی هیچ کات بە (تاک) یان (کۆمەڵگەی ئاژەڵی)بچوێندرێ. یەکێک لەو بیرۆکە مەترسیدارانەی کە ئەم سەدەیە و سەدەی رابردوو وەدەرکەوت، ئەوەبوو کە کۆمەڵگەی مرۆیی، وەکو کۆمەڵگەی مێروولەکان یان کۆمەڵگەی هەنگەکانی لێ بێ. لەو کۆمەڵگە ئاژەڵییانەدا ئەم یەکبوونە گەیشتوەتە ترۆپکی خۆی. مەبەستی ئەو ئایدیالانە، یەکبوونی ئۆرگانیک بوو (گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ ئۆرگانیزاسیۆنێک). بەڵام لە یەکبوونێکی وەهادا، ئازادی بوونی نییە. فرەیی بوونی نییە. پەیژەبەندیی حوکمڕانی و شوێنکەوتوویی، ئازادی لەنێودەبا. کاتێ کە هەموو کاروبار و سیماکانی ژیان و تاکەکان و گروپەکان و هێزەکان دەبێ شوێنکەوتووی (ئایدیایەک)بن. بە واتایەکی تر، ئایدیاییەک دەبێ حوکمڕانی بەسەر(هەموو)اندا بکات، ئازادی بە تەواوی لەنێودەچێ. شوێنکەوتووی هەموو تاکەکان لە یەک فکر (لە کاتێکدا لە سەربەخۆییدا دەبێ هەر کەسێک فکری خۆی هەبێ)، واتە (دەسەڵاتداریی فکرێک بەسەر هەموو تاکەکان) و شوێنکەوتنی رووتی هەموو تاکەکان و شوێنکەوتنی فکرەکانیشیان بە گوێرەی ئایدیا یان ئایدیۆلۆژی یان دینەکە.

باوەڕێکی دینی یان ئایدیۆلۆژیایەک، بە شێوەیەکی گشتی لە هەر جۆرە باوەڕێک، دەیەوێ هەمووان (هاوباوەڕ)بکات. هەمووان بکاتە (شوێنکەوتوو)ی یەک باوەڕ. هەمووان لە پرەنسیپێک، فکرێک، دینێک، یەکگرتوو بکات. ئەو دەتوانێت هەموویان لەخۆیدا کۆبکاتەوە، کاتێ کە هەموویان لە (بیری سەربەخۆیی خۆیان) دابماڵێ و دووریان بکاتەوە. لێرەدایە کە فرەیی لەنێودەچێ. باوەڕێکی دینی یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی یان زانستی دەیەوێ (هەموو هۆکارەکانی ژیان، هەموو تاکەکان، هەموو کاروبارەکان، هەموو گرووپەکان، هەمو سۆزەکان) بکاتە شوێنکەوتووی خۆی، تا بەمشێوەیە هەموویان لە خۆیدا بکاتە(یەک). لەگەڵ وەدەستهێنانی یەکبوون، سەربەخۆیی هەموان لادەبات و فرەیی لەنێودەبات.

## فرەیی تەنیا لە لێکتێگەیشتندا دەلوێ

پێوەندی تاکە سەربەخۆ و ئازادەکان، پەیوەندییەکی لێکتێگەیشتنە. لە لێکتێگەیشتندا، من و ئەویدی، سەربەخۆیی و تاکبوون و ئازادی خۆمان دەپارێزین و ڕێز لە ناکۆکییەکانی نێوانمان دەگرین و بە بەرز سەیریان دەکەین، ئەو ناکۆکیانەش بە رووی پۆزەتیڤی یەکتری دەژمێرین. لەکاتێکدا لە یەکبووندا، ناکۆکی و دژیەکەکان، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بێزراو دەبن. ناکۆکی، تەنیا لە ڕێگەی (حەق)دا هەیە. لە مەبەستدا، دەبێ لەنێو بچێ. ئەو تەنیا لە ناوەڕاستی ئەم ڕێگەیەوە بەرگەی ناکۆکییەکان دەگرێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، فرەیی ناکۆکییەکانی خۆشدەوێت. ناکۆکی، سامان و لێوڕێژی

ژیانە. ئەو ناکۆکی پەروەردە دەکات. لەکاتێکدا بەرنامەی کاریی یەکبوون ئەمەیە کە ناکۆکییەکان (کە شووم و گێرەشێوێنە) کەم بکاتەوە و بیانشارێتەوە. لەپێناو یەکبووندا، دەبێ واز لە رەخنەگرتنی یەکتر بهێنرێ. بۆ پاراستنی یەکبوون دەبێ دەمی خۆت و ئەوانیدیش دابخەی، بۆ پاراستنی یەکبوون پێویستە (جیاوازی سەلیقە) لەبیر بکەین. بەم شێوەیە ناکۆکی بێزراو دەبێ. لە لایەکی ترەوە بچوکترین ناکۆکی، بە شێوەی دژیەکێک، لێکدەدرێتەوە. چونکە رقی لە ناکۆکییە، بچوکترین ناکۆکی بیەوێ دەرکەوێ، وەکو دژیەک باوەڕداران و پەیڕەوان دەتۆقێنێ. هەر ناکۆکییەک، مانای دژیەکیی بەخۆیەوە دەگرێ.

بەڵام لە ئازادی، فرەیی مەرجی یەکەمە. ئێمە چونکە جۆراوجۆرین، سەربەخۆین. سەربەخۆیی تاک و گرووپ و هێزەکان و رووەکانی ژیان، بەبێ ناکۆکی نابن، کاتێ کە هەموو تاک و فکر و سۆزەکان لە یەک دەچن، ئیتر سەربەخۆیی نییە. تەنانەت ئیتر پێویستیان بە ئازادی نییە. چونکە مرۆ کاتێ پێویستی بە ئازادی هەیە کە ناکۆکی فکری لەگەڵ ئەوانیدیدا هەبێ و جیاوازی سەلیقەی لەگەڵ ئەوانیتر هەبێ. من کاتێ کە ئازادیم دەوێ کە بمەوێ بە شێوەیەکی دیکە رەفتار بکەم. من کاتێ پێویستم بە ئازادی هەیە کە بمەوێ بە شێوەیەکی تر بژیم. بەهۆی ناکۆکییە کە مرۆ پێویستی بە ئازادی دەبێ، بەڵام لە یەکبووندا هیچ کەس ناکۆکی لەگەڵ ئەویتردا نییە. هەموو، ئۆرگان و دامەزراوەکان یەک بنەمایان هەیە. ناکۆکی دامەزراوە و ناکۆکی

ئەندام، بۆ وەدەستهێنانی یەکبوونە نەک بۆ خودی ئەو دامەزراوە و ئەندامە، ئەو بەهۆی یەکبوونەوە ناکۆک بوە. ناکۆکی ئەو، هۆیەکە بۆ وەدەستهێنانی یەکبوون. سەربەخۆیی لە خۆبوونەوە بۆ خۆبوونە. سەربەخۆیی ئەوەیە کە مرۆ، نەبێتە کەرەسەیەک بۆ کارێکی تر، بەڵکو ئامانج و مەبەستێکی بۆ خۆی بێ.

## باوەڕی یەکتایی

لەو بیروباوەڕەی کە یەکبوون، بنەمایە، هەموو بەش و لقەکانی هەموو حوکم و ڕێنماییەکانی، شوێنکەوتووی هەمان بنەمای یەکبوونە. هەموو فکر و حوکمەکان سەر بەهەمان بنەمای یەکبوونن. تەواوی فکر و بڕیار و فێرکردن و وێنە و واقعییەتەکان، سەر بە یەک بنەمان، واتە لەناو خۆیان و بۆ خۆیان سەربەخۆییان نییە. سیاسەت و هونەر و فەلسەفە و پەروەردە و ئەخلاق.. هەموویان شوێنکەوتووی هەمان بنەمان، هیچ کامیان نابێ بۆ خۆیان و لەخۆیان هیچ سەربەخۆییەکیان هەبێت. شوێنکەوتوویی هەمیشە سەربەخۆیی و ئازادی ڕەت دەکاتەوە و دواجار (ڕەتکردنەوەی هەبوون)ە. لە شوێنکەوتوویيدا هەر شتێک تەنیا بە مەرجێک دەتوانێ هەبێ کە (شوێنکەوتوو)بێ. (هەبوون) تەنیا لە (شوێنکەوتوویی) دەتوانێ هەبێ، ئەو شوێنکەوتووییەش، (شوێنکەوتووییەکی ڕێژەیی) نییە، بەڵکو (شوێنکەوتوویی ڕەها)یە. شوێنکەوتوویی ڕێژەیی دەتوانێ جۆراوجۆر بێ، بۆ نمونە دەکرێ (هەموو سیماکانی ژیانی من) بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەر بە یەک ئایدیا بێ. هەموو سیماکانی من، بە شێوەیەکی ڕەها سەر بەو ئایدیایە نییە.

بۆ نمونە یەکێک لە سیماکانی ژیانی من، بە شێوەیەکی ڕێژەیی شوێنکەوتووی ئایدیاییەکە، بەڵام سیماکانی تری ژیانم شوێنکەوتووی ئەو ئایدیایە نین.

لە شوێنکەوتوویی ڕێژەییدا، ئەگەری یان ئومێدی ئازادی نییە، هەروەها شوێنکەوتوویی ڕێژەیی ئەوەیە کە مرۆ دڵخۆش بێت بە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی ئایدیا جیاوازەکان و پەیوەستبوون سنووردار نەکات لە ئایدیاییەک یان مەبەستێک یان کەسێک یان گروپێکی تایبەتدا. ئەم شێوە شوێنکەوتوویییە، ئەگەری ئازادی هەیە. شوێنکەوتوویییە جۆراوجۆرەکان، بە چڕیی جیاواز بۆ کەس و گرووپە جیاوازەکان کە تەنانەت پێکەوەش ناکۆکن، ئەتوانن ئازادی بەهێز بکەن. بەڵام باوەڕێکی (یەکتایی) چ ئاینی و چ نائاینی، هەموویان (شوێنکەوتوویی رەها)یان لە مرۆڤ دەوێ. هەموو هۆکارەکانی ژیانی من(سیاسەت، کاروباری خێزانی، هونەر، کەلتوور، بیرکردنەوە، رەفتاری ئەخلاقیی) دەبێ بۆ نمونە (شوێنکەوتووی رەهای دین)بن، یان بۆ نمونە (شوێنکەوتووی رەها)ی پەیوەندییە مادیی و ئابورییەکان بن. شوێنکەوتوویی رەها، هەر (تەسلیمبوون)ە، هەر (ئیمان)ە. باوەڕهێنان بە ئیسلام، واتە ئەو کەسەی کە پابەندبوونی گەیشتوەتە رادەی هاتنەڕیز. بە (شوێنکەوتووی رەها)ی کەسێک، هەبوونی کەسێک رەتدەکرێتەوە، فاتیحاکەی دەخوێندرێ، بە شوێنکەوتوویی رەهای هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە هونەر یان سیاسەت یان پەروەردە و فێرکردن، هەبوونی هونەر، سیاسەت، پەروەردە هەڵدەوەشێتەوە. قبوڵی هەبوونی ئەوان راهاتنێکی زارەکییە. هونەر و سیاسەت و

پەروەردە و ئابووری و ئەخلاق و بیرکردنەوە، لە راستیدا هیچ کامیان شتێکیان لە خۆیانەوە نییە بۆ خۆیان، بەڵکو هەبوونیان هەمووی بۆ دینە. مەبەستی هەبوونیان، دینە، خۆیان واقیعییەتی بوونیان نییە. واقعیەتیان وەکو سێبەرە.

هەربۆیە دین هەوڵ دەدات کە ئەو فاکتەرانە بە شێوەی (فاکتەری سەربەخۆ و ئازاد) لەنێو ببات و تەنیا بە شێوەی (شوێنکەوتوو) بەناچاری تەحەمولی بوونیان دەکا، دەبێت ئەم شوێنکەوتوویيە رەها بێ. سیاسەت یان هونەر و پەروەردە و تەنانەت ئەخلاقیش کاتێک قبوڵ دەکرێن کە شوێنکەوتوویی رەهایان لە ئاستی دیندا هەبێ. نەجمەدین رازی لە کتێبی (مرصاد العباد) بە راشکاوی دەنووسێ کە ئامانجی یەکەمی دین (پاککردنەوە ئەخلاق)نییە، پەیدابوونی ئەخلاق بەشێوەی کردارێکی سەربەخۆ، رەوتێک بوو کە لە ئەورووپا هاتەکایەوە، ئەو کارەش پیاوە ئاینییەکان نەیانکرد. بەمشێوەیە لە دین (سیاسەتی ئازاد) نییە، هونەری ئازاد، پەرەوەردەی ئازاد، بە دڵنیاییەوە ئازادی سیاسیش هەر نییە، کەسێک ناتوانێ ئازادی سیاسی هەبێ، ناتوانێ ئازادی هونەری هەبێ، ناتوانێ ئازادی پەروەردەیی و فیکری و ئابووری هەبێ.

## لە ئایدیالی تاکەوە بۆ ئایدیای ئاینی.

ئەوەی کە (موسڵمان)ێکی رۆشنبیر حەزی لە (ئازادی سیاسی) یان (ئازادی تاکەکەسی) یان (ئازادی هونەری)ە، بە گوێرەی راڤە کەسییەکانی خۆی بەو خاڵە دەگات کە ئیسلامی راستەقینە،

ئازادی سیاسی و هونەری .. هتد دابین دەکات، ئەمەش ئایدیالێکی کەسیی ئەوە، ئەو کەسانەی بەو ئایدیالە کەسییە لە یەک کۆدەبنەوە و ئیسلامی راستەقینە پێڕەو دەکەن بە هیوای ئەوەی کە ئازادی سیاسیان دەبێ، خۆیان فریو دەدەن (جگەلەوەش خەڵکی تریش فریوە دەدەن)، چونکە ئایدیای (یەکبوون-یەکتایی) کە ئایدیای سەرەکی ئیسلام و مەسیحیەت و جوولەکەییە، دەرەنجامەکانی خۆی بە پێی زەرورەتی لۆژیکییەکەی، بە بێ هیچ جۆرە لەبەرچاوگرتنێکی ئەو ئایدیالە کەسییانە دەخاتەڕوو و ئەو ئایدیالە کەسییانە پێشێل دەکەن.

بۆ ئەوەی بابەتی سەرەوە کەمێک رۆشنتر بێتەوە چەند رستەیەک لە وتارێکی ئەندازیار (**مەهدی بازرگان**)دێنمەوە کە لە درێژەی باسەکەماندا بەسوود دەبێ.

**ئەگەر دین سیاسەت نەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، سیاسەت دین لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە، یان دەیخاتە ژێر هەژموونی ئۆتۆریتەی خۆیەوە.**

**پەیوەندی سیاسەت بە دینەوە، نەک تەنیا پەیوەندییەکی بێلایەن و بێگانە و جودا نییە، بەڵکو سیاسەت کاری بە دینە و کارەکەی هەنگاوێک بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە نییە، مەسەلەی بوون و نەبوون یان مردن و ژیانە... یان دەبێ بیخاتە ژێر رکێفی خۆی و کۆنترۆڵی بکا، یان لەناوی ببا، کە هەردووکیان لە لایەن دینەوە یەکێکە...**

**سیاسەت هاوسنوورە لەگەڵ دین و سنووریش لەبەرچاو ناگرن. دەبێ یان سیاسەت زاڵ و حاکم بێ بەسەر بیروباوەڕ و دین و**

**بڕواکانی خەڵک و ئامانجە نەتەوەییەکان و دین نابووت بکات، یان دەبێ دین زاڵ و حاکم بێ بەسەر سیاسەت و بیگرێتە دەست. هەڵبەتە ئەگەر دین زاڵ بێت، سیاسەت لەنێو نابات- دین نەک تەنیا لەگەڵ سیاسەت، بەڵکو لەگەڵ هەموو کاروبارەکانی ژیان و لەگەڵ جیهانیش سنووری هاوبەشی هەیە، بەڵام سنوورێکی تاکلایەنە، دین خۆی لە ئەخلاق و سۆز و سیاسەت هەڵدەقورتێنێ و ئامانجدار و ئاراستەداری دەکات، بەڵام ئەوان نابێ خۆیان لە دین هەڵقورتێنن- دین لەسەرترە لە سیاسەت و زاڵە بەسەر سیاسەت و حکومەت و نە کلکی ئەوانە و نە لە ریزی ئەوانیشە)**

هەر لەو شێوانەدا دەتوانین ئاماژە بە نووسینەکانی (شەریعەتی و تالەقانی و موتەهەری و رەجەوی) بکەین، بەڵام مشت نمونەی خەرواره و بابەتێکی تازە نییە، بەڵکو هەمان بنەمای یەکبوونە، هەموو ئەوانەی بە تەواوی لێ هەڵدێنجرێن.

## هاوێرکردنی سیاسەت لە دین

هاوێرکردنی سیاسەت لە دین، واتە (ئازاد و سەربەخۆکردنی سیاسەت لە دین)، ئەمەش لە تێڕوانینی موسڵمانێکی دیندار واتە رووخاندنی دین، جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین، بۆ ئەو دیندارەی کە بڕوای بە یەکبوون هەیە، ئەو مانایەی هەیە کە دین، یەکبوون و گشتگیربوونی خۆی لەدەست دەدات. بەمشێوەیە نابێ دین سەروکاری لەگەڵ سەراسەری مرۆ هەبێ، ئەگەر ئێمە سەرکەوتوو بین لەوەی دین لە سیاسەت جودا بکەینەوە، دەسبەجێ هەموو هۆکار و کاروبارەکانی

تریش هەوڵ دەدەن هەمان کار بکەن، ئەوکاتە هونەر دەیەوێ لە دین جودا بێتەوە، فکر و فەلسەفە هەوڵ دەدەن خۆیان لە دین دابڕن، ماف دەیەوێ خۆی لە دین بقرتێنێ و سەربەخۆ بێ، ئابووری دەیەوێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، خۆی بینا بکاتەوە و بەرژەوەندی چینایەتی و دەستە و تاک ببنە بنەمای کارکردن، نەک خێری دوارۆژ. بەمشێوەیە لەپڕ دین لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئەوانە یەک لەدوای یەک لەدەست دەدا، ئەو کاتە دین دەبێتە حاڵەتێکی (تەواو تایبەت و تاکەکەسی مرۆڤەکان)، دەبێ دین دەسەڵاتدارییەتی خۆی لەسەر هەموو ئەمانە لەدەست بدات، دەسەڵاتی دین لەو حاکمیەتەدایە کە بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا هەیەتی. بە لەدەستدانی ئەو حاکمیەتە، هەبوونی دین دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە دین کاتێک هەیە کە دەسەڵاتی هەیە، تا ئەو کاتەی کە حکومەت دەکات، جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین واتە خستنە مەترسی دین هەروەها بینیمان، دین ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک بەرگەی ئەو پرۆسەیە بگرێ.

بۆ دینداریی، پرسەکە دوو لایەنی هەیە، یان دەبێ دین سیاسەت بکاتە پاشکۆی خۆی، یان سیاسەت دەبێ دین بکاتە پاشکۆی خۆی، بازرگان بە راشکاوی دەڵی کە پاشکۆبوونی دین، لەناوچوونی دینە، بەڵام شەرم دەکا هەمان قسە سەبارەت بە سیاسەتیش بکا، کە پاشکۆبوونی سیاسەتیش بۆ دین، لەناوبردنی سیاسەتە، بەڵام نەبوونی راستگۆیی زانستی ئەو، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چاوی خۆی لە بەرانبەر دەرەنجامێکی وەها روون دابخات و بڵێ (دین

دەبێ زاڵ بێ بەسەر سیاسەت و حاکم بێت و بیگرێتە دەست، هەڵبەت ئەگەر دین زاڵ بێ سیاسەت لەنێو نابات) ئەو کەسەی کە راستگۆییە زانستییەکەی بە قوربانی بەرگری لە باوەڕەکەی دەکا، میلەتێک دەگەیەنێتە هەڵدێرێک کە سیاسەت لە لایەن دینەوە بە گشتی تەفروتونا کراوە. بەڵام هێشتا ئەو کارەساتە نابێتە پەندێک بۆ ئەوانی دیکە، بەڵکو ئەوانیش دەیانەوێت بە درێژەپێدان بەم شێوازە حکومەتێکی ئیسلامی بینا بکەن کە (دین بەسەر سیاسەت زاڵ و حاکم بێ، کە دین زاڵ بێت بەسەر پەروەردە و فێرکردندا، کە دین زاڵ بێت بەسەر فکر و بیرکردنەوەکاندا) هێشتا نایانەوێت ئەو دەرەنجامە باوە ببینن کە لە ساتەوەختێکی وەهادا، دین، سیاسەت و هونەر و ماف و فەلسەفە و کەلتوور لەنێودەبات و هیچ رێگەی تری نییە جگە لە نابووت کردنیان.

لە تێڕوانینی دیندا، جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین، وەدیهێنانی سیاسەتی ئازاد، یان جیاکردنەوەی هونەر لە دین، وەدیهێنانی هونەری ئازاد، یان جوداکردنەوەی فەلسەفە لە دین، وەدیهێنانی فەلسەفەی ئـازاد، واتـە لەنێوبردنی (گشتگیری)و بەدڵنیاییەوە لەنێوبردنی (یەکبوون)ە. هەر شتێک کە بانگەشەی (یەکبون) دەکـات، بە پێی زەرورەت هەموو شتەکان لە خۆیدا کۆ دەکاتـەوە، پاساو بۆ هەموو شتێک دێنێتەوە و راڤەیان دەکات. (جیهانبینی)، ماناکەی هەر ئەوەیە کە فکرێک یان ئایدیایەک، هەموو شتێک لەخۆیدا هەڵدێنجێ و ئاراستەی دەکات. بە هەبوونی یەک (جیهانبینی) مرۆ

مافی دەستێوەردانی لە هەموو شتێکدا هەیە، بە مافی راڤەکردن و پاساو هێنانەوە، ماف بەخۆی دەدات دەست لە هەموو شتێک وەربدات، مافی دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنی لە هەموو شتێک هەیە. ئەو کەسەی هەموو شتێک راڤەدەکات، دەیەوێ هەمو شتێک بگۆڕێت. چونکە (یەکبوون) لەسەر بنەمای دەسەڵات بنیات نراوە، (یەکبوونی هەر جیهانبینییەک) بەرەو پەیوەندی فەرمانڕەوابوونی خۆی بەسەر جیهاندا پەلکێش دەبێ. رەتکردنەوەی (گشتگیریی) دەسبەجێ (یەکبوون)یش رەت دەکاتەوە.

لێرەوەیە کە خاڵی تێڕوانینی دین، بە جوداکردنەوەی سیاسەت لێی، ئیتر ناتوانێت (پەیوەستبوونی رەها) لە مرۆ داوا بکات، چونکە پەیوەستبوونی رەها (ئیمان یان تەسلیم)تەنیا کاتێک دەلوێ کە ئایدیایەک یان فەلسەفەیەک یان دینێک(گشتگیریی)هەبێ. لەمڕووەوەش لەنێوان هەموو شێوەکانی سۆسیالیزم، مارکسیزم لەهەموویان سەرکەوتووتر بوو، چونکە دەیتوانی پەیوەستبوونی رەها (ئیمان و تەسلیم) بۆخۆی رابکێشێ، چونکە وەڵامی هەموو دیاردە و شتەکانی دەدایەوە. لێرەوە کە (پەیوەستبوونی رەها)ی تاکەکان لە ئاست دینێک یان یەک ئایدیۆلۆژیا، بیەوێ یان نەیەوێ زاڵبوون و فەرمانڕەوابوونی رەهای دین (یان یەک ئایدیۆلۆژیا) لە ئاست هەموو تاکەکاندایە، بە دڵنیاییەوە دین، بە سستبوونی (پەیوەستبوونی رەها) هەموو دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدا. مرۆ لە دین یان یەک ئایدیۆلۆژیادا، دەیەوێ پێویستیی خۆی بۆ وەدیهێنانی (پەیوەستبوونێکی رەها) تێر بکا،

کاتێ کە دین یان ئایدیۆلۆژیا، شمولییەتی خۆی لەدەست بدات، ئیتر ناتوانێت وەڵامی ئەم پێویستییە بداتەوە.

ئێمە بە بانگەشەی (جودایی سیاسەت لە دین)، دین پەلکێش دەکەین بۆ جیهادێک بۆ ئەو ململانێیەی کە بۆ (بوون و نەبوون) و (ژیان و مردن)ە. چونکە دینداریی لە دەسەڵاتی رەهادا (هەیە)، بەبێ دەسەڵاتی رەها (نییە). نابێ بە هیچ شێوەیەک پێتوابێ دینداریی یان دیندار و مەلا لە دڵەوە وەڵامی قسەیەکی وەها بدەنەوە. هیچ کەسێک ئامادە نییە (هەبوون)ی خۆی لەدەست بدات، ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتی هەبوونی دینە. پێویستە هەمیشە دەسەڵات (وەربگیرێ) هیچ کەسێک ئامادە نییە دەسەڵاتی خۆی لەدەست بدا و ئەم دەسەڵاتەش یەکسانە بە (هەبوون)ی دین. **ئێمە بە داواکردنی (جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین) داوا لە دین دەکەین کە خۆی بە دڵی خۆی و بەڕازیبوونی خۆی، خۆی بکوژێ.**

## کارلێکی پەیوەندییەکان

(یەکبوون) لە هەر شتێکدا، هەمیشە پەیوەندییەکانی خۆی لە (فەرمانڕەوا و شوێنکەوتوو) تێدەگات و کاتێ کەسێک بووە شوێنکەوتوو (لەنێودەچێ) و بەمشێوەیە، فرەیی لەنێودەچێ، لەمڕووەوە پرسەکە بۆ دین هەمیشە بەمشێوەیە دەخرێتەڕوو: ئایا دین دەبێ پاشکۆی سیاسەت بێت یان سیاسەت پاشکۆی دین بێت؟ ئایا دین دەبێ پاشکۆی فەلسەفە بێت یان فەلسەفە پاشکۆی دین بێت؟ ئایا دەبێ هونەر پاشکۆی دین بێت، یان دین پاشکۆی هونەر؟

دین، باسی (جودایی هیچ شتێک لەخۆی)ناناسێ، بۆ دین، هیچ شتێک لە دین جیا نییە، بەڵکو هەموو شتێک تەنیا پاشکۆ و شوێنکەوتووی دینە، جیابوونەوەی هەر شتێک لە دین، ڕەتکردنەوەی یەکبوون و فەرمانڕەوایی دینە. دین بەرگەی جیابوونەوەی هیچ شتێک لەخۆی ناگرێ. هەموو شتێک دەبێ پاشکۆی بە ماریفەتی دین بێ تا (فرەیی لەناوبچێ).

وەدیهێنانی یەکبوون، پێوستی بە(لەنێوبردنی هەموو فرەیی)ێکە، هیچ شتێک مافی جیابوونەوە و سەربەخۆبوونی لە دین نییە، چونکە جیابوونەوە واتە هەمەجۆری، هەمەجۆری واتە پلۆرالیزم، پلۆرالیزم واتە هاوبەش پەیداکردن، هاوبەش پەیداکردن واتە ڕەتکردنەوەی یەکبوون. هەربۆیە دین و دیندار و مەلا، بەو جیابوونەوەی ئایدیۆلۆژیاییە ڕازی نین. لە دین بە گشتی (نەک تەنیا لە توێژی زانایانی دینی و بیرکردنەوەی مەلایانە) سیاسەتی ئازاد، هونەری ئازاد، پەروەردەی ئازاد، بیرکردنەوەی ئازاد، ئابووری ئازاد، ئەخلاقی ئازاد، بوونی نییە (هەڵبەتە کە ئەم قسەیە لەبارەی هەموو بیروباوەڕە یەکبوونییەکان و نادینییەکانیش هەر ڕاستە، هەر سیستمێکی یەکبوونی فکری، هەر جیهانبینییەکیش هەمان بانگەشە دەکات).

ئەمە تایبەتمەندیی خودی دینە، جا مەلاکان بچن، دەستەیەکی دینی دیکە حکومەتی ئیسلامی بە هەر شێوە و لەژێر هەر ناونیشانێکدا دروست بکەن، ئەم تایبەتمەندییە خۆییە گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. ئاینی ئیسلام بەبێ ئەو تایبەتمەندییە خۆییە، بوونی نییە. لەمڕووەوە

کە ململانێی ئەمڕۆی ئێمە، ململانێ نییە تەنیا لەگەڵ مەلاکان، بەڵکو گۆڕەپانی ئەو ململانێیە پانتاییەکی زۆر فراوانتری هەیە.

لە ئازادیدا، لە لایەک سەربەخۆیی تاکەکان و گروپەکان و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان (سیاسەت، دین، هونەر، فەلسەفە...) پەسەند دەکرێ و لە لایەکی تر پەیوەندی نێوان تاکەکان و گروپەکان و فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، (کارلێکی کاریگەرییەکان)ە. هەمیشە لە بواری دەروونییەوە چەمکی (هۆکارییەتی) پشت قایمە بە (فەرمانڕەوا و شوێنکەوتوو). هۆکار، بە مەرجی هەبوونی بەرهۆ دادەنرێت. هەربۆیە، هۆکار، هەمیشە (زاڵ)ە بەسەر بەرهۆدا، بەرهۆش هەمیشە (شوێنکەوتوو)ە. لە چەمکی (هۆکارییەتی)دا، چەمکی (سەربەخۆیی) لەنێودەچێ. هەموو ئەو راڤانەی کە لەسەر بنەمای (هۆکارییەتی) بنیات نراون و لە مێژوو و کۆمەڵدا بۆ رەتکردنەوەی سەربەخۆیی و ئازادی پەلکێش دەبن. بەمشێوەیە (کارلێک) چەمکێکە کە لەسەر پەسندکردنی (سەربەخۆیی و تاکایەتی) وەستاوە. دوو بوونی سەربەخۆ، پەیوەندییەکەیان (کاریگەری بەرانبەر)ە. بۆ وەدیهێنان و مانەوەی ئازادی لە کۆمەڵدا، دەبێ پەیوەندییەکان بگۆڕدرێن بۆ (کارلێک). دەبێ مێژوو و کۆمەڵ لە چەمکەکانی وەدیهاتوو لە (کارلێک)دا راڤە بکرێن، نەک لە گوتراوی هۆکارییەتی و ژێرخان و سەرخان کە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکارییەتی. ئەگەرنا بە هۆکارییەتی و ژێرخان و سەرخان، پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدارییەتی و شوێنکەوتوویی و یەکبوون دەمێنێتەوە. هەموو زنجیرە پەیوەندییەکانی هۆکاریی، لە

لایەنی مانابیەوە بە (تاکە هۆکار و یەکەم هۆکار) کۆتاییان دێ، ئەو کۆمەڵگایەی کە بە گوێرەی چەمکی هۆکارییەتی و ژێرخان و سەرخان راڤە دەکرێ، هەموو پەیوەندییەکانیان بە یەک (سەرۆک یان دەستەی سەرۆکایەتی) کۆتاییان پێ دێ، ئەمەیە زەرورەتی لۆژیکی یەکبوون (چەمکی خلقەتیش وەکو چەمکی هۆکارییەتییە). بە پەسەندکردنی (سەربەخۆیی) و بە دڵنیاییەوە (فرەیی)، پەیوەندییەکان تەنیا دەتوانن (کارلێک)بن، لە پانتایی هۆشیاریی مرۆ، ناوی ئەو ئاڵوگۆڕەی کاریگەرییە هەمان (لێکتێگەیشتن)ە.

سیاسەت، هونەر، فەلسەفە، ئەخلاق، ماف، ئابووری، جودان لە دین، هەر کامیان سەربەخۆن و هیچ کامیان پەیوەندی هۆکاریی و بەرهۆییان پێکەوە نییە، بەڵکو پێکەوە لە کارلێکدان، سیاسەت و دین، رێک بەهەمان هۆکار کە سەربەخۆن، کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە و دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتریش. هەروەکچۆن فەلسەفە یان هونەر جودان لە سیاسەت یان ئابووری، بەڵام ئاڵوگۆڕی کاریگەرییان هەیە لەگەڵ یەکتریدا. جودایی بەو مانایە نییە کە هەموو فاکتەرەکان پێکەوە نامۆن، هەموویان بە شێوەی جیا لەناو یەکتر هەن و هەر کامیان کاری خۆیان دەکەن.

جودایی ئەوە نییە کە بەها دینی، ئەخلاقی، سیاسی، هونەری و ئابوورییەکان کار لە یەکتری نەکەن و نەیانەوێت کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبێ، یان نەیانەوێت کاریگەریی یەکتری قبوڵ بکەن. ئەگەر جودایی بەو مانایە بێتە فامکردن کە ئەمانە لە یەکتری دابڕێن و

هەر کامیان بەڕێگەی خۆیاندا بڕۆن و هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر یەکەوە نەبێ، تێگەیشتنێکی وەها لەگەڵ واقیعییەتی کۆمەڵایەتی و مێژووییدا ناگونجێ و هیچکات شتێکی لەوجۆرە لە جیهاندا روونادات، مەبەست لە جودایی ئەوەیە کە ئەو فاکتەرانە لەدەست بدەن کە دەبنە هۆی فەرمانڕەوایی و شوێنکەوتوویی، پەیوەندیی هۆکارییەتی و بەرهۆیی لەگەڵ یەکتر بپچڕێنن، پەیوەندی ژێرخان و سەرخان لەگەڵ یەکتر لەدەست بدەن، ئەگەرنا بە مانەوەی ئەو پەیوەندییە، دەکرێ دین لەنێو ببات و لە سیاسەت جودای بکاتەوە، بەڵام هۆکارێکی تر لەگەڵ هەر ئەو بانگەشەی یەکبوونە، جێگەی دین دەگرێتەوە و داوای هەمان دەسەڵاتی رەها دەکات، وەک ئەوەی لە دونیا روویداوە.

## ئایا دین پرسێکی تایبەت و تاکەکەسییە؟

بە جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین و جوداکردنەوەی هونەر لە دین و فەلسەفە لە دین و ... کە بەدوای یەکدا روو دەدەن، ئەو کاتەیە کە دین دەبێتە کایەیەکی تایبەت بە تاک. بەڵام دین لە ماهیەتی خۆیدا (پەیوەندی تاکێک بەخودا )وە نییە، بەڵکو (پەیوەندی تاکەکانە پێکەوە لە ریگەی خودا )وە. ئەمە خودایە کە هەموو تاکەکان لە بوونی خۆیدا پێکەوە دەبەستێتەوە. خودا دەبێتە خاڵی پەیوەندی هەموو مرۆڤایەتی پێکەوە. من لەگەڵ ئەوی دیکە بەهۆی خوداوە پەیوەندیم هەیە. دین هەمیشە کایەیەکی کۆمەڵایەتی بووە تەنانەت ئەو کاتەی محەمەد بە بتپەرستانی مەککە دەڵێ ئێوە بۆ بتپەرستیی دەکەن؟ وەڵام دەدەنەوە (ئەم بتانە ئێمە بەیەکەوە دەبەستنەوە، وابەستەیی و خۆشەویستی

لەنێوانماندا وەدی دێنن). سەیرکردنی دین وەکو کایەیەکی تایبەت و فەردی، واتە لەناوبردنی ماهیەتی دین، ناتوانرێ دین بەم مانایە لە سیاسەت، هونەر، فەلسەفە، ئابووری جودا بکرێتەوە، کە سیاسەت یا هونەر یا ئابووری و فەلسەفە، کایەی کۆمەڵایەتی بن و دین تەنیا کایەیەکی تایبەت و فەردی بێ.

بەڵام چونکە خودا (گرێی پەیوەندی)ە و کەوتۆتە نێوان هەموو وابەستەییە فەردی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، بەستراوەیی رەهای دەوێ، بە واتایەکی تر، دەیەوێ پەیوەندی نێوان مرۆکان، تەنیا و تەنیا (پەیوەندییە ئاینییەکان) واتە (پەیوەندی بەهۆی خوداوە) بێ. هەموو پەیوەندییەکان دەبێ لە پەیوەندی ئاینیدا کورت بکرێنەوە. هەموو پەیوەندییەکان دەبێ بگۆڕدرێن بۆ پەیوەندی ئاینی. هەموو پەیوەندییەکان، پەیوەندی بەهۆی خوداوەیە. هەموو پەیوەندییەکان لە ماهیەتیاندا ئاینین. هەروەک مارکس دەڵێ: هەموو پەیوەندییەکان، پەیوەندی مادی و ئابوورین. ئەم یەکبوونی پەیوەندییە، رەتکردنەوەی هەبوونی پەیوەندییەکانی ترە.

لە کاتێکدا (سیاسەتی ئازاد) رای وایە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا، (پەیوەندی ئاینی)یش دەتوانێ لە نێوان (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تردا)هەبوبێ. خەڵک لەگەڵ یەکتری پەیوەندی جۆراوجۆریان هەیە. پەیوەندیی فرە لە نێوان دوو مرۆڤدا هەیە، ناکرێ پەیوەندییەکان لە یەک پەیوەندیدا کورت بکرێنەوە. هەروەکچۆن کە من لەگەڵ کەسێکی دیکە تەنیا و تەنیا پەیوەندی (مادی و ئابووری)م نییە،

هەر بەو جۆرەش پەیوەندی من لەگەڵ ئەوی دیکە تەنیا و تەنیا بەهۆی خوداوە یان پەیوەندی ئاینی نییە.

هیچ کات دین نابێتە پرسێکی تایبەت و تاکیەتی، بەڵکو دەتوانرێ بە هەوڵ و خەباتێکی فرە بکرێت بە (بەشێکی پەیوەندییەکانی هەموو مرۆکان). بەڵام ئایندار لە تێڕوانینی خۆیدا، ملکەچی شتێکی لەوجۆرە نابێ، چونکە ئەو دەیەوێ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان تەنیا و تەنیا بگۆڕدرێت بۆ (پەیوەندییەکی تاقانەی دینی). لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دیندار تەنیا دەتوانێت لەگەڵ دیندارێکی وەکو خۆی، پەیوەندی دینی هەبێت، تەنیا یەک جۆر پەیوەندی بۆ کەسی دیندار هەیە، ئەویش پەیوەندی دینداریی‌یە، هەموو پەیوەندییەکان لە دیندایە. ناتوانێ پەیوەندی لەگەڵ کافرێک یان موشریکێک دروست بکات، موشریک و کافر گڵاون. چونکە تەنیا یەک پەیوەندی کە ئەویش پەیوەندی دیینە مافی ئەوەی هەیە کە لە نێوان مرۆڤەکاندا بوونی هەبێت و لەگەڵ موشریک و کافر، ناکرێ پەیوەندییەکی لەوجۆرە دروست بکرێ، کەواتە دەبێ یان یارۆ کافرەکە لەنێو ببرێ (بکوژرێ) کە ئامادە نییە پەیوەندییەکی لەو جۆرە دروست بکا، یان دەبێ دەست هەڵگرێ لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵیدا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دین دەیەوێ هەمو پەیوەندییەکان لە پەیوەندییەکی رووتی دینی کورت بکاتەوە.

لە ئازادیدا، پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ، پەیوەندییەکی فرە و جۆراوجۆرە و هیچکات نابێ ئەو فرەییە و جیاوازی پەیوەندیی، کورت

بکرێتەوە بۆ یەک جۆر پەیوەندی. دوو کەس تەنیا پەیوەندی سیاسیان پێکەوە نییە. دوو کەس تەنیا پەیوەندی ئابوورییان نییە، دوو مرۆڤ تەنیا بەهۆی (بەرژەوەندی هاوبەش)یەکەیانەوە بەیەکەوە پەیوەست نین. دوو مرۆڤ تەنیا بەهۆی (کلتوری هاوبەش)یان پەیوەست نین بە یەکەوە. دەبێ فرەیی و جیاوازیی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەبێ، بۆئەوەی ئازادی هەبێ. بەڵام دین دەیەوێ ئەو پەیوەندییە لەنێو ببات و کورتی بکاتەوە لە یەک پەیوەندی یان بیکاتە پاشکۆی پەیوەندی ئاینی کە ماناکەی هەمان لەنێوبردنە. کاتێ کە من تەنیا دەتوانم هاموشۆ و هاوڕێیەتی یەکێک بکەم کە هاودینی منە یان تەنیا بەرژەوەندیی چینایەتیم لەگەڵیدا هەیە و یا... ئازادیم پێشێل کردووە. فرەیی و جۆراوجۆری لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکاندا بەیارێکی بەپیتە کە سیاسەتی ئازاد، هونەری ئازاد، ئەخلاقی ئازاد، بیرکردنەوەی ئازادی لێ شین دەبێ، ئەو کەسەی ئەو فرەییە لەنێو دەبات، دوژمنی ئازادییە.

# دابڕکردنی دین له سیاسەت

دابڕ کردنی دین له سیاسەت له ئیسلامدا، بەمانای رەتکردنەوە یان لەنێوبردنی ئیسلامە. وەکچۆن له کۆمۆنیزمدا دابڕ کردنی سیاسەت له ئایدیۆلۆژیا، رەتکردنەوەی کۆمۆنیزم و لەناوبردنیەتی.

لەبنەڕەتەوە بانگەشەی (تاقە راستیی) لەسەر دوو بنەما وەستاوە کە دەرەنجامی زەروری و راستەوخۆیەتی: یەکێک ئەوەیە کە (تاقە راستیی)، گشتایەتی هەیە (گشتگیرە) ئەوی دیکە ئەوەی (تاقە راستیی)، پاوانکراو و نایابە، هەر راستییەک، ئەو بڕوایەی هەیە کە سەرتاسەری شتەکان دەگرێتەوە، ئەو بانگەشەیە تەنیا بانگەشەیەکی (مەعریفی) نییە. بانگەشەی ئەوەی کە (هەموو مەعریفەتەکان لەودایە)و لەوەوە سەرچاوە دەگریٚ، پەیوەستە بە بانگەشە و بیروباوەڕی ترەوە. کاتێکە (تاقە راستیی) هەموو شتێک دەگرێتەوە، بۆی هەیە خۆی له هەموو شتێکیش هەڵقورتێنیٚ، هەڵبەت کە (تاقە راستیی)، بە شێوەی رواڵەتی راستەوخۆ بنەمایەکی تریش پەسەند دەکات، ئەویش ئەوەیە کە (مەعریفە)ی ئەو، هەمان (بوون)ە، واتە راستیی ئەو هەمان (واقیعیەت و سیستمی سروشت و بوونی مرۆڤ و کۆمەڵ)ە.

بەڵام لەو شوێنەی کە عەینیەتییێکی وەها، بوونی نییە، بتەویٚ یا نەتەویٚ، لادانێک له نێوان (ژیان و کاروباری مرۆڤایەتی) لەگەڵ

ئەو (تاقە راستیی)یە دروست دەبێ. بەڵام ئەو (تاقە راستیی)یە، ئەرخەیانە کە ئەو ناکۆکییە، لادانێکە و ئەوە مرۆڤە دەبێتەهۆی لادان لە راستیی. یا ئەوەی کە مرۆڤ ئەو (تاقە راستیی)ەی (کە دەبوایە لە سروشتی دابوایە) لەبیری کردوە، یان ئەوەی کە دەزانێ و بەئەنقەست سەرکێشی لێ دەکات. هەربۆیە، (تاقە راستیی)، مافی خۆیەتی بە بەکارهێنانی هەر کەرەسەیەک تەنانەت ئەگەر توندووتیژیش بێت، بیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتەکەی کە هەمان (تاقە راستییە). ئەوەی کە دین و ئایدیۆلۆژیاکان، ئەو بانگەشەی (تاقە راستیی)یان هەیە، خۆهەڵقورتاندن لە سیاسەت (یەکێکە لە زەرورەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان) بە بەشێک لە رەگەزە جیانەبووەکانی خۆیان دەژمێرن، دابڕانی دین یان ئایدیۆلۆژیا لە سیاسەت، رەتکردنەوەی خودی (تاقە راستیی)یە. داواکاریی دابڕکردنی دین لە سیاسەت، مانای وایە کە ئێمە داوا لە دیندار و لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیا بکەین کە بە دڵی خۆی وازبێنێت لە (تاقە راستیی و نایابەکەی) خۆیان و نکۆلی لە راستیی خۆی بکات. داواکارییەکی وەها، دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە موسڵمانێک، باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئیسلام راستییەکی تاقانە نییە، چونکە بۆ موسڵمانان، ئەو شتەی کە (تاقە راستیی) نییە، راستیی نییە، بە دڵنیاییەوە داواکارییەکی وەها، داواکارییەکی گێلانە و بێسوودە. وشەی (لا اله الا الله) ماناکەی ئەو (یەکبوونی راستیی)ە، ماناکەی ئەوەیە کە راستیی کاتێ هەیە کە تاک و تاقانە بێ.

بانگەشەی (پاوانکراو بوون)یەکەمین دەرەنجامی ڕاستەوخۆی (تاکە ڕاستیی)ە، چونکە ڕاستیی، هەموو شتێک دەگرێتەوە و لە هەموو کەیوان و مێژووی مرۆڤ بەرچاو دەکەوێ، کەواتە هەر بیروباوەڕ و فکری دیکە، نەک تەنیا هەڵەیە، بەڵکو (داپۆشینی ڕاستی= کفر)ە و (لادانی بە ئەنقەست لە ڕاستیی) و (سەرکێشی پێچەوانەی ڕاستیی)ە. هەڵەکردن چەمکێکە کە لە (تاقە ڕاستیی) بە کردەکی پەسند ناکرێ، هەڵەکردن فەلسەفەیەکی تری هەیە. لە (تاقە ڕاستیی) هەڵە پەسند ناکرێ، ئەم (بانگەشەی تاقانە بوونی ڕاستیی) تەنیا بە (بانگەشە) نامێنێتەوە، بەڵکو هێنانەدی بانگەشەی پاوانکردنە، شەڕخوازی و توڕەبوونە کە هەر (جیهاد)ە و ئەم دیاردەیەش هەم لە ئیسلامدا هەیە و هەم لە کۆمۆنیزم. لە مەسیحییەتیشدا هەیە، بە جیاوازی فێرکردنی (خۆشەویستی) ئەو ناسنامەی شەڕخوازی و تووڕەبوونەی تاقە ڕاستیی لەبەرچاو شاردۆتەوە، جۆرێک ئاڵۆزی دروست دەکات. ئایدیالی خۆشەویستی، فکری تاقە ڕاستیی دەشارێتەوە، بەڵام لەنێوی نابات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەهێز و توندتریشی دەکات، چونکە خۆشەویستی دەرەنجامی ڕاستییە. بتەوێ یا نەتەوێ دەبێ بۆ وەدیهێنانی خۆشەویستی زیاتر، نەستی تاقە ڕاستیی لە کۆمەڵگەی مەسیحییەتدا توندتر کرد. لەمڕووەوە، دژیەکیی لەنێوان خۆشەویست و ڕاستیی نەک تەنها بەجێ دەمێنێت، بەڵکو توندتریش دەبێت و هەرکاتێ کە تاقە ڕاستیی هەلی بۆ بڕەخسێ، خۆشەویستییەکە لادەبات، یان خۆشەویستی

وەکو کەرەسەیەکی بەردەستی خۆی بەکاردێنێ. ئەوەی کە بەردەوام ئایدیالە نایابەکانی مرۆڤایەتیان پێشێل دەکرد، هۆیەکەی ئەوەیە کە پابەندی تاقە راستییەکن و ئەو تاقە راستییەش لە سروشتی خۆیدا شەڕانگێز و تووڕەیە، چونکە تاک و تاقانەیە.

دیموکراسی، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە رواڵەتەوە دەبینرێ، باسێکی پوختی سیاسی نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی زۆر قووڵی هەیە کە دەبێ لە پشت پانتاییە سیاسییەکانەوە بۆی بگەڕێی. ریشەی چەمکەکانی بنەماکانی دیموکراسی، قووڵتر لە دروشمە کردەکییەکانی رۆژانەی سیاسەت و گفتوگۆکان و قسەوباسی بازاڕی سیاسەتە. دیموکراسی پشتی بەستوە بەو دانپێدانانە رواڵەتی و نەستیانە کە (تاقە راستیی) بوونی نییە و ئەگەریش بوونی هەبێ دەستی مرۆڤەکانی پێڕاناگا. لەبەرئەوەی دەستمان پێڕاناگا، نابێ دەستی لێ هەڵگرین، بەڵکو دەبێ بەردەوام لە هەوڵی بەدواداگەڕان و وەدیهێنانی ئەودا بین لە چوارچێوەی ئیمکاناتی مرۆییی، لەگەڵ وەدیهێنانی هەمیشە شکست بێنێت، بەلام هەر ئەو گەشەسەندنە، راستیی دروست دەکات و هەوڵی ئێمە، دەبێتە هەوڵێکی تاهەتایی.

بە دڵنیاییەوە لەگەڵ رەتکردنەوەی (تاقە راستیی) یان (دەستپێڕانەگەیشتی مرۆ پێی) لەوباوەڕەدایە کە راستیی، تەنیا و تەنیا نابێتە هی هیچ کەسێک. هیچ کەسێک ناتوانێت بانگەشەی خاوەندارییەتی تاک و تەنیای راستیی بکات. بە باوەڕێکی وەها رواڵەتیی، دیموکراسی هەوڵ دەدا لانی کەم (جیهاد) لە دونیای

سیاسی و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە و دواجار لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەدەرینێت و (ململانێ)ی بیرەکان لە جێی ئەو جێگر بکات.

تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان (ململانێ) و (جیهاد) بۆ رووبەڕوبوونەوە سیاسییەکان و چارەسەری ناکۆکییەکان پێویستە. جیهاد و ململانێی دیموکراسی عەرد و عاسمان جیاوازن، ناکرێ ئەم دووانە لە یەکتری بچوێندرێن. ئەو کەسەی جیهاد دەکات، هیچ لە ململانێ تێناگا. بەکارهێنانی وشەی (ململانێ) لە لایەن ئەو کەسانەی کە جیهاد دەکەن، لێکچواندی دوو دیاردەی جیاوازە بە یەکتری. وەکچۆن لە تاقە راستییدا، هەڵە نییە، ململانێیش نییە، تاقە راستیی، تەنیا (جیهاد) دەناسێ.

ئەو گومانکردنە (بە هەبوونی تاقە راستی) یان (بە ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنی راستیی)ە کە ریشەی دیموکراسی پێکدێنێ و هەر ئەو گومانکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆ، لەگەڵ ئەوەی کە خەبات دەکات بۆ بیروباوەڕەکەی، بەرهەڵستکارانی بیروباوەڕەکەی، داپۆشەرانی راستیی بە (کافر) یان لادەر لە راستیی (مونافق، مولحید، موفسید، مورتەد)بزانێ، بەڵکو هەوڵی هەموویان بە هەوڵێکی راستگۆیانە بزانێ کە لە تێڕوانین و رێگەی جیاواز بۆ گەیشتن بە راستیی ئەنجام دەدرێ. لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی دیکە و فکری دیکە راستگۆیانەیە، هەروەک هەوڵی راستگۆیانەی خۆی، جێگەی رێزیەتی. لەمڕوەوەیە کە هەر کەسێک، لەناو ململانێ لەگەڵ

بیروباوەڕێکی دیکە، دوژمنێکی دیکە نییە و لە ئاستی بیروباوەڕ و فکری ئەو (کراوەیی) هەیە. فکری ئەو (کراوە)یە. ئەو دەتوانێ لەگەڵ فکرێکی دیکە ڕووبەڕوو ببێتەوە و فکرێکی دیکە بە چەند گۆڕانکارییەک قبوڵ بکات و ئەم گۆڕانکارییەی فکری دیکە، لادان لە ڕاستیی نییە، بەڵکو سەربەخۆیی هەر تاکێک دەچەسپێنێ. فکری ئەو، تاقە ڕاستیی نییە کە جێگە نەدا بە هیچ فکرێکی دیکە و بە پووچ لەقەڵەمدان و بەدرۆ ژماردنی هەموو بیرویاوەڕەکان (جگە لە بیروباوەڕی خۆم) خۆی تێکبنێتەوە. ئەو کەسەی کە بڕوای بە تاقە ڕاستیی هەیە (لەنێوخۆیدا داخراوە) و (خزاوەتە نێو خۆی). کرانەوەی ڕۆحی و فکری نییە. چواردەوری دیوارە، ناتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکات، چونکە ئاڵوگۆڕی فکری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نییە. ئەوانی دیکە یان دەبێ قسەکەی خۆویستانە قبول بکەن یان بە ناچاری (بەزۆر) دەبێ قبوڵی بکەن.

بەڵام دیموکراسی، پێویستی بە لێکتێگەیشتن هەیە و لێکتێگەیشتن لەو کاتە دێتەدی کە کرانەوەی فکری هەبێ لەنێوان ململانێی ناکۆکەکاندا. ڕێزگرتن لە فکری یەکدی کاتێک ڕەخساوە کە مرۆ واز لە چەمکی (تاقەراستی) بێنێ و ئەگەری قبوڵکردنی فکرێکی دیکە بخاتە مێشکییەوە. من چ ڕێزێک بۆ فکری دیکە دادەنێم کاتێ کە فکرەکەی هیچ کات شیاوی قبوڵکردنی من نەبێ؟ ئەوە موجامەلەیەکی درۆزنانەیە. ڕێزگرتن لە فکری ئەوانی دیکە کاتێک مومکینە کە مرۆ، کراوە بێ. لێکتێگەیشتن تەنیا لە کرانەوەدا، وەدی

دێ. هەوڵی دیموکراسی بەو ئامانجەیە کە (پێکدادان و ململانێی فکرەکان) لە جێگەی (جیهادی باوەڕەکان) جێگیر بکات، جیهاد بۆ باوەڕ، ئەهریمەن لە دوژمنەکەیدا دەبینێ. باوەڕی ئەوانی دیکە بەردەوام درۆ یان داپۆشێنەری راستییە. جیهادی باوەڕ، بە مەبەستی یەکخستنی کۆمەڵگە واتە گرنگی بە (یەکخستنی باوەڕی تەواوی کۆمەڵگە)دەدات. دیموکراسی دەیەوێ (کۆمەڵگەیەکی لێکتێگەیشتوو) دروست بکات نەک (کۆمەڵگەیەکی یەکخراو). دیموکراسی نایەوێت هەمووان بخاتە سەر یەک باوەڕ، یان یەک ئایدیۆلۆژیا و دین یان بیانهێڵێتەوە لەسەر یەک بیروباوەڕ، چونکە هێشتنەوەی خەڵک لە یەک ئایدیۆلۆژیدا کارێکی جیهادی و شەڕانگێزی و تووڕەییانەیە.

کۆمەڵگەی لێکتێگەیشتوو، پەسندکردنی فرەیی باوەڕ و فکرەکانە. هەوڵ نادا کە خەڵک بەزۆر پەروەردە بکات و ریکلام بکات بۆ یەک باوەڕ یان بیەوێ بیانهێڵێتەوە لەسەر یەک باوەڕ، بەڵکو هەوڵ دەدا کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ ئەوەی کە هەموو تاکەکان بەردەوام باوەڕەکانیان بگۆڕن، هێشتاش ئەگەری لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا بوونی هەبێ. بەستراوەیی لە کۆمەڵگەی دیموکراسی لە پەیڕەوی کردن لە یەک باوەڕدا دابین نابێ، بەڵکو لە لێکتێگەیشتنێکی چالاک و ئەکتیڤی نێوان تاکەکانیان کە مافی گۆڕینی باوەڕیان هەیە دەستەبەر دەبێ.

لە جیهاد بۆ تاقە راستیی، لێکتێگەیشتنی دوو کەس بوونی نییە،

بەڵکو دەبێ یەکێک، باوەڕی ئەوی دیکە پەسند بکات و بێتە سەر باوەڕی ئەو، ئەگەریش نەیەتە سەر باوەڕی ئەو، دەکەوێتە خانەی ئەهریمەن و مولحید و کافر، لە حاڵەتێکی وەهاشدا جێبەجێکردنی توونددوتیژی نەک تەنیا ڕێگەپێدراوە، بەڵکو ئەرکی دینییە و خێریشە. هەر کەسێک لەگەڵی نییە دژیەتی، لەکاتێکدا دیموکراسی لە دوژمندا مرۆڤێکی دیکە دەبینێ، کە مافی خۆیەتی فکرێکی دیکەی هەبێ و ڕێگەیەکی تر هەڵبژێرێ. دیموکراسی، فرەیی پەسەند دەکات. کەسی دیکەش لە هەوڵدان بۆ راستیی لە ڕێگەی خۆیدا، راستگۆیە. (لێکتێگەیشتن لەگەڵ کەسانی دیکە و فکرەکانیان)، ئاشتکردنەوە نییە لەگەڵ ئەوی دیکە، نەرمی نواندن بە مانای خۆبەدوورگرتن یان بێدەنگی نییە لە بەرانبەر فکری یەکتری، خۆبەدەستەوەدانی باوەڕی دیکە یان پەسندکردنی تەواوەتی باوەڕی ئەوی دیکە نییە، ئەو باوەڕی خۆشی وەکو (دوایین راستیی) پەسند ناکا، راستیی خۆشی ئەگەری گۆڕانی هەیە. بەڵام تاقە راستیی (نابێ بگۆڕێ) ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوی موجاهید نەتوانێ ئەگەری گۆڕان بۆ تاقە راستییەکەی پەسند بکات. بەڵام خەباتکارێکی دیموکراتیک، دەستی بە راستییەکی وا راناگات، کە بەدوور بێ لە گۆڕانکاریی.

دیموکراسی، فرەیی فکر و باوەڕەکان، بۆ وەدیهێنانی کەشی لێکتێگەیشتن پەسند دەکات، نەک بۆ ئەوەی کە ئەو فکر و باوەڕانە لەتەک یەکتری و دوورەدەست بن بۆ یەکتری. هەر کەسێک مافی

خۆیەتی (خەبات) بکات لەپێناو فکر و باوەڕەکەی، بە هیوای ئەوەی بگاتە لێکتێگەیشتنێک لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەڵام مافی ئەوەی نییە پێ بنێتە گۆڕەپانی جیهاد، چونکە بە جیهاد، ڕێگەی لێکتێگەیشتن دادەخرێ و دیموکراسی ڕەت دەکرێتەوە. ڕەنگە ئەو تایبەتمەندییە بنەماییەی دیموکراسی، بە شێوەی نەستی لە ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرفراوان و بەهێز بوبێ، بەڵام تا چەمکە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی رەگی خۆی لە دڵدا دانەکوتابێ، دابڕینی دین لە سیاسەت نالوێ. کاتێ کە لە ویژدانی خەڵک دیموکراسی پەسند کرابێ، بانگەشەی تاقە راستیی (چ لە دین و چ لە ئایدیۆلۆژیای دیکە) زەمینە تەسکە بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکانی، بۆیە هێدی هێدی دەکشێتەوە. مرۆ هەست دەکا بەرگری لە دین یان ئایدیۆلۆژی بە مانا جیهادییەکەیەوە، لەبەرانبەر ئەوی دیکە حاڵەتێکی (دژە دیموکراتیی) بەخۆیەوە دەگرێ، ئەو لە سەرەتادا دەیەوێ دیموکرات بێ و هەر ئەو پێشکەوتنە دەروونیەی خۆی بۆ دیموکراتبوون، پاشەکشە بە تاقە راستیی دەکات، یان بە پەرەسەندنی دیموکراتی لە ویژداندا، جێ بە تاقە راستیی تەنگ دەکات.

مرۆ لە باسی ئایدیۆلۆژیای خۆیدا، هەست دەکات کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و لێکتێگەیشتن دەردەچێ. چونکە لە جیهاددا، هەمیشە بەرگری لە ئایدیۆلۆژیا و باس لەبارەی ئایدیۆلۆژیای خود، لە ناخیدا ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای و دینی ئەویدیکەیە. راستیی خۆی بەتاڵکەری باوەڕەکانی دیکەیە. خۆهۆشیاریی بەهێزی دیموکراسی،

(تاقە راستیی) لە بازاڕی کۆمەڵگادا بێ برەو دەکات، بەدڵنیاییەوە دابڕینی دین لە دیموکراسی بەزۆر نائاخندرێتە یاساوە، بەڵکو لە ویژدانی هەموو کەس وەدی دێ، بێ ئەوەی بیهێننە زمان.

لە ئێران بە پەیدابوونی حزبی کۆمۆنیست، بازاڕی (تاقە راستیی) دووبارە برەوی پەیدا کردەوە. کۆمونیزم بە چەمکی (جیهادەکەی) کە پشت ئەستوور بوو بە (تاقە راستییەکەی)، لە نوێوە کاریگەریی قووڵی کردە سەر کۆمەڵگەی ئیسلامی و برەوێکی تازەی بە جیهاد بەخشی. چەمکی جیهادی ئیسلامی، لە دەرەنجامی بەرفراوانبوونی کۆمۆنیزم، دیسان بە تایبەتمەندیی تازە و بە هەستکردنی شانازی تازەوە، سەربەرزانە هاتە بازاڕی کۆمەڵەوە. ئێمە کە هێشتا لە شۆڕشی دەستووریدا نیوە هەنگاوێکیشمان بەرەو دیموکراسی نەنابوو، کۆمۆنیزم ئاگری خستە تەنووری (جیهاد) و (تاقە راستیی)یەوە و تۆوی دیموکراسی کە تازە چێندرابوو، لەو ئاگرەی کۆمۆنیزم و ئیسلامدا سووتا.

چالاکییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکانی کۆمۆنیزم لە ئێران، یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکان بۆ زیندووکردنەوەی رۆحی شەڕانگێزیانەی جیهاد و تاقە راستیی و نەهێشتنی دیموکراسی لە ئێران، چونکە جەوهەری دیموکراسی کە پەسندکردنی فرەیی و (گومانکردن لەبارەی تاقە راستیی)بێ، بە هاتنی کۆمۆنیزم کەوتە لەرزەوە. لەبەرئەوەی کۆمۆنیزم بەرهەمێکی خۆرئاوایی بوو و متمانەی تایبەتی هەبوو بەهۆی خۆرئاوایی بونییەوە، بۆ مەلا و خوێندکارەکان بووە پاڵنەرێکی دڵخۆشکەر بۆ نوێکردنەوەی

خودهۆشیاری تاقە راستیی و جیهاد. کاتێ کە ئەوروپا شانازی بە تاقە راستیی و جیهادەوە دەکات، بۆ ئێمەش شانازی بە تاقە راستیی و جیهادەوە نەکەین. ئەگەر خۆرئاوا (جیهاد و تاقە راستیی) بەناونیشانی پێشکەوتن و نوێنبوونەوە پەسند دەکات، چما ئێمە شەرم لە (جیهاد و تاقە راستیی) بکەین؟ بەو تەرزە، دابڕینی دین لە سیاسەت کە دەیتوانی لە کەشێکی دیموکراسی شکڵ بگرێ، بەو کاردانەوەیەی دژی کۆمۆنیزم، کەشی دینیی رەوتێکی لە دژی دابڕینی دین لە سیاسەت پەیداکرد و ئیتر رێک هەر ئەو کۆمۆنیستانەی کە بلێسەی بانگەشەی قۆرخیانەی راستیی و جیهادیان هەڵکردبوو، داوایان لە زانایانی ئاینی وەکو بەنی سەدر و رەجەوی دەکرد تا دین لە سیاسەت دابڕن. قەل بە قەڵ ئەڵی رووت رەشە.

## ئەو ڕێگەیەی دەگاتە جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین

دینداریی، لەسەر جۆرێک بەستراوەیی تایبەت خۆی گرتووە، ناسینی ئەو جۆرە (بەستراوەیی)یە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئازادی و بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ سیاسەت پەیوەندیی هەیە. بەبێ ناسینی ناوەڕۆکی ئەو بەستراوەییەی دین، ناتوانین لە (پرسی جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین) تێبگەین.

بەستراوەیی دینی، (بەستراوەییەکی ڕەها)یە. ناوی بەستراوەیی ڕەها ئیمانە، هەڵبەتە بەستراوەیی ڕەها کە ئیمان بێ، تەنیا پەیوەست نییە بە دیاردەی دین. زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان و جیهانبینییەکان و تەنانەت (تیۆرە سیاسییەکان)، یان تیۆرە زانستییەکان یان قوتابخانە فەلسەفییەکان، هەر ئەو (ئیمان، کە بەستراوەیی ڕەها)یەیان دەوێ.

هەربۆیە، کاتێ کە باسی ئیمان دەکرێ، تەنیا باسی دینداران ناکرێ. ئیمان دیاردەیەکی گشتییە کە لە چوارچێوەی دین نامێنێتەوە. پرسی بنیاتیی سیاسەتی ئازاد و ئازادی سیاسەت و ئازادی بە شێوەیەکی گشتی ڕێک هەر ئەوەیە کە بە (بەستراوەیی ڕەها)وە ناتوانرێ (ئازادی) هەبێ.

باوەڕدار، کەسێکە کە (هەموو) هەست و سۆز و فکر و کردارەکانی و دواجار (تەواوی هەبوونی) بە تاقە شتێک بەستراوەتەوە

و ئەو بەستراوەییە گەیشتوەتە رادەیەک کە بەستراوەییەکە بە شێوەی (پەیوەندی)لەناوچوەوە و هەردووکیان وەکو یەکیان لێهاتوە، ئیتر باسێک نییە لە (پێکەوبوون) لەنێوان تاک و پێکهاتە ئیمانییەکەی (دین یان جیهانبینی ..)، بەڵکو یەکبوون هاتۆتە بەرهەم. تاک، لەوەبەدوا ناسنامەیەکی خۆی نییە، بەڵکو ناسنامەکەی هەمان بیروباوەڕییەتی. باوەڕەکەی نێوەڕۆکی ئەو دیاری دەکات. باوەڕدارێک بە بۆنەی باوەڕەکەیەوە هەیە، چونکە (ئیمان)ی هەیە، بوونی (هەیە). ئەو لە دەرەوەی ئیمان و باوەڕەکەی نییە. لەمڕووەوەش (یەکبوون)ی هاوباوەڕەکان و هاوئاینیەکان و خاوەنەکانی ئایدیۆلۆژیایەک زۆر پێویستە، چونکە ئەوان تەنیا هەبوونیان لە یەک شتەوە پێکهاتوە. هەڵبەتە (بەستراوەیی رەها) یەکسەر بوونی نییە. بەڵام بەرنامەی هەموو داواکارانی ئیمان، ئەوەیە کە پەیڕەوەکانی خۆیان بەرەو ئەو بەستراوەییە رەهایە پەلکێش بکەن و پەروەردەیان بکەن، هەر شتێکی تر، هەر فکر و حەزێکی دیکە کە (داوای بڕێکی زۆر کەمی ئەو هەست و سۆز و فکر و کرداری بوون)ە بکات، دەبێتە هەڤڕک و دوژمنی ئەم دین یان ئایدیۆلۆژیایە. (ئەوەی) بەستراوەیی رەها دەیەوێ، ناتوانێ بەرگەی هەڤڕک بگرێ. هەر (بێگانەیەک)، هەر (کەسێکی دیکە) بۆ ئەو، (هاوبەش و هاوڕک)ە.

هەموو شتێک جگە لەو کە هەست بە بوون دەکات، لە تێڕوانینی ئەودا، بەشێکی حەز و سەرنجی باوەڕدار دەیەوێ بۆخۆی کەمەندکێش بکات. هەر شتێک کە (هەیە)، (سەرنج)ی مرۆکان رادەکێشێ.

بەشێک لە هەست و سۆز و فکر و کردەکانی مرۆ بۆ خۆی پەلکێش دەکات. هەربۆیە، هەرشتێک، دەیەوێ لە هەست و سۆزی فکر و کردەکانی مرۆ کە دەبێ قۆرخیانە لە خزمەتی ئەو دینە یان ئەو ئایدیۆلۆژیایە یان ئەو جیهانبینییەدا بن، بڕێک بۆخۆی ڕاکێشێ و بڕێک بۆ خۆی ببات. هەربۆیە شتێک نییە کە (ئەویدی) نەبێ و شتێک نییە کە هەر بەهەمان هۆی (ئەویدی بوونی) هەڤڕک نەبێ. هەموو کەسێک دەیەوێ هاوبەش بێ لەو هەست و سۆز و سەرنج و ئەفکاری بوونی مرۆییە. بەڵام هیچ شتێ مافی بەشداری لەو هەست و سۆزەدا نییە. بەڵام چونکە (هەموو) شتەکان کاتێ (هەن) کە (سودێک)یان لە سەرنج وەرگرتبێ، حەز، فکر، خەیاڵ و کردارەکانی ئێمە، هەربۆیە هیچ شتێک جگە خودی(ئیمان) مافی ئەوەی نییە (بوون)ی هەبێ، هیچ شتێک مافی ئەوەی نییە داوای (ڕاسپاردنی هەست و سۆز و فکر و کردار و بوون) بۆ خۆی بکات، لەمڕووەوە باوەڕدار لە دونیایەکدایە کە هەموو شتەکان شەیتانین و هەموو شتەکان ئەو (دەسخەڕۆ) دەکەن و هەموو شتەکان (مەترسیدارن)، چونکە هەموو شتەکان بۆ خۆیانی پەلکێش دەکەن.

شەیتان دونیا جوان دەکات، بۆ ئەوەی مرۆ بۆخۆی کەمەندکێش بکات، ژن خۆی دەڕازێنێتەوە، تا پیاو بۆ خۆی کێش بکات، دونیا و ژیانی جەستەیی و مۆسیقا و سەما و شعر و حەزەکانی ژیان هەموویان خاوەنی ئەو (هێزە سحرییە و دەسخەڕۆکەر و فریودەر)ەن کە بە دڵنیاییەوە مەترسیدارن، هەموو ئەمانە، دەیانەوێ باوەڕدار بۆ

خۆیان (ڕاکێشن) و ودواجار بەشداربن لەو هەست و سۆز و فکر و بوونی ئەودا. هەموو دەیانەوێ ئەو بەخۆیانەوە مژوول بکەن، لە (ماف) دووری بخەنەوە. لەمڕووەوە هەموو ئەمانە فریودەرن. هەموو دونیا دوژمنی ئەوە. هەموو ئەمانە ئەو بە (مژوولبوونی بە تەواوی بەو بنەما سەرەکییە) بە لاڕێدا دەبەن، سیاسەت لە دینی لادەدا، هونەر لە دینی لادەدا، فەلسەفە لە دینی لادەدا.

(ئەویدی) بە مانای (بیانی- ناخۆیی) لێکدەدرێتەوە. (بێگانە) واتە ئەوەی دەیەوێ لەگەڵ ئەو تاقە بنەمایە کە هەموو ئیمان لەخۆیدا قۆرخ دەکات، هاوبەش بێت. لەمڕووەوە وشەی (غیرەت) تایبەتمەندی سەرەکی بوونی باوەڕدارە. ئەو تاقە بنەمایەی ئیمانیی، ئەو باوەڕە، ئەو جیهانبینییە، ئەو دینە، ناتوانێ بێگانە ببینیێت، چ بگا بەوەی لەگەڵیدا بسازێ. ئەو لە بنەڕەتەوە، بە هەبوونی (ناخۆیی) ڕازی نابێ. ڕاستییەک، جگە لەو ڕاستییە (نییە). خودایەک جگە لەو خودایە (نییە). فکرێک جگە لەو فکرە (نییە)، زانستێک جگە لەو زانستە (نییە) دینێک جگە لەو دینە (نییە)، فەلسەفەیەک جگە لەو فەلسەفەیە (نییە).

(بێگانە)بە شێوەیەکی گشتی و فکری ئەویدی، کرداری ئەویدی.. هەمویان (ناخۆیین) و بە دڵنیاییەوە (فریودەرن)، هەموو باوەڕدارەکان دەخەنە مەترسییەوە. نابێ لە سامان و بوون و هەست و سۆزەکانی باوەڕدار، زەڕڕەیەکی بەوی دی ببڕێ. تەنانەت نابێ بە(ڕوانینێک یان تیلەچاوێک کە بۆنی میهرەبانی لێ بێ) سەیری ئەویدی بکا.

کار، کردار، فکر، هەست، سۆز، هەموویان دەبێ چڕ ببنەوە لەو تاقە بوونە، لەو تاقە بنەمایە، لەو تاقە دینە، لەو تاقە راستییە.

لە کاتێکدا لە دیموکراسیدا هیچکات (ئەویدی) وەکو (بێگانە) لێک نادرێتەوە، مرۆڤێکی ئازاد، حەز و هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی دابەش دەکات. هەر شتێک، هەر (کەسێکی تر) مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی. ئەویدی هەیە کاتێ کە من ئامادە بم پەیوەندیم لەگەڵ ئەودا هەبێ. من لەگەڵ خەڵکانی ترم لە کۆمەڵگا و پێکەوەین، چونکە (پەیوەستین) پێکەوە. کەواتە ئێمە دەبێ حەزمان لە چارەی ئەوانی دیکە بێ، (تواناى بەستنەوە)ی خۆمان لە نێوان تاکەکان و پرسەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی دابەش بکەین. دەبێ ئەم (بەستنەوەیە)(راستەوخۆ) بێت. دیموکراسی، بەستەوەی راستەوخۆی مرۆڤەکانە پێکەوە. لە لایەک هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد، جیاوازن لەگەڵ یەکتری، واتە هەموویان بۆ یەکتری (ئەوی دیکە)ن، هەر تاکێک (ئەوی دیکە)یەکە مافی راکێشانی راستەوخۆی دەسەڵاتی منی هەیە. من پێوستە لەگەڵ ئەو لە (هەمان ئەویدیکەبوونەکەی)دا بەستراوەیی پەیدا بکەم. نەک ئەوەی لە یەکسانبوون لەگەڵ خودا یان دین یان ئایدیۆلۆژیایەک، ئەو (ئەویدیکە)بوونەی خۆی لەدەست بدات، ببێتە یەکێک وەکو ئەوانی دیکە، لەبەر خاتری ئەو دینە یان ئەو خودایە پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەم. بەستراوەبوونی من لەگەڵ ئەو لە رێگەی (خودا) یان لە رێگەی (باوەڕ)یان لە رێگەی (بەرژەوەندی هاوبەش)یان لە

ڕێگەی (یەکبوونی ئایدیۆلۆژیا)وە نییە، بەڵکو من بە ئەویدیکە خۆم دەبەستمەوە، چونکە ئەویدیکە، ئەویترە. ئەویدی، بێگانە نییە، ئەویدی، هاوبەشە لەگەڵم، چونکە هاوبەشە لە وابەستەیی من، لە هەستەکانی من، لە سۆزەکانی من، لە کارەکانی من و دواجار لە بوونی من. نەک ئەوەی ئەویدی هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مندا نییە، تەنیا چونکە ئێمە لەگەڵ خودا یان لەگەڵ دین یان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا وابەستەیی ڕەهامان هەیە، لە دەرەنجامی (یەکبوونی خود لەگەڵ ئەو) لە یەک (تەوەر و چەق) لەگەڵ یەکتری بەستراوەیی دروست دەکەین. جیاوازی (هاوبەشی) و (یەکبوونی) لەمەدایە.

لە دین و ئایدیۆلۆژیادا و بە شێوەیەکی گشتی لە ئیماندا هەموو (یەکبوون پەیدا دەکەن). هەموو خۆیان لەگەڵ باوەڕ و ڕەسەنایەتییان دەگونجێنن و لەم وابەستە ڕەهایەدا خۆیان ڕەت دەکەنەوە، چونکە هەموو لە یەک شت، ڕەتکراوە و تواونەتەوە و پێکەوە دەبنە یەکێک. لە کاتێکدا دیموکراسی (بەشداری تاکە سەربەخۆکان پێکەوەیە) کە پەیوەندییەکانیان ڕاستەوخۆ بەبێ نێوەندگیرە، پەیوەندییەکانی نێوانیان جیاواز و فرەیە. (وابەستەیی ڕەها) هەر جۆرە وابەستەییەکی ترە دەبێ لەنێو ببردرێ. لەمڕووەوە هەر جۆرە وابەستەییەکی تر دەبێ (پاشکۆ)ی ئەو وابەستەییە بێ. هەموو وابەستەییەکانی دیکە دەبێ لقێک بن لەو وابەستەییە. هەموو وابەستەییەکانی دیکە، دەبێ (بەهۆی) ئەو وابەستەییە ڕەهایە، بوونیان هەبێ. حەزکردن بە سیاسەت، حەزکردن بە ژیانی دنیایی، حەزکردن بە هونەر.. هەموویان دەبێ (بەهۆی)

دین یان ئایدیۆلۆژیا یان بنەما سەرەکییەکە بن. هیچکام لەو کاروبار و هۆکارانە کاروبارە کۆمەلایەتییەکان ناتوانن راستەوخۆ و بێ نێوەندگیر و بە شێوەیەکی رەسەن، حەزی ئێمە بۆ خۆیان راکێشن. هەر وابەستەییەکی دیکە، تا رۆڵی ئەو وابەستەییە رەها نەبێ، مافی بوونی نییە. سیاسەت، هونەر، فەلسەفە، مافەکان، کلتور، پەروەردە، تا ئەو کاتە جێگەی سەرنجن کە بۆ پاراستن و بەهێزکردن و مانەوەی دین یان ئایدیۆلۆژیا خزمەت دەکەن، ئێمە دەبێ هەر وابەستەییەکی دیکە بکەینە قوربانیی، لەکاتێکدا ئەو (وابەستەییە رەها)یە بکەوێتە مەترسییەوە. بۆئەوەی لەم (وابەستەیی رەها بەو تاقە بنەمایە) نەتوێنەوە و لەناو نەچن، هیچ جۆرە بەها و متمانەیەکی نییە. هەر شتێک لەم چوارچێوەیەی (وابەستەیی رەها بەو تاقە پرسە)، بەو (گشتەی کە هەموو شتێک دەگرێتە خۆی) بایەخی هەیە.

بەڵام ئازادی بە پێچەوانەوە، (سەرنجدان بە تاک) و بەها و متمانە بەخشین بە (شتێک لە هەمان ئەویدی بوونەکەی)دایە، نەک بۆ ئەوەی (پەیوەست بە گشتێک)ە. بەهادان بە بینینی شتێک و خوێندنەوەی تاک و رێزگرتنی تاک، بەهادان بە (تاقەبوونەکان) ئاشکراکردنی راستییەکان لە بچوکترین شێوەیاندا، بەهادان بە پەرەگرافێکی فکری، گرنگیدان بە رێکەوت، ناسینی رێکەوت وەک رەگەزی پێویستی ژیان و کۆمەڵ، هەموویان سەرنجی ئێمە بۆخۆیان رادەکێشن. هەموو شتێک لە هەمان تاکبوونیدا و لە هەمان ناکۆکییەکەیدا بێ نێوەندگیر، داوای عەشقی ئێمە دەکات، لەگەڵ ئێمە رووبەڕوو

دەبێتەوە. (ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر شتێک) لە تاکایەتی خۆیدا، لە دونیای ئازادیدا شکڵ دەگرێ. لە جیهانێکدا کە (بەستراوەیی ڕەها) فەرمانڕەوایە، ئێمە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بێ نێوەندگیر لەگەڵ شتەکان لەدەست دەدەین. عەشقی بەدواداگەڕان، وەکو ریسکێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی لە زنجیرە پێکدادانێکدا کە داماڵدراو لە هەڵە نییە، وەدی دێ. ئێمە بەهەڵە دادەچین، چونکە ڕێک (ناکۆکییەکان) نابینین و لەگەڵ هەر هەڵەیەکدا، توانای بینین و هەستیاری ئێمە لە (جیاوازی تێڕوانین)زیاتر دەبێ. پانتایی و جۆراجۆریی و بڕی ناکۆکییەکان لە واقیعیەت و تاک و کاروبارەکانی ژیان، زیاتر دەبن. ڕۆژبەرۆژ ناکۆکییەکان لە لایەنی چییەتی و چەندییەتی لە دونیا و ئەزموونەکانی ئێمەدا پتر دەبن. ئێمە زۆرتر و ئاسانتر ناکۆکییەکان دەئازمێنین و شتەکان و تاک و کاروبارەکان ڕۆژبەرۆژ جۆراوجۆرتر دەبن بۆمان. دونیای ئێمە بەرەو فرەیی دەڕوا.

(بەستراوەیی ڕەها) سۆزی فرە بەهێز و مەزنی دەوێ. لەمڕووەوە تەنیا گرنگی دەدات بە سۆزە مەزنەکان و ئەو سۆزانەی کە سەرتاپای ئێمە دەگرنەوە. دواجار سۆزێکی بنەڕەتی و بەهێز هەموو سۆزەکانی تر قووت دەدا و دەیانکاتە هاوڕەنگی خۆی. ناهێڵێت هەست و سۆزە باریک و ورد و نەرمەکان گەشە بکەن. بەڵام نەرمیی و هەست و سۆزەکانی مرۆ کاتێکە کە ئەم سۆزانە لە هاوجۆرەکانیاندا بەدەرکەون و ئەو جۆرە هەست و سۆزانە لە ناکۆکییەکانیان لە باریکایی و نەرمیی و جۆراجۆریاندا یەکتری بناسن و هێز لە یەکترەوە وەرگرن.

لە کاتێکی وەهادایە کە مرۆ رقی هەیە لەو هەست و سۆزە راست و درشت و گەورە و (سەرانسەری)انە.

لە سەردەمی ئێمەدا، دەروونناسی دەرەنجامی کەشفی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و ژیانە دەروونییەکەی نەبوو. دەروونناسی بە شێوەیەکی دیکە وەدەرکەوت: مرۆڤ، لە سەرنجدان بە سۆزە مەزن و درشت و سەرتاپگرەکانی خۆیدا رووی وەرگێڕاوە و سەرنجی داوەتە هەستە ورد باریک و نەرمەکانی خۆی و بەها و گرنگی بەم هەستانە دا. مرۆڤ دەستی بەوە کرد کە هەر لەو هەستە ناسک و نەرمانەی خۆی چێژ وەرگرێ. حەزکردن بە تاک، حەزکردن لە (کاروبارە کەمبایەخەکانی ژیان)، حەزکردن بە (باوەکان)، حەزکردن لە (شتە وردەکان)، حەزکردن لە (رابردوو و ئەوەی رادەبووریٚ) بایەخیان پەیداکرد. حەزکردن لەو بەستراوەییە کەمبایەخانە بە سامانی ژیان هاتە ئەژمار کردن. بەمشێوەیە (هەستە مەزن و درشت و قەبەکانی مرۆڤایەتی) کە سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەگرتەوە و هەموو هەست و سۆزەکانی تری وەپاش دەختەوە و دەبوونە سێبەر و گرنگی رابردووی لەدەست دەدا، مرۆ جۆری ناکۆکی دەروونی و رۆحی خۆی وەکو فرەییەکی دڵگیر و خۆشەویست، ئازماند و ناسی، هەر ئەمە بووە پێشەکییەک بۆ (مرۆڤناسی) و (دەروونناسی). چیرۆک و رۆمانەکان تانوپۆیەکەیان لەو هەست و سۆزە نەرم و ناسک و نەبینراوانە بوون. رۆحی مرۆڤ، لەژێر کۆتی (بەستراوەیی رەها) ئازاد بوو، کە تەنیا دەیهێشت سۆزێک سەرتاسەری سۆزەکانی تر بڕوخێنێ.

له رابردوودا کە دین، پێویستی بە سۆزی توونـد و خەست و یەکپارچە و سەرتاپاگر هەبوو، بایەخ نەدەدرایە نەرمی و ناسکی هەست و سۆزەکان. ئازادی، تەنیا پەیوەندی بە (دەربڕینی فکرەکان)ەوە نییە، بەڵکو ئازادبوونی هەزاران هەست و سۆزە لەژێر کۆتی هەستێکی چەوسێنەر و روخێنەر.

بەستراوەیی رەها، نەک تەنیا (ئـازادی فکری) رەت دەکاتەوە، بەڵکو (ئازادی هەست و سۆزەکانیش) رەت دەکاتەوە. مرۆڤ هەر هێندە پێویستی بە ئازادی فکر و دەربڕین هەیە، هێندەش پێویستی بە ئازادی (نیشاندانی هەست و سۆزەکانی) هەیە. ئازادی نیشاندانی هەست و سۆزەکان کە لە هونەرەکانی مۆسیقا- شعر- شێوەکاری- سەما شکڵ دەگرێ، لە ئازادی دەربڕین و بیروباوەڕ پێوستترە، چونکە نەبوونی ئـازادی بۆ (نیشاندانی هەست و سـۆزەکـان) لە جۆری رەنگاورەنگیاندا، گەورەترین مەترسی ژیانی تاک و کۆمەڵایەتی درووست دەکات. لەمڕووەوەیە کە ئێمە نەک تەنها (ئازادی سیاسەت لە دین)مان دەوێ، بەڵکو بەهەمان شێوە (جوداکردنەوەی هونەر لە دین)یشمان دەوێ، (جوداکردنەوەی کلتوور لە دین)یشمان دەوێ. هەست و سۆزەکانمان لە عەقڵمان پتر ئازار دەکێشن. عەقڵ، زمانی گوتنی هەیە، بەڵام هەست و سۆز، زمانیان گۆ ناکا. ئەوەی زمانی نییە پتر ئازار دەکێشێ. ئەم رۆژانە هەمووان دروشمی (جوداکردنەوەی هونەر لە دین)یان بە هۆشیارییەوە لەسەر ئاڵاکانیان نانووسن. تەنانەت نابێ هەست و سۆزەکانمان ببنە کۆیلە و خزمەتکاری سیاسەت.

ئەگەر سیاسەتیش بوە(بەستراوەییەکی رەها) لە کۆمەڵدا، هەست و سۆزەکان، لەژێر هەمان کۆت دەبن کە بەردەوام بوون و هەن. کۆت، کۆتە، جا چ دین بێت یان سیاسەت، چ ئایدیۆلۆژیا بێت و چ زانست.

تێکرووخاندنی (دیکتاتۆریەتی سۆزداری)و دابەشکردنی دڵبەستەییەکان لە ئاراستە جۆراوجۆرەکاندا، یەکێک لە خزمەتە مەزنەکان کە بە ئازادی کراوە، شعر و ئەدەبیات کردویەتی. بەبێ رزگاربوونی هەست و سۆزەکان لەم دیکتاتۆریەتە، ئەگەری (ئازادی سیاسی) نییە. شاعیر و نووسەرەکانمان، بۆ تێکشکاندنی ئەو دیکتاتۆرییە سۆزدارییە، بە نهێنی و بە ئاشکرا، سەدان ساڵ هەوڵیان داوە و تێکۆشاون، گەیشتوون لەو دەرەنجامەی کە بەبێ (ئازادی هەست و سۆزەکان)، جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین مومکین نییە. لێرەوەیە کە دەبێ سەرنجێکی یەکجار زۆرمان بۆ هونەر هەبێ. ئەوەی کە سەدان ساڵ تەنیا لە ئەستۆی شعر بووە، دەبێ لە هونەرەکانی تریشدا بە تایبەتی مۆسیقا و پەیکەرسازی و شێوەکاری دابەش بکرێ بۆ ئەوەی دیکتاتۆریی سۆزداریی لە دەروونی مرۆڤەکان دابرمێت. ئێمە پێوستمان بە شعر و پەخشانی ئازاد، بە مۆسیقای ئازاد، بە شێوەکاریی و پەیکەرسازی ئازاد هەیە، بۆ ئەوەی دڵبەستەییەکانمان لە بڵاوبوونەوەو هەمەجۆربوون و ناسکبوونی دیکتاتۆریی دەروونی هەڵوەشێننەوە کە (دیکتاتۆری سیاسی)ی لەسەر ئەودا داریژراوە. لێبوردنی (ئەوانی دیکە)، تاکەکان، فکرەکان، بیروباوەڕەکان، کاتێک وەدی دێ کە هەست و سۆزەکانی مرۆ لەژێر کۆتی سۆزی

فەرمانڕەوا و دەستڕۆیشتوو بێتە دەرەوە، لەجیاتی سۆزێکی یەکپارچە و زبر و نائارام، سۆزە ناسک و ورد و جۆراوجۆرەکان بتوانن شتی جۆراوجۆر و فرە لەخۆیاندا کۆ بکەنەوە.

جاران تاقە سۆزێک، بەستراوەیی و سەرنج و حەزی سنووردار دەکرد. دەیتوانی تەنیا یەک شتی خۆش بوێ، رقی لە هەموو شتەکانی دیکە دەبوەوە، یان بە چاوی سووک سەیری دەکرد، یان تەنیا بۆ وابەستەیی سەرەکی، وەکو (کەرەستە) بوون. بە تێکڕووخانی ئەو سۆزە چەوسێنەرە، کە ناوی ئیمانە، مرۆ باوەشی بۆ زۆرێک لە شتەکان دەکاتەوە و دەتوانێ راستەوخۆ دڵ بە هەزاران شت ببەستێ. مرۆ دەتوانێ مرۆڤی جۆراوجۆر تەنیا بەهۆی مرۆڤ بوونیانەوە پەسند کات و سۆزی ئیمانی پەیوەندییەکەی سنووردار ناکات بۆ تاقە پەیوەندییەکی دینی کە تەنیا بتوانێ پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ کەسێکی باوەڕدار و هاوبڕوا دروست بکات. بەستراوەیی بۆ (هاوباوەڕبوون) نییە، بەڵکو هەست و سۆزەکان، هەموو زنجیرەکانی خۆیان دەپسێنن و دەتوانن هەر کەسێک بە ناکۆکییەکانیەوە پەسند بکەن. ئەگەر مرۆڤ سەرتاپای خۆی رادەستی شتێک نەکات، بەڵام سامانێکی لێوانلێو لە هەست و سۆزی لە دەروونی خۆیدا دۆزیوەتەوە و مرۆڤی لە تاکبوونی خۆیدا دۆزیوەتەوە، هۆکارەکانی ژیان لە سەربەخۆییاندا، دۆزیوەتەوە، فکرەکانی لە ناکۆکی و هەمەجۆربوونیاندا خۆشدەوێ. ناکۆکییەکان بۆ ئەو، تایبەتمەندیی (بێگانەبوون)یان لەدەستداوە.

یەکتایی کە (یەکتا پەرستیی) و (یەکشت دۆستیی) و (رادەستبوونی پوختی یەک شت)بوونە، جۆرێک (تۆقان و بەربەرییەت و بەدەوی و هەستیی و سۆزداریی)لەگەڵ خۆیدا دێنێ. دەسەڵاتی سۆزداری هاوڕێیە لەگەڵ هەژاریی سۆز و ژیانی ناخ و کۆمەڵایەتیی. یەکتایی لە لایەنی سۆزدارییەوە، هەژارییێکە و لە ناوەڕۆکدا هۆڤیانەیە. دیموکراسی و(سیاسەتی ئازاد) بەبێ دیاریکردنی (بەستراوەیی رەها) نایەتە کایەوە. دیموکراسی و سیاسەتی ئازاد تەنیا دەتوانێ لەسەر بنەمای (هەست و سۆزی ئازاد) بینا بکرێ. ناتوانرێ سیاسەت لە دین جودا بکرێتەوە، مەگەر ئەوەی کە پێشتر دیکتاتۆری سۆزداریی و هەستیاری رووخابێ. دین و ئایدیۆلۆژی و جیهانبینی، (بەستراوەیی رەها)یان لە مرۆ دەوێ. مرۆڤ دەبێ سەرتاسەری هەبوونی، هەموو هەست و سۆزەکانی و هەموو تێفکرین و کردارەکانی، بخاتە خزمەت ئەو بەستراوەییەوە. هەربۆیە کەسێکی وەها ناتوانێت تەنانەت بەشێکی کەمیش لە هەست و سۆز و بیر و کردەوەکانی بەرەو فکرێکی تر یان باوەڕێکی یان هۆکارێکی تر ئاراستە بکات، مەگەر ئەوەی کە ئەو شتە بە تەواوی سەر بەو دینە یان ئایدیۆلۆژیایە یان ئەو جیهانبینییە بێ. بەم شێوەیە تەواوی هێز و هەست و سۆز و بیر و کردەوەکانی لە گرۆی هەمان ئەو تاقە شتەیە. هێزێک، سۆزێک، یان فکرێکی تر خەرج ناکا بۆ (فکرێکی دیکە) یان (باوەڕێکی دیکە) یان (هۆکارێکی دیکە) کە سەربەخۆ بێ و پەیوەندی بە تاقە شتەکەوە نەبێ. لە قۆناغەکانی رۆشنبیریدا، ئەو بیرانەی کە

زووتر دەتوانن بگۆڕێن، پەلکێش دەکرێن بۆ ئاراستەی جۆراوجۆر، قوتابخانە فەلسەفی یان زانستییەکان، فکرەکان پەلکێش دەکەن بۆ ناکۆکی و جۆراوجۆر بوون، سیاسەت لە جیهانی فکری لە دین جودا دەکەنەوە. بەڵام ئەم (چەوسانەوەی هەست و سۆزەکان) ماوەیەکی زۆر دوادەکەوێ و مەترسی لەو کەلێنەیە کە لە نێوان (فکری ئازادتر) و (هەست و سۆزە کۆنەپەرستییەکان) دروست دەبێ. ڕەنگە ئەم (دیکتاتۆرییە سۆزدارییە) جارێکی دیکە بیرکردنەوەی ئازاد بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لەگەڵ ئەوەی خۆنەویستانە مرۆڤ بەرەو پەسندکردنی قوتابخانەی فکری یان سیاسی تازە لێدەخوڕێ و کە وەکو تاکە (تاقە ڕاستیی) دەیەوێ حکومەتی ڕەهای عەقلی بەدەست بێنێ. یا ئەوەی کە دیسان تاکەکان بۆ ڕاڤەکردنێکی تازەی هەمان باوەڕە کۆنەکەیان لێدەخوڕێ کە تاڕادەیەک ڕواڵەتێکی ئازادی پێداوە.

هەتا ئەم (چەوسانەوە سۆزدارییە) نەناسرێت و لەبەر یەکتری هەڵنەوەشێندرێتەوە، جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین، کارێکی مەحاڵە. لەمڕووەوە جودا کردنەوەی سیاسەت لە دین تەنیا کاری سیاسەتمەداران و دروشمدانی سیاسی نییە، بەڵکو دەبێ بەردەوامتر بێت لەسەر (پەروەردەی هونەر) و (بیرکردنەوەی ئازاد)و ئەزموونی ڕاستەوخۆی هزرە ناکۆکەکان.

# شمشێری لار بەستراو

هەندێک دەڵێن: (لە تێکداندا، گروپێک شمشێری خۆیان لە دژی دین و پێغەمبەر و خودی خودا لار بەستووە و پێیانوایە ئەمڕۆکە هەلێکی باشە و پێویستە دین لەکۆڵ بکەنەوە).

ئەمڕۆ هەموو رۆشنبیران و سیاسەتمەداران پرسی (جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین) وەکو (گریمانە) و (ئاشکرا)دەزانن، پێیانوایە کە بە پەسندکردنی ئەو بنەمایە، پرسی جوداکردنەوەی سیاسەت لە دیانەت کۆتایی پێ دێت و دەبێ خەریکی کارەکانی تر بین. بەڵام ئەوەی کە هەموو رۆشنبیران و سیاسەتمەداران وەکو (گریمانە) و (ئاشکرا) دەیبینن، بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە مێژووی ئێمەدا، نەبوەتە (گریمانە) و (ئاشکرا). ئەم (گریمانە) و (ئاشکرا)یە لەوێوە دێ کە کتێبە سیاسییەکانی ئەوروپا، لەسەر ئەم گریمانەیە داڕێژراون. لەڕاستیدا (زانستی سیاسی) هەیە، چونکە سەربەخۆیە و دوورە لە دین. (سیاسەتی ئازاد) کاتێک هەیە کە سەربەخۆ بێت، زانست کاتێک دەست پێدەکات کە بتوانێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە بابەتێک بکۆڵێتەوە. هەربۆیە لە جیهانی خۆرئاوادا ئەم جوداییەی (زانستە سیاسییەکان)و(زانستە یاساییەکان)و(سیاسەتی ئازاد)، گریمانەیەکی ئاشکرایە. بەڵام لە سەرەتای مێژوویانەوە، گریمانە و ئاشکرا نەبووە.

له سەرەتای سەدەی شازدەیەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم، پتر له چوارسەت سالْ، مەزنترین بیرمەند و نووسەر و شاعیران و مافپەروەران و سیاسەتمەداران و هەموو توێژە ئازادیخوازەکان توندترین خەباتیان کردوە بۆ (بەدنیایی کردنی حکومەت)(سکۆلاریزە) واتە(جوداکردنەوەی حکومەت و سیاسەت له دین). بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە ئێمە بە (گریمانەی ئاشکرا) لێکێدەدەینەوە، واقعیەتێکی کۆمەڵایەتییان (دروست کرد).

ئێمە هیچ کات ناتوانین (جودایی سیاسەت له دین) وەکو (گریمانە) و(ئاشکرا)یەک، بکەین بە واقعییەتی کۆمەڵایەتی خۆمان. (سیاسەت) بە بێ ئەو خەباتە، هەر نایەتە دی، چ بگا بەوەی بگاتە (سیاسەتی ئازاد)و(ئازادی سیاسی).

ئێمە ناتوانین ئەو (خەباتە بە ئازار و تاڵە)ی چوار سەد ساڵی ئەوروپا تەنیا بە (گریمانە دانان)و(ئاشکرابوونی ئەو)له مێژووی خۆمان دابېرین و لەبیرمان بچێتەوە. سیاسەت دەبێ له خەباتێکی زۆر توند و درێژ، ئەو سەربەخۆییەی خۆی له دین، (بەدەست بهێنێت). دین، هیچ کات ناهێڵێ (سیاسەتی سەربەخۆ و ئازاد) دروست ببێ.

ئەگەر چاوێک بە نووسینەکانی بازرگان و ئەوانی دیکە دابخشێنین، ئەو خاڵە بە تەواوی دەناسین. من چەند رستەیەک له قسەکانی بازرگان بە نمونە دێنمەوە تا نووسینەکەم روونتر بێتەوە: (ئەگەر دین، سیاسەت نەخاتە ژێر رکێفی خۆی، سیاسەت دین تەفروتونا دەکا، یان دەیخاتە ژێر هەژموونی خۆی، چونکە ناتوانێ کارێکی تر بکات...

یان سیاسەت دەبێ زاڵ بێت بەسەر بیروباوەڕی خەڵک و بکرێتە ئامانجی نەتەوەیی و دین تەفروتونا بکات، یان دین دەبێ زاڵ بێ بەسەر سیاسەت ودەسەڵات بگرێتە دەست، هەڵبەت ئەگەر دین زاڵ بێت، سیاسەت تەفروتونا ناکات).

ئەگەر واز لە (دەرەنجامی موجامەلە)ی بازرگان بێنین، دەرەنجامی لۆژیکی و چەمکی سەرەکی وەرگرین، ئەمەیە کە دەبێ دین سیاسەت بکاتە پاشکۆی خۆی، یان تەفروتونای بکات، چونکە بەپاشکۆکردن جۆرێکە لە تەفروتوناکردن. ئەمە تەنیا بیروباوەڕی خودی بازرگان نییە، بەڵکو دەرەنجامی راستەوخۆی (تاقە راستیی)و(گشتگیربوونی دین)ە، کە ئەگەر نەشیانەوێت بە گوێرەی پێویستی رۆژیش ئەم ئەنجامە وەرگرن و نەیانەوێت بگەنە ئەنجامێکی وەهاش، بەڵام ئەم ئەنجامە لە بینای فیکریی دیندا دەمێنێتەوە و تەنیا چاوەڕوانی هەلی گونجاوە، تا ئەو ئەنجامە بهێنێتەدی، تا ئەو ئەنجامە وەرنەگرێ، مەترسییەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. کاتێ کە ئەنجامەکە وەربگرێ، ئیتر فاتیحەی سیاسەت و ئازادی خوێندراوە. چونکە ئەنجامی یەک بنەما، هەندێجار چەندین سەدە دوای سەقامگیری خودی بنەماکە، دەردەکەوێ و دەبێتە فەرمانڕەوا.

یەکێک لە عەیبە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیستەکان هەر ئەو بیرکردنەوەی پراگماتیکی ئەوانە، پراگماتیک بوون، لەگەڵ هەموو باشییەکانیدا، عەیبێکی هەیە کە هەموو حسێبەکانی لەسەر دەرەنجامە نزیک و زۆر نزیکەکانی دەکاتەوە، (باشترین نمونەی

سیاسەتی ئەمریکایە کە زادەی هەمان ڕۆحی پراگماتیکی ئەوانە).

ئێمە ناتوانین خۆمان لە بەرزی ئەو ململانێیەی کە بۆ جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین دەبێ ئەنجامی هەبێ باز بدەین، چونکە ئەو پرسە (لە ئەورووپا چوارسەد ساڵ درێژەی کێشاوە). بەداخەوە خەڵکانی ئێمە ئەو باڵەیان نییە کە ئەو مەسەلانە وەکو عارفە بەرزەفڕەکانی خۆمان بخەینە ژێر باڵەکانمان و لە وڵاتی ئازادی بنیشینەوە تا دەستمان بە وەها ململانێیەک پیس نەبێ. هەڵبەت کە ئەو ململانێیە، بەتەنیا کاری سیاستەمەداران و بەڕێوەبەرانی سیاسی نییە. کاری سیاسەتمەدار کارێکی ترە. سیاسەتمەدار کە بنەمای بیرکردنەوەکەی لێکدانەوەی (دەسەڵاتە هەبووەکان)ە لە کۆمەڵ و ئاشتکردنەوەی نێوان ئیمکاناتە هەبووەکانە، ناتوانێ ئەو کارە بکات. نمونەی ئەم کارە، هەر ئەو دەستوورەی شۆڕشی مەشورتەی ئێرانە کە سیاسەتمەدارەکانی ناچار کرد سازش بکەن لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی مەلاکان و (بنەمای چاودێری زانایان)یان پەسند کرد، بەم شێوەیە (یەکبوونی لۆژیکی) دەستوور بە گشتی ڕەت بووەوە و دژییەکیی لۆژیکی دەستوور دەرگای بۆ هاتنی کۆماری ئیسلامی خستە سەر پشت. سیاسەتمەدار بە تەنیایی ناتوانێ ئەم کارە بکا. تا ئێستا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، ئەم کارە کەوتۆتە سەر شانی سیاسەتمەداران. لە کاتێکدا کارێکی لەمجۆرە لەدەرەوەی توانا و پانتایی دەسەڵات و ئیمکاناتی سیاسەتمەدارێکە. ئەمە چاوەڕوانییەکی بێهودەیە کە سیاسەتمەدارێک بتوانێ بە (پەسندکردنی مادەیەک لە دەستوور)

یان بە سەپاندن و توندوتیژی، سیاسەت لە دین جودا بکاتەوە. بەڕای من ئەو خەو خەیاڵەی رۆشنبیرانی ئێمە، چاوەکان لە (پانتایی و بەرەی ململانێ)بە لاڕێدا دەبات. مەبەستی من لە وتارەکانم ئەوە نییە کە (ریشەی دین هەڵکێشم)، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەڕاستی رۆشنبیران تێبگەیەنم کە پرسەکە بنەماییتر و قووڵترە لەوەی کە وێنای دەکەن، ناتوانرێ ئەم ململانێیە بخرێتە (**کەوانەی لەبیرچوونەوە یان پشتگوێخستن یان گرفت دروستکردن بۆی**) جوداکردنەوەی سیاسەت لە دین (بەرهەمی ئەو ململانێیە)دەبێ. ئێمە بە دانانی (گریمانە)یەک، لە شێوەی (مادەیەک، یان بەندێک لە دەستووردا) چارەسەری ئەو پرسە ناکەین. چ بمانەوێ یان نەمانەوێ دەبێ شەرم و ترس وەلاوەنێین و بۆ ململانێیەکی لەو جۆرە بچینە گۆڕەپانەکەوە. جگە لەمەش، پێکهاتەی بیرکردنەوە رەسەنەکانمان، لە ململانێیەکی لەمجۆرەدا دێتەکایەوە. ململانێ لەگەڵ یەک فکر یان ئوستوورە، ناوەڕۆک و ئاراستەی جولەی فکری مرۆ دیاری دەکات. ململانێی چوارسەتساڵەی ئەوروپا لەگەڵ مەسیحییەت (نەک بۆ نەهێشتنی مەسیحییەت) پێکهاتەی هەموو فەلسەفە و بیردۆزی یاسایی و کۆمەڵایەتی سیاسی و پەروەردەیی و هونەرییەکانی ئەوروپا دیاریکردوە. ئێمە فەلسەفەی خۆمانمان نییە، چونکە ململانێ لەگەڵ ئیسلامدا ناکەین. هۆمانیزم و فەلسەفەی ئەوروپاییەکان (کانت، فیشتە، شگل، فویرباخ، هیگڵ، مارکس) هەموویان لە دەرەنجامی رووبەرووبونەوەی وەها ململانێیەک وەدیار کەوتن.

هەمیشە ڕەتکردنەوەی شتێک، دەبێتە هۆی پەیدابوونی شتێکی دیکە لە فکردا. ئاراستەی ڕەتکردنەوەی شتێک، ئاراستەی پەیدابوونی شتێکی دیکە دەستنیشان دەکـات، ئێمە بەبێ ململانێ لەگەڵ بیرکردنەوە ئیسلامییەکان، بیرکردنەوەی ڕەسەنی خۆمانمان نابێ. بیر و ڕۆح و کەلتوور و هونەری ئێمە لەم ململانێیە دێتەگۆڕێ. ئازادی ئێمە کاتێک مەیسەر دەبێ کە (خۆمان ئـازاد بکەین لەو بیرەی کە دەسەڵاتی ڕەهای هەیە بەسەرماندا). ئێمە بە خواحافیزیکردن لە ئیسلام و خودا و پێغەمبەری ئیسلام، یان بە لەبەرچاونەگرتن و چاوپۆشین لێیان، ئازاد نابین. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە ناخدا باوەڕمان بە ئیسلامی هەموانیش نەبێ، ئەم بیرکردنەوانە دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر بچوکترین و شاراوەترین هەست و سۆزەکانمانەوە هەیە. ململانێی فکری، بەراوردکردنی لۆژیکی دوو فکر لە مێشکدا، بە شێوەی بابەتی و بێلایەنانە نییە. بەڵکو ئەو فکرەی کە دەسەڵاتی بەسەر ئێمەدا هەیە، ناهێڵێ هیچکات بەراوردێکی وەها بابەتی و لۆژیکی شکڵ بگرێ.

بەڵام چەند وشەیەکیش بۆ ئەوە بێنمەوە کە بۆ (شمشێری خۆم بۆ کەسی دیاری خودا) لار بەستوە. ئەمڕۆکە ئەو کەسەی کە دەچێتە پای باسی (دەسەڵاتی سیاسی)، دەچێتەوە سەر ئەو کتێبانەی کە پەیوەستن بە (زانستە سیاسییەکان)، ئەو کارە باوە، دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئێمە لەبیرمان بچێتەوە کە لە ڕابـردوودا باسی (دەسـەڵات) بە گشتی و (دەسەڵاتی سیاسی) بە تایبەتی لە کام کتێبدا باس دەکرا.

باسی دەسەڵات لە تەوەری (یەکتایی) دەهاتەگۆڕێ.

نەفرەت لە تیۆلۆژی (زانستی خودایی) بوە هۆی ئەوەی کە دیدی ڕۆشنبیران لە بەرانبەر ئەو واقیعیەتە داخرا. ڕۆشنبیران پێیوانوابوو کە یەکتایی، مشتێ باسی میتافیزیقی و پووچ و بێ مانایە.

ئێمە دەبێ بزانین کە سەدان ساڵ بەڵکو هەزاران ساڵە خەڵکیان لە (بیرکردنەوەی ڕاستەوخۆ لەبارەی دەسەڵاتەوە) بەدوور خستوەتەوە. زۆربەی کات لە شوێنێک باسی دەسەڵات دەکرا کە ڕاستەوخۆ ئیشی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیەوە نەبوو. ئێمە سەدان ساڵ بێ ئەوەی هۆشیار بین و ئاگامان لێ بێ باسی دەسەڵاتمان لە زەمینەیەکدا دەکرد کە بچوکترین بۆچوونمان لەبارەیەوە نەبوو کە لەوێوە لەگەڵ (سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی)یەوە خەریکین. باسی خودا و دەسەڵاتی خودا، باسی سیاسەت و دەسەڵاتە. باسی یەکتایی، باسی سیاسەت بوو لە یەکتاییدا، سەرتاپای تەوەرەکانی دەسەڵات تەواو دەبوون، بێ ئەوەی کەسێک لە بابەتە سەرەکییەکە تێبگات. بێ ئەوەی بچوکترین جەسارەتیان هەبێ بۆ (نوێکردنەوەی دەسەڵات)و(ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات). چەمکی دەسەڵات لە دوایین پوختی خۆیدا و لە دوایین ڕادەی ناونانەکەی لە باسی یەکتایی خوداییدا وەدیار دەکەوێت، ئێمە بچوکترین هەستیشمان پێ نەدەکرد، کە هەر ئەو دەسەڵاتەیە کە دواتر لە چاوتروکانێکدا دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسەت و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ خودا هەیبوو، بەبێ هەستکردن بە بچوکترین مەترسی یان نیگەرانی پەسندمان کردبوو.

یەکتایی لە ئیسلامدا چڕبوەتەوە لە سێ تەوەری بنەڕەتی:

١. زانست.

٢. ویست.

٣. دەسەڵات.

ئەم سێ باسە لە یەک جیانەکراوەن و پێکەوە دێنەگۆڕێ. بەو مانایەی کە دەسەڵات دەرەنجامی ویستە و ویستیش پشتبەستوو بە زانستە. زانست، بناغەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی خودایە. خودا لە هیچ کام لە دینەکان لە شێوەی رەها و داماڵراو لە هەموو شتێ ناخرێتە بەرچاو. بەڵکو هەمیشە بە (شێوەیەک)، لە رێگەی نێوەندگیرەکەی (پێغەمبەرەکەی) دەبێتە بابەت. بەبێ ئەو (نێوەند)ە هیچ کات ناخرێتە بەرچاو. لە ئیسلامدا بابەتی خودا بۆ پێغەمبەرەکەی (بابەتێکی دەسەڵاتی)ە. ئیسلام بابەتی هەبوونی مەسیحییەت رەت دەکاتەوە، بەڵام بابەتی دەسەڵاتی ئەو پەسند دەکات. چەندە (گوێڕایەڵ)ی (خودا) بی، دەبێ هەمان هێند و بە هەمان شێوەش(گوێڕایەڵ)ی پێغەمبەرەکەی بی. بەمشێوەیە بە پەسندکردنی ئەم یەکسانییە، دەسەڵاتی خودایی هەمان دەسەڵاتی پێغمبەرەکەیە (بەدڵنیاییەوە هەمان دەسەڵاتی رێبەر و زانایانیشە). لەمڕووەوەیە کە رێبەران دەڵێن کە سەرەتامان محەمەد، ناوەڕاستمان محەمەد، کۆتاییمان محەمەدە. چونکە هەموویان خوازیاری هەر ئەو یەکسانییەی دەسەڵاتن لەگەڵ خودا. لێرەوەیە کە ئەوەی ئێمە لە دیدی تیۆلۆژیکی و خەیاڵاتی و ئایدیالیستی دەیبینین، باسێکی تەواو (بیردۆزێکی سیاسی)یە. ئێمە

لە باسی (یەکتایی)دا، لەگەڵ پرسێکی تەواو سیاسی رووبەڕووین و لە بەرانبەر کەسی دیاریکراوی خوداین. ئەوەی کە بە بێ چەندوچوون لە ڕێزلێنان یان ترس و بەپیرۆزکردن و خۆشەویستی، بۆ ئەو پەسند دەکەین، لە چاوتروکانێکدا لە هەمان یەکسانیی دەسەڵات لە یەکسانیی شوێنکەوتوویی، دەگوازرێتەوە بۆ ئەوی دی.

بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئەم سێ پرسەی یەکتایی، بە تەواوی پرسی سیاسین، ئاماژەیەک بە دیموکراسی دەدەم. لە دیموکراسی هەر ئەو سێ تایبەتمەندییە، دەبنە بناغەی بینای دەسەڵات:

١. ئیمکانی مەعریفی راستەوخۆی مرۆڤ.

٢. ویستی نەتەوەیی.

٣. فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی نەتەوەیی.

لە یەکتاییدا بە دانەپاڵی زانست بۆ خودا (خودا زانست فێری مرۆڤ دەکات)، مەعریفەی راستەوخۆی مرۆڤ رەت دەکرێتەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ مەعریفەی راستەوخۆی هەبێ، ڕێبەری خودایی دەبێ فەرمانڕەوا و ڕێنیشاندەر بێ. (تیۆری فەرمانڕەوایی و ڕێبەریی) لەسەر بنەمای هەمان (زانستی پسپۆرییەتی خودایی) دانراوە. ئەم زانستە، دواتر بە شێوەیەکی شاراوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەوانەی کە خودا هەڵیاندەبژێرێ. هەربۆیە دەستڕاگەیشتن بە زانست بە شێوەی راستەوخۆ لە مرۆڤەکان وەردەگیرێتەوە. بۆیە ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی خۆمان، پێویستە(ئیمکانی مەعریفەی راستەوخۆ)مان هەبێ و بۆ خاوەندارییەتی ئەگەرێکی وەها، لەگەڵ پێغەمبەر و

ئیمامەکان و کەسی دیاریکراوی خودا پەیوەندیمان هەبێ. (ئیمکانی مەعریفەی راستەوخۆی سیاسی) وەرگرتنەوەی (مافی پسپۆرایەتی کەسێک) نەهێشتنی گەیشتنە بە مەعریفەی حەقیقەت. ئەو پرسە گاڵتە هەڵناگرێ و ناکرێ بە سازان و موجامەلە تێپەڕێندرێ. یان ئەم یان ئەو. شتێکی نێوان دوو شت نییە، ئەو کەسەی ئەگەری وەرگرتنی ئەم زانستەی هەیە، فەرمانڕەوایی و سەربەخۆیی هەیە، کەسێک کە ئەگەری وەرگرتنی ئەو زانستەی نییە، شوێنکەوتوو و پاشکۆ و کۆیلەیە.

هەر ئەو پرسەش لەبارەی ویستەوە دێتە پێشەوە. مرۆڤ وەکو سەربەخۆ سەیردەکرێ. مرۆڤ وەکو سەربەخۆ وەردەگیرێ کاتێک (ئیرادەی ئازاد)ی هەبێ و پرسێکی نێوان دوو پرس بوونی نییە. هەروەها دەسەڵات کە هەر ئەنجامی ئەم زانست و ئیرادەیەیە، پرسی نێوان دوو پرس نییە. لا حول ولا قوة الا بالله. هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خودا دەگەڕێتەوە. هیچ کەسێک سەرچاوەی دەسەڵات نییە، تەنیا (بە نێوەندگیری ئەو) دەتوانرێ دەسەڵات هەبێ. کەواتە خەڵک، ناتوانن ببن بە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتە سیاسییەکان.

لە دینی ئیسلامدا، باسی دەسـەڵات، دابـەش دەبێت بۆ دوو بەش. بەشی یەکەم (باسی یەکتایی)یە. سەرتاپای پرسەکانی دەسەڵات لەو بەشەدا دەخرێنەڕوو، پرسەکە تەنیا لە دەوری خودا دەخولێتەوە. دەسەڵات لە پانتاییەکدا دەخرێتەڕوو کە چوونە ناوی حەرام کراوە و پیرۆزە. بە جوداکردنەوەی ئەم بەشە، کە بۆ ئێمە ناونیشانی تیۆلۆژی

هەیە و لە روالەتدا جگە لە بێهودەییەکانی میتافیزیق شتێکی تر نییە، پرسی دەسەڵات لە پوختی و تەواوییەت و ناونانی خۆیدا باس دەکرێ. باشیی ئەو دابەشکردنە ئەوەیە کە تا ئەو شوێنە پرسی دەسەڵات پەیوەندی بە خوداوە هەیە، هیچ کەسێک دژی نییە و ناتوانێ رەخنەی لێ بگرێ. هیچ کەسێک جەسارەتی (تازەکردنەوەی دەسەڵاتی خودا)ی نییە. بەرفراونکردنی (دەسەڵاتی رەها) لە لایەن تیۆرییەوە و لە پوختییەکەی لەم بەشەدا دەلوێت. بەشی دووەم، باسی نێوەندگیری و پێغەمبەرایەتییە. باسی (پەیوەندییەکی یەکسان)ە. ئەم (نیشانەی یەکسانییە) وەکو (سویچ)ە کە دەبێ لێبدرێ تا یەکسەر ئەو دەسەڵاتەی لە یەکتاییدا دیاری کرا، بگوازرێتەوە بۆ (نێوەندگیر). بە دانانی ئەو (نیشانەی یەکسانی)یە، بە لێدانی ئەو (سویچ)ە، دەسەڵاتی رەها یەکسەر دەگاتە مرۆڤێک. لەمڕووەوە باسی سیاسی و دەسەڵات، لە دەرەنجامی (پساندنی لە یەکتری)، (دابڕینی کەسی دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی رەها) دەبێتە شتێکی درک پێنەکراو. جیاوازیی نێوان تیۆرە سیاسییەکانی ئەمڕۆ و بیرکردنەوەی دینی ئەمەیە کە لە تیۆرە سیاسییەکاندا، باسی سەرچاوەی دەسەڵاتە لە کەسی دەسەڵاتدار، جودا ناکرێتەوە. ئەم باسە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکدی و لەگەڵ یەکدیدا دێتەگۆڕێ. دەسەڵات بە تایبەتمەندیی دەسەڵاتدارییەتییەوە، بەستراوەیی بێ نێوەندگیری هەیە. لەمڕووەوەیە کە دەکرێ دەسەڵات لە کامڵبوونیدا ببینرێ و لغاو بکرێ. لە کاتێکدا لە بیرکردنەوەی دینیدا، باسی (سەرچاوەی دەسەڵات) جودایە لە

(کەسێک کە هەڵگری دەسـەڵات)ە. باسی سەرچاوەی دەسەڵات لە سەرەتاوە لە یەکتایی (تیۆلۆژی)دا لە سنووری بێکۆتایی و ڕەهادا بەبێ بچوکترین ڕێگر دەخەنە بەرباس. هیچ کەسێک لەو سنوورەدا ناتوانێ دەسەڵات سنووردار بکات. هیچ کەسێک ناتوانێ دەسەڵات لێرەدا ببینێ و لغاوی بکات. تەنانەت ناتوانێ (دیاری) بکات. دەسـەڵاتـی خـودا لە(ویستی گۆڕاو)بەرجەستە دەکرێ، نەک لە(یاسا)دا. دەسەڵاتی خودا پشتئەستوورە بە(ویست)ەکەی و ویستەکەشی لە دەرەنجامی غەیبی بوونی زانستەکەی، نادیارە و زانستەکەشی، زانستێکی پاوانکارییانەیە. دوای ئەوەی کە دەسەڵات لەم بێسنووربوونەی و لەم ڕەهابوونەیدا، دیـاری کرا، دوای ئەوەی دەرکەوت (هیچ کەسێک دەسەڵات و مافی ناڕەزایی و بەرگری نییە لە بەرانبەر دەسەڵات و ویستێکی وەهادا) ئەوکاتە بە (سویچ)ێک و بە یەک لێدان، هەر ئەم دەسەڵاتە، لە (گوێڕایەلی رووت) بۆ پێغەمبەر یان نیشانەی خودایی یان ئیمام دەگوازرێتەوە. لێرەدایە کە تیۆلۆژی، بابەتێک لە سەتاسەت سیاسییە.

قسەکردن لەبارەی زانستی خودا و خواستی خوداوەند و لەبارەی دەسەڵاتی خودا، باسێکی دینی (بە مانای پەیوەندی تایبەتی ناخی مرۆ) و یان ئەوپەڕی جیهانی میتافیزیق و خەیاڵی نییە. بەڵکو باسی (دەسەڵاتی ڕەها لە پوختترین شێوەیەدا)یە، کە بەبێ پێوەندان بە (کەسی دەسەڵاتدار) بەبێ هیچ کۆتوبەندێک، بەبێ هیچ ناڕەزایی و کەڵکەڵەیەک دەکرێت. تەنانەت ئەوانەی کە بۆ پێدانی بچوکترین دەسەڵاتێک بە کەسێک لە کۆمەڵگەدا، هەستیاری نیشان دەدەن

و قەڵس دەبن. تا ئەو شوێنەی کە خەیاڵیان هاوکارییان دەکات، دەسەڵات بە خودا دەبەخشن. هەموو شتێک دەخەنە چوارچێوەی ویستی ئەو. خۆیان بە تەمای ئەو دەکەن. ئەمە دەسەڵاتێکە هەموو کەسێک خۆنەویستانە قبوڵی دەکات. باسی (دەسەڵاتی داماڵراو لە کەسیی مرۆڤ) هیچ بەربەستێک لە فراونبوونی دەسەڵات و لە ڕەهابونی دەسەڵات نادۆزێتەوە. ئامادە دەبن کە هەموو دەسەڵاتەکان لە مرۆڤ بستێنن و بیدەن بە خودا. چونکە بەخشینی دەسەڵاتی ڕەها بە خودا واتە (سەندنی دەسەڵات لە مرۆڤەکان). هەروەکچۆن لە تیۆرییە سیاسییەکانی ئەمڕۆدا ئامادبوون هەموو دەسەڵاتەکان لە تاک بستێنن و بیدەن بە (کۆمەڵگە)یان(کۆمیتە)یان(حکومەت). دوای ئەوەی دەسەڵات لەو پەراوێزە داماڵینە گەیشتە لوتکەی خۆی، پێویستی بە سویچێکە بۆ ئەوەی لەپڕ ئەم دەسەڵاتە بگوازێتەوە بۆ مرۆڤێک. جا ئەو مرۆڤە چ ناوی (پێغەمبەر)، چ ناوی (نیشانەی خودایی)، چ ناوی (ڕێبەری پیرۆز)، چ ناوی (پاشا) و چ ناوی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا) بێ، هیچ جیاوازییەکی نییە. دەسەڵاتی بێسنوور و بێ مقۆمقۆ، بە یەک تەکان دەگوازرێتەوە بۆ کەسێک. هەرچەندە کەسەکە خۆی بە سەرچاوەی دەسەڵات ناژمێردرێ، بەڵام لە جیاتی ئەوە، ئەو دەسەڵاتەی بە (ئەمانەت دەدرێ بەو) ڕەها و بێسنوور و بێ چەندوچوونە. داماڵینی (کەس) لە (دەسەڵات)، دەبێتە هۆی ئەوەی کە (دەسەڵات) لە ڕەهابوون و بێسنووربوونیدا دواتر بگوازرێتەوە بۆی.

بەم شێوەیەیە کە لە تیۆلۆژی (زانستی خودایی)دا، پێویستە بەدوای (باسی دەسەڵات و سەرچاوەی دەسەڵات)دا بگەڕێین. لەمڕووەوەیە کە هەتا تیۆلۆژی (یەکتایی و ئولوهویەت) نەکەوێتە لەرزە، ئەم (دەسەڵاتە رەها و بێسنوورە) کە بنەماکەیە دەمێنێتەوە، ئەوەی پێویستە لە تیۆری سیاسیدا، ببێتە جێگەی تێڕامان (هەر لە سنوورە مرۆییەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێ) لە یەکتایی (زانستی خودایی) لەگەڵ زاراوەگەلێک کە هیچ کەس بە خەیاڵیدا نایەت کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبێ، بەبێ هۆشیاری خەڵک، چارەسەر دەکرێ. هەر کەسێک لەو جیهانە یەکتاییەدا، بە ئـارەزوو و بێ خەبەر، هەموو دەسەڵاتەکان لەخۆی دەستێنێتەوە و هەمووی دەداتە دەست خودا، (داماڵینی دەسـەڵات لە خود لە بەرانبەر خودا)دا، بە ئاسانی پێکدێ، دواتر کە ئەم (داماڵینی دەسەڵاتە لە خود) بە تـەواوی پێکهات، لە سویچێکدا، لە خودا یان کۆمیتە، دەیگوازێتەوە بۆ یەک کەس (پێغەمبەر، فەقێ، پاشا، رێبەر). بابەتە سەرەکییەکە هەر ئەو (داماڵینی سەرەتایی دەسەڵاتی مرۆڤە)، مرۆڤێکی تر، کەسێکی بەهێز، ناتوانێ دەسەڵاتمان دابماڵێ. هەمیشە (داماڵینی راستەوخۆی دەسەڵات)ی مرۆڤ، بەهۆی مرۆڤێکی ترەوە، مرۆ دەخاتە یاخیبوون و بەرگریکردن لەخۆی، بۆیە پێویستە داماڵینی دەسەڵات خۆنەویستانە و لە رووی خۆویستییەوە بێ، یەکتایی باسی (داماڵینی دەسـەڵات لە مرۆڤ بە تەواوەتی)و(گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خودا)یە، ئەمەش پلیکانەی یەکەمی بیرکردنەوەی سیاسی ئاینییە. خودا لە داماڵینی دەسەڵاتی مرۆڤەکانەوە دروست

دەبێ. رادەستکردنی ئەو دەسەڵاتە دواتر لە هەنگاوی دوای ئەوە جێبەجێ دەکرێ. هەر ئەم لێکدابڕینی دوو کارە لە یەکتری، هۆکاری بێخەبەری ئێمەیە لە (**جێگۆڕکێی دەسەڵات**)و(**نەمانی دەسەڵات لای ئێمە**).

لەمڕووەوەیە کە ئێمە لە سیاسەت لەگەڵ خودی کەسی خودا ڕووبەڕوو دەبینەوە، ئەگەر دیموکراسیمان بوێ دەبێ دەسەڵات لە خودی خۆمانەوە سەرچاوە بگرێ، ویستی ئێمە لە خودی خۆمانەوە سەرچاوە بگرێ، زانستی ئێمە لە خودی خۆمانەوە سەرچاوە بگرێ، ئەمانە ئەو پرسانەن کە بەداخەوە پێویستە لەگەڵ خودا بیهێنینە گۆڕی پاک و پیسی خۆمانی لەگەڵدا بکەین.

خەباتکاری سیاسی، دەیەوێ (تا بتوانێت پانتایی خەبات سنووردار بکات) و لە بەرەی خۆیدا بجەنگێ. ئەو دەیەوێ تەنیا (سەربەخۆیی و ئازادی سیاسەت) لە دین دابین بکات. دەیەوێ کە ئەرکەکەی لە سنووری خۆیدا پراکتیزە بکات. بەڵام ئەو دینەی کە هەزار ساڵ (هەموو کاروبارەکانی ژیانی گرتوەتەوە و کردویەتی بە پاشکۆی خۆی) چۆن دەتوانێ بەو (جودایی)ە رازی بێت؟ چونکە پرسەکە بەم خاڵە کۆتایی نایەت. بە سەربەخۆبوونی سیاسەت لە دین، هونەر و پەروەردە و ماف و کلتور و فەلسەفە و ئاکاریش هەر ئەو سەربەخۆییەیان لە دین دەوێ، لەپڕ دین لە هەموو لە لایەکەوە دەکەوێتە بەر هێرش، چونکە هەروەک ئەندازیار بازرگان لە وتەکەیدا بە راشکاوی دەریدەخا، دەبێ دین تاکلایەنە بەسەر هەموو کاروبارەکانی ژیاندا فەرمانڕەوایی بکات، هێڵی ڕێڕەو و ئامانجەکەی دیاری بکات و هیچ پرس و مەسەلەیەک

نییە جودا بێت لە دین، کەواتە ناکرێ دین بە بیانووی ئەوەی کە (ئێمە تەنیا دەمانەوێ سیاسەت لە دین جودا بکەینەوە) لە خشتە ببەین، چونکە دین دەزانێ هەر ئەم جوداییە، پرسی مان و نەمانیەتی. بۆ دین یان نابێ سیاسەت هەبێ، یان کە هەبوو دەبێ پاشکۆی خۆی بێت. بۆ دین نابێ هونەر هەبێ، ئەگەر هەشبوو دەبێ پاشکۆی خۆی بێت، بۆ دین نابێ فەلسەفە هەبێ، کە هەشبێ دەبێ پاشکۆی خۆی بێ، تەنانەت نابێ ئەخلاقیش هەبێ، ئەگەر هەشبێ دەبێ پاشکۆی خۆی بێت (بگەڕێوە بۆ «مرصاد العباد»ی نجم الدین رازی).

کەواتە دین و خودا کە بە شێوەیەک لە ڕێگەی میرزا مولکەم ئاغا دەستی پێکرد، بووە شێوەی هەموو سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی مە، ناتوانرێ وەکو منداڵ لە خشتەببرێ و فریوی بدرێ. گومانی تێدا نییە کە ئەم کارە، لە توانای سیاسەتمەداراندا نابێت، بەبێ خەبات و ململانێیەکی پەراوێزدار و درێژ لەگەڵ دین و خودا، ئێمە سیاسەتی ئازاد و دیموکراسیمان نابێت. پرسەکە، پرسی (لەکۆڵ کردنەوەی دین) نییە، بەڵکو پرسەکە، پرسی (نۆژەنکردنەوەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی دین)ە و ململانێ لەگەڵ دین، پێکهاتە و بینای فکریی داهاتووی ئێمە دیاری دەکات. مێژووی داهاتووی سیاسەت و فکر و هونەری مە لە شێوەی ململانێ و زاڵبوونی مە بەسەر مێژووی باوەڕی ئێمەدا دەنووسرێتەوە.

# بەزەیی هاتنەوە بە ڕەشۆکی
# یان هەڵاتنی ڕۆشنبیران لە ڕووبەڕووبوونەوەی دین

باشترین باوەڕ، هەمیشە خراپترین کۆتەکانە، ڕاستیی دەیەوێت تەنیا بەخۆیەوە گرێمان بدات و تەواوی هێزەکانمان ڕابکێشێ لەبەستنەوە بەخۆیەوە. واتە ڕاستیی، هەمیشە مەزنترین و توندترین کۆتە. ئایا چونکە ڕاستیی، (باشتر)ە لە هەر شتێک، دەبێ ببەسترێینەوە پێی؟ ئایا باشترین شت دەبێ گەورەترین بەندمان بێ؟ لەگەڵ (باشتر بوونی پێکهاتەکانی باوەڕێک) ناتوانرێ خاسیەتی (پابەندبوون) لە باوەڕەکە بسەندرێ. خاسیەتی زنجیر بەوە کەم نابێتەوە، ئەگەر زنجیرەکە ناسکتر بێ. زنجیرێکی ناسک، تەنیا (هەستی بەندبوونمان) کەم دەکاتەوە. زنجیری ناسک، دەمانخاتە گومانی لەزنجیربوون. زنجیری ناسکتر و باشتر، هەر بە زنجیریی دەمێنێتەوە.

هەر فکرێک، هەر ڕاستییەک، هەر ئوستوورەیەک، هەر زاستێک، (بە مانەوە)ی خۆی لە خودی ئێمەدا، یان هێشتنەوەی ئێمە لەگەڵ خۆیدا، دەگۆڕێت بۆ (باوەڕ). تەنیا دین نییە کە دەبێتە باوەڕ، بەڵکو بە هەمان شێوە زانستێک دەتوانێ ببێتە باوەڕ، فەلسەفەیەک دەتوانێ ببێتە باوەڕ، تەنانەت ئازادیش دەکرێ ببێتە باوەڕێک، ئەو زانستەی دەبێتە باوەڕ، هەر وەکو دینەکە چەوسێنەرە کە دەبێتە باوەڕ. فەلسەفەیەک کە بووە باوەڕ، تەنانەت خراپترە لە دینێک کە بوەتە باوەڕ.

مەترسی جیهانی ئێمە تەنیا (باوەڕە ئایینییەکان) نین، بەڵکو بە هەمان هێند و رەنگە زیاتریش (باوەڕە زانستی)یەکان، یان(باوەڕە فەلسەفی) یەکانن. ئایدیۆلۆژیاکان هەر ئەو باوەڕە زانستی و فەلسەفییەن. بەهای زانست و فکر بە بزاوەکەیەتی. ئەو زانست و فکرە کە بووە باوەڕ، ئەوی دی نابزوێ و ئەم زانست نییە کە هۆکاری سەرەکی (باوەڕی زانستی)یە. ئەمە فکر نییە کە فاکتەری سەرەکی (باوەڕی فەلسەفی)یە، بەڵکو ئەمە باوەڕە کە زانستی داگیر کردووە، ئەمە باوەڕە کە زانستی هەڵوەشاندوەتەوە. ئەمە باوەڕە کە فەلسەفەی داگیر کردوە و بزاوتی فکری لێسەندوە. لەو شوێنەوەی کە کرۆکی زانست و فەلسەفە، بزاو و شێوازە، هەربۆیە (باوەڕێکی زانستی)، یان (باوەڕێکی فەلسەفی) تاوانێکە لە دژی زانست و فکر. بەناوی زانست و فکر، زانست و فکر دەخرێنە ژێر پێوە. باوەڕێکی زانستی بەناوی زانست دەفرۆشرێ. باوەڕێکی فەلسەفی بەناوی فەلسەفە دەفرۆشرێ. بەڵام باوەڕێکی زانستی شتێک نییە جگە لە باوەڕێک و باوەڕێکی فەلسەفیش شتێک نییە جگە لە باوەڕێک. زانست و فکر هیچ کات کەم نابنەوە بۆ باوەڕ. باوەڕی زانستی یان فەلسەفی تەنیا (رۆڵێکی کاتی و تێپەڕ)یان هەیە. مرۆ باوەڕی زانستی و فکری ئەوەندە ئەهێڵێتەوە کە ناتوانێ رەتی بکاتەوە. بەڵام باوەڕی زانستی و باوەڕی فەلسەفی بۆ ئەوە نییە کە پەشیمانمان بکاتەوە لە رەتکردنەوەی ئەو زانست و فکرە، بەڵکو عەقڵ و ئەزموونی مە، هەمیشە لە هەوڵی رەتکردنەوەی ئەو باوەڕە زانستی و فەلسەفییەیە. تەمەنی باوەڕێکی

زانستی و فەلسەفی تا ئەو کاتەیە کە ڕەت نەکراوەتەوە، چونکە زانست و فکر، بزاوەکەی، هەوڵ و کۆششی ئێمە ڕێک هەوڵی بەردەوامی ئێمەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو، نەک بۆ بەنەمری کردنی ئەو. بە پێچەوانەی باوەڕ، کاتێ کە دەست پێدەکات کە هەوڵی ئێمە لە لای هەڵگەڕاوەییەوە دەست پێدەکات. ئێمە دەمانەوێ ئەو فکر و ئەو وێنەیە بەنەمری بکەین. ئەزەلییبوون هەمیشە دژی بزاوتە. هەر شتێک کە نەمر کرا، ناگۆڕێت، ڕاستیی، نەمرە. ڕاستیی نابێ بگۆڕێ. بزاوت لەگەڵ ڕاستی دژە. ئەزەلیبوون دژی گۆڕانکارییە. ئەو شتەی کە ناهێڵێت ئێمە بزاوتمان هەبێت و گۆڕانمان تێدا ڕووبدات، زنجیرەکانمانە. ئەو شتەی کە ناهێڵێت فکرەکانمان بگۆڕێت و ببزوێ، زیندانی ئێمەیە. چەوسانەوە لەگەڵ ڕاستیی دێ، چەوسانەوە بزاو لە فکر و هەست دەستێنێ. چەوسانەوە بزاو لە سیستم دەستێنێ. سیستم نابێ بگۆڕێ. دەبێتە بەربەست لەبەردەم گۆڕینی یاسا، گۆڕانگاری لەگەڵ ڕاستیی سازگار نییە، چونکە ڕاستیی نەمرە.

هەربۆیە (پێکهاتەی باوەڕ) کە ناوی ڕاستیی بۆخۆی وەدەست دێنێ، (بەند بوونی باوەڕ)ی لێدەستێنێتەوە. زنجیر، بە زنجیری دەمێنێتەوە، تەنیا (هەستی زیندانی بوون)لە ناخماندا تاریک دەکات. تێماندەگەیەنێت کە (ئەم زیندان بوون)ە شانازییە. (ئەم لە زیندان بوونە) گەورەترین ئازادییە. (زیندانی بوون)مان بۆ شیرین و بەتام دەکات. پێکهاتەی باوەڕ ئەگەریش (ڕاستیی)، یان (زانست) یان (ئازادی).. بێ، ماهیەتی باوەڕ، هەمان زنجیر بوونە. ئێمە لە هەرشتێکدا بمێنینەوە،

ئەو شتە کۆت و زنجیرە. عارفەکانمان دەیانگوت (لە هەر شتێکدا بمێنیتەوە) ئەوە (بت)ە. بتشکاندن واتە ئازادی لە هەر شتێک کە ئێمە رادەگرێت و ناهێڵێ بجوڵێینەوە. نەک تەنیا (مانەوە لە فکرێکدا) بتە، بەڵکو ئەو فکرەش کە ئێمە بۆ مانەوە پەلکێش دەکات، بتە. بتپەرستیی بۆ عارفەکان، هەمان (وەستان لە یەک فکر و پێکهاتەی راستیی)ە، هەر شتێک لە رێگادا بتوەستێنێ، چ کفر بێت و چ ئیمان، هەموویان بتپەرستین. هەر شتێک لە جولەت بخات جا مەسیحیەت بێت یان ئیسلامەتی، یان مارکسیزم، یان هەر فکرێکی تر، هەموویان بەبێ جیاوازی بتپەرستی و بتسازیین. ئەم (بنەمای بزاوی ئەزەلی) ئەم (نەوەستانە لە هیچ فکرێدا) مەزنترین بیرۆکەیە کە عارفەکانمان بە میرات بۆیان جێ هێشتوین.

دەتوانرێ ئازادی لەسەر تەنیا ئەو بیرۆکەیە بینا بکرێ. ئازادی ئێمە دەرەنجامی راستەوخۆی گەورە عارفەکانمانە. ئەو بیرۆکەیە کە کاتی بەرفراونکردنەکەی هاتووە. هراکلیت بە رستە ناودارەکەیەوە کە (هیچ کەسێک ناتوانێ لە رووبارێکدا دوو جار مەلە بکات) بووە سەرچاوەی بیرۆکەی ئازادی و گۆڕان و بزاو لە کلتووری رۆژئاوادا. ئایا مەزنیی ئەو قسەیەی کە (هەر شتێک رێگەت لێ بگرێ، بتە) کەمترە لە قسەکەی هراکلیت؟ ئێمە دەبێ لەسەر ئەو بیرۆکە مەزنە ئێرانییە، هەموو ئازادی و پێشکەوتن و هاوچەرخایەتی خۆمان بنیات بنێین.

لە هەر جێگەیەک کە باوەڕێک هاتەکایەوە، زنجیرێک دروست کراوە. ئەو کەسەی زنجیر کرا، دەبێ زنجیر بپسێنێ. دەبێ قەفەس

تێکبشکێنێت. دەبێ زیندان بتەقێنێتەوە. زنجیر تەنیا ئەرکێک و مافێکت دەداتێ، ئەویش شکاندن و تەقاندنەوە و پساندنە. هەموو باوەڕێک، زنجیرە. نابێ لەگەڵ زنجیر میهرەبانی بنوێنرێ، نابێ بهێڵدرێ زنجیر بمێنێتەوە. دەبێ زنجیر بپسێندرێ. هەڵاتن لە زنجیر و زیندان، میهرەبانی و نەرمی نواندن و سازان لەگەڵ زنجیرەوان و زیندانەواندا ناگونجێ. دەبێ باوەڕ بهێنینە لەرزە. دەبێ کەلێن بخرێتە هەر باوەڕێک. دەبێ گومان بخرێتە سەر هەر باوەڕێک. دەبێ یاخیبوون دروست ببێ لە بەرانبەر هەر باوەڕێکدا، باوەڕ هێندە رەق و پتەو بووە، ناتوانرێ بە هێواشی و بە نەرمی لەژێر باریدا رابکرێ. (ئازادی لە باوەڕدا) کاتێک مومکین دەبێ کە باوەڕمان بکەوێتە لەرزە، هەڵبەت کەسانێک هەن کە راهاتوون بە زیندان و زنجیر، بەڵام هێنانە لەرزانی باوەڕەکانیان، لانیکەم (توانای هەڵاتن و ئازادی)یان پێ دەبەخشێت. رەنگە هاوکات ئەوان سوود لەو هەلە وەرنەگرن و پێیان باشتر بێت لە هەمان زینداندا بمێننەوە و لە هەمان زنجیری شکاو دووبارە خۆیان بپێچنەوە، وەلێ لەم (تەقینەوەی باوەڕە) توانا دەدەین بەو کەسانەی کە عەوداڵی ئازادین و ئازادیان خۆشدەوێت. ئێمە هیوامان بە کەسانێک هەیە کە بە هەبوونی وەها ئیمکاناتێک لە زنجیری پساو و زیندانی تەقێنراوەدا، هەڵدێن. هەروەها نابێ بێهیوا بین لەو کەسانەی کە (هۆگری زنجیر بوون)و(لە زیندان راهاتوون) و زیندا بە باشتر دەزانن لە (ئازادی لە دەشت و دەر). کەسێک کە هەزاران ساڵ لە زیندانەکانی بەناو راستییە بەرزەکان و ئایدیالە بەرزەکان زیندان بووە، هێشتا بڕوای بە هەبوونی دەشت و دەری ئازادی نییە. ئەم راستییانە، ئازادیان بۆ ئەو تەفروتوونا و وەهمدار کردوە.

بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە چەوساندنەوەی رۆحی بە باشتر دەزانێ لە ئازادی، بۆ ئەو کەسەی زنجیری خۆشتر دەوێ لە جولانەوەی ئازاد، ناتوانێ واز لە تەقاندنەوەی زیندان و پساندنی زنجیرەکان بێنێ، ئێمەش لەناو هەمان زیندان و هەمان زنجیرین، من ئەگەر مافی ئەوەم نییە دەست لە زنجیر و زیندانی ئەو بدەم، بەڵام مافی خۆمە ئازاد بم، مافی ئەوەم هەیە ئەو زنجیرەی کە منی کۆت کردوە بیپسێنم و دەرگای زیندانەکەی خۆم لە رێزەوە هەڵکێشم. من مافی ئەوەم هەیە ئەو باوەڕە بیهێنمە لەرزە کە بەناوی راستیی منی زیندانی کردوە و منی زنجیر کردوە، هەرچەند بۆ ئەوانی دیکە پیرۆزیش بێت. هەڵبەت ئەم باوەڕە ژووری ئینفرادیی من نییە، هەموومان لەو باوەڕەدا بەندکراوین. ئەوانی دیکە هەست بە هێلانەبوون دەکەن لەو زیندانە، بەڵام من لەو زیندانە هەست بە تەنگەنەفەسی و خنکان دەکەم. ئەمە زنجیرێکە کە سەرتاسەری هاووڵاتیانی ئێمەی بەستوەتەوە. لەو زیندانەی کە من هەم، ئەوانی تریش زیندانین. گومان لەوەدا نییە کە من ناتوانم بە روخاندنی ژووری ئینفیرادی خۆم، لە زیندان هەڵبێم، بەڵکو پێویستە هەموو زیندانەکە بتەقێنمەوە.

من پێوستە ئیسلام لە تەواویەتی خۆیدا بخەمە ژێر هێرش و هەڵمەت، جا هاوبەند و هاوزنجیرەکانم قبوڵی بکەن یان قبوڵی نەکەن، من نامەوێ بەهۆی ئەوەوە لە زیندان بمێنمەوە، من ناتوانم تەنیا لە گۆشەیەکی دڵم لە خەڵوەتی خۆمدا زنجیرەکانم بپسێنم. سەتان ساڵ لەمەوبەر عارف و سۆفییەکانمان ئەو کارەیان کردوە، بەڵام کۆمەڵگە

و گەل لە هەمان زیندان ماوەنەتەوە کە لێی بوون، هەمان سۆفی و عارفەکانیش هاوکۆت و هاوزنجیری ئەوان ماونەتەوە.

زنجیری من، زنجیری تایبەت و تاکەکەسی من نییە. ئەو زنجیرەیان بە شێوەی تایبەت بۆ من دروست نەکردوە. ئەمە زنجیرێکە کە بۆ هەمووان دروستکراوە. ئەمە زنجیرییێک نییە تەنیا لە دەست و پێی من گرێدرابێ، بەڵکو ئەمە زنجیرێکە کە هەموومانی پێکەوە بەستوەتەوە. هەمووان پێکەوە زنجیر کراوین. پساندنی زنجیری من، بە تەنیایی مەیسەر نییە. پساندنی زنجیری من، بمەوێ یا نەمەوێ پساندنی زنجیری ئەویدیشە.

من ناتوانم تەنیا خۆم ئازاد بکەم، ئازادکردنی من، ئازادکرنی ئەویدیە. لە زیندان مانەوەی ئەویدی، لە زیندان مانەوەی منە. من بە تەنیا ئازاد نابم. ئێمە هەموومان پێکەو دەتوانین ئازاد ببین. هەرکەسێکیش بە تەنیا زنجیری خۆی بپسێنێ، بیەوێ یان نەیەوێ زنجیری کۆمەڵە کەسێکی تریش دەپسێنێ، ببیەوێ یان نەیەوێ ئەوانی دیکە کە هێشتا بە زنجیر راهاتوون قەڵس دەکات. بەڵام ئەو قەڵسبوون و دڵەڕاوکێیە کاتییە، دەبێتە هۆی لەخەو هەڵسانیان. ئەوانیش دەکەونە بیری ئازادی سروشتی و مرۆیی خۆیان. ئەوانیش درک بەوە دەکەن کە باوەڕ زنجیرە. ئەوانیش تێدەگەن کە (ناسکی زنجیرەکان) ماهیەتی زنجیرەکانیان لەگەڵ ئەوان تێکەڵ کردبوو. ئەوانیش تێدەگەن کە فریوی ناسکیی زنجیرەکانیان خواردوە. ئەوانیش تێدەگەن کە راستیی پیرۆز، شتێک نییە جگە لە زنجیر، باشترە

یەکێک بزانێ باوەڕەکەی زنجیرە و هوشیار بێت لەو بارەیەوە، پێی باشتر بێت کە زنجیرەکەی بمێنێتەوە تا وای بۆ بچێ کە باوەڕەکەی باخچەی بەهەشتییەتی و زیندانەکەی ژینگەی بێ کۆتایی ئازادییە.

بەزەیی هاتنەوە بە رەشۆکی، رێزگرتنی رەشۆکی، بەزەیهاتنەوەیە بە زنجیرێک کە هۆگری بوون، ئایا (هۆگریی رەشۆکی بە زنجیر) گرنگترە لە (ئازادی خەوتن و کردەکانی) یان ئازادی سروشتیی ئەو کە لەبیریان بردوەتەوە یان سەربەخۆیی ئەوکە لێیان سەندووە.

محەمەد لە قورئاندا دەڵێ کە لە دیندا (یان بەشەکانی دین) هیچ جۆرە میهرەبانییەک نەخەنە دڵی خۆتانەوە. بەو وشەیە محەمەد تێماندەگەیەنێت کە بۆ (پابەندبوون و هێشتنەوە) پێویستە هەرکەسێک بەبێ هیچ بەزەیی و میهرەبانییەک، سزا بدرێ. واتە (ئازادبوون) تاوانێکە. ئایدیال، (بەستراوەیی و لەبەند بوون)ە، ئەو کەسەی بچوکترین هەنگاو بۆ ئازادی بنێ، تاوانبارە. محەمەد بەم شێوەیە (ئازادیخوازیی) گۆڕیوە بە (تاوان و ئاژاوە). بۆ ئێمە نابێت لەگەڵ ئەو قسەیەشدا، ئازادی بکەینە ئایدیالێک کە جێگەی سازش نییە؟ بۆ دەبێ ئێمە بۆ پساندنی زنجیری خۆمان و زنجیری ئەوانی دیکە میهرەبانیمان هەبێ؟ بۆ ئێمە بەستراوەیی بە تاوان و ئاژاوەگێڕێ نەژمێرین؟ هەرکەسێک بەناوی راستیی من ببەستێتەوە بە فکرێک یان سیستمێک یان بنەمایەک بۆ تاهەتایە، گەورەترین تاوانکارە و من لە بەرانبەر ئەودا هیچ جۆرە میهرەبانییەک ناناسم. ئەمە میهرەبانی نییە بە رەشۆکی و باوەڕی رەشۆکی. ئەوە میهرەبانییە بۆ زنجیرسازان و کۆیلەسازان و کۆیلەفرۆشان.

من دەمەوێ بجولێمەوە و ئازاد بم، ئەو زنجیرانە نەشکێنم کە منیان لە ڕێگەی باوەڕەوە بەوانی دیکە بەستوەتەوە، ناتوانم ئازاد بم. ئازادی تا نەگوترێ، ئازادی نییە. ئەو زنجیرەی کە لە نێوان هەموواندایە دەبێ بشکێندرێ، لەمڕووەوە وشەی ئازادی پێوستە لەنێوان ئێمەدا بکەوێتە جوولە. ئێمە ناتوانین بجوولێینەوە، چونکە دەست و قاچمانیان پێکەوە گرێداوە. ئازادی کە گووترا، ئەم زنجیرە دەشکێنێ. من دەمەوێ لە ئازادیدا لەگەڵ ئەویدی لێکتێگەیشتن بدوورمەوە، بەڵام نامەوێ (لە هەمان زنجیربوون لەگەڵ ئەوانی دی) (لە هاوباوەڕبوون لەگەڵ ئەوانی دی) یەکبوون لەگەڵ ئەوانی دیکەم هەبێ.

هەر شتێک لە دواوە بمانهێڵێتەوە، بتە. هەر شتێک دوامان بخات چەوساندنەوەیە. هەر ڕاستییەک کاتێ کە بوو بە بت، دەبێتە چەوساندنەوە.

هەر شتێک بوو بە بەرد، لە جوولە دەمانەوستێنێ و دەمانچەوسێنێتەوە، چونکە ئازادیمان لە بزاودا گەشە دەکات. ئێمە ناتوانین تەنیا لە خودی خۆمان و بیر لە خودی خۆمان بکەینەوە. بیرکردنەوە لە کەشی (زمان)ە. بەبێ زمان ناتوانرێت بیر بکرێتەوە. من کاتێک ئازادم کە بیر دەکەمەوە و کاتێک بیر دەکەمەوە کە بڵێم، کاتێک دەڵێم کە هەمووان دەتوانن گوێبیستم بن، کاتێ کە بیستیان، بە ئازارەکانم ئاشنا دەبن، دەبنە هاودەردم. لەگەل من دڵەڕاوکێ دەیانگرێ. مەگەر ئازادی بۆ من، نووستن و پاڵکەوتنە لە قوژبنێکی بەهەشت. ئازادی بۆ منیش پرسێکە، بۆ منیش قەڵسکەر و دڵەڕاوکێسازە. ئازادی

بۆ منیش بینینی خەونی خۆش نییە. ئایا ئەم خوتخوتە و ئازار و بێقەرارییەی من لەو وشانەی من نابێ باس بکرێ؟ ئایا ئەویدیکە نابێ لە وشەکانی مندا ئازارەکانی من بناسێ؟ ئایا چونکە ئەوانی دیکە قەڵس دەبن من نابێ ناڵەم بێ؟ کەواتە ئەو کۆمەڵگەیە بۆ چییە؟ ئایا بۆ ئارامکردنەوەی ئازاری یەکتری پێکەوە ئەو کۆمەڵگەیەمان دروست نەکردوە؟ ئایا بۆ گەیشتنی ئازار و دڵەڕاوکێش لە دەوری یەکتری کۆنەبوویتەوە؟ ئایا ئازاری من بۆ ئازادی و لە ئازادی نابێ هاوجۆر و هاوولاتیی خۆم هەرچەندە ڕەشۆکیش بێت تووشی دڵەڕاوکێی بکات؟ بۆ مەگەر ئێمە کۆمەڵگەی هاونووستوەکانمان پێکهێناوە؟ کە تەنیا بۆ خەوتن بێینە تەنیشت یەکتری و کاتێک کە ئازار و ناخۆشی و دڵەڕاوکێمان هەبێ لە یەکتری دوور بکەوینەوە بچینەوە بەرەوە ئەشکەوتەکان و دەرەدڵەکانمان بۆ ئەشکەوتەکان بکەین؟ ئەم ڕەشۆکییە چ باشییەکی هەیە کە نابێ گوێ لە ئازار و دڵەڕاوکێی من بگرێ؟ ئێمە ناتوانین تەنیا لە خودی خۆمان و لەگەڵ خودی خۆمان بیر بکەینەوە. ئەم بیرکردنەوە لە خود، مرۆ ژەهراوی و نەخۆش دەکات. عارەفەکانی وەکو خەیام و حافز هەر لەو (بیرکردنەوە لە خۆخواردنەوە)دا نەخۆش و ژەهراوی بووبوون. بیرکردنەوە لە کەشی زمانە، بەبێ زمان ناتوانرێ بیربکرێتەوە.

تێفکرین، دەربڕینی ئازارە. تێفکرین دەربڕینی ئازاری ئازادییە. زمان، خۆشی و ناخۆشی من دەگەیەنێتە ئەوانی دیکە. ئەو زمانەی کە خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤەکان بۆ یەکتری ناگوازێتەوە، مرۆ

دەخنکێنێ و دەیکوژێ. بەڵام کاتێ کە ئێمە دەڵێین و لە گوێتنی ئێمەدا ئەم ئازار و ئەم شادییەی مە سەرڕێژ نابێ، بەڵکو ئازاری ئێمە لە ناو دەممان دەبێ بە تەڵەی تەقیو. چەوساندنەوە ئەو کاتە دەست پێدەکات کە وشە لە دەمدا مانای خۆی لەدەست دەدا. ئازار لەسەر زمانی ئێمە دەمێنێتەوە، بەڵام وشە بەبێ ئەم ئازارە دەچێتە دەرەوە. ئەو زنجیرەی کە تێفکرین هەیەتی، ئەو زنجیرەیە کە لە زمانە. وشەکانی ئێمە، ئەلقەکانی زنجیری ئێمەیە. مرۆ دەبێ لەگەڵ ئەویدیکە قسەبکات تا بتوانێت بیر بکاتەوە و ئازادی بیرکردنەوەی من، وەکو شەپۆلێکە لە وشەکاندا زریان بۆ ئەویدیکە دروست دەکات، چونکە ئەویدیش چاوەڕوانی زریانە. ئەو دەربڕینەی ئازادییە کە ئەویدی دەخاتە دڵەڕاوکێوە، چونکە لە بوونی ئەودا، ئازادی بەئاگا دێ و زیندوو دەبێتەوە و دەبزوێ. قسەی من، ئەویدی تووشی دڵەڕاوکێ و لەرزە ناکات، بەڵکو بە قسەی من، ئەو ئازادییە کە لەودا هەزاران جار سەرکوت کراوە، لێیانداوە، رادەچەنێنێ، ئەوە ئازادی ئەوە کە لەخەو رادەپەڕێ و بەئاگا دێ.

ئەو کەسەی کە هەزاران (وەئاگا هاتنەوەی ئازادی)، (رۆژی ئازادی) نەدیوە، لە ئازادی دەترسێ، لە روناکی ئازادی دەتۆقێ. وەئاگاهاتنەوە لە ئازادی بۆی تۆقێنەرە. ئەو خۆی دەخاتە خەو و بەزۆر چاوی خۆی دادەخا، چونکە ئازادی ناناسێ، چونکە لە وەخەبەر هاتنەوە دەتۆقێ. بەڵام ئەو ئیتر ناتوانێ بخەوێ. ئەو دەبێ چاوی دابخا. ئەو دەبێ وا نیشان بدا کە خەوتووە. لەوە بەدوا، نووستن بۆ ئەو

سەختە. سەردەمی خەوتن تێپەڕیوە. با ماوەیەک خۆی بکا بە نووستوو. کەسێ کە خۆی بە نووستوو نیشان دەدا، وەئاگا هاتووە، من کاری خۆمم کردوە. ئەم ئازادییە کە دوای چەندین هەزار ساڵ وەئاگای دێنێ، لە شێوەی زریانە. دەکرێ پەردە بەسەر ئازادیدا بکێشرێ و لەبیر بکرێ، بەڵام ئازادی هەمیشە دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی رابوونە و ئەو رۆژەی کە وەئاگا هات، زریانێکە. رەشۆکی تا واز لە کوورە و جەهەنمی دڵەڕاوکێ نەهێنێ، دەرک بە ئازادی ناکات.

باشتر وایە رۆشنبیران کەمتر بیر لە بەزەیی هاتنەوە بە رەشۆکی بکەنەوە. سەدان و هەزاران ساڵە کە خوایان و نوێنەرەکانیان و زانایانی ئاینی و رێبەران بەزەییان بە رەشۆکییەکاندا هاتوەتەوە. ئەوانیان روونا ک نەکردوەتەوە تا لەبەرچاویان گرتبێتن. بوون بە رێبەریان تا خەوێکی خۆشیان هەبێ (بۆ ئەوەی وەئاگا نەیەن، چونکە وەئاگاهاتووەکان پێویستیان بە رێبەر نابێ) رەشۆکییەکان پێویستیان بە بەزەیی نییە. بەزەییتان بە باوەڕی رەشۆکییەکان نەیەتەوە. ئەم بەزەیی هاتنەوە بە رەشۆکی و باوەڕی رەشۆکییەکان، تاوانە بەرانبەریان. بەزەیی هاتنەوەیە بە زنجیرەکانیان. میهرەبانییە بەرانبەر زیندان و کۆیلەداران و راوچیان و کۆیلەسازان. ئێمە پێویستیمان بە خودای بەبەزەیی نییە، ئێمە پێویستیمان بە ئازادییە بێ خوداییەکان هەیە.

# (شۆڕش) چۆن دەگۆڕێ بۆ (پەرجوو)

## شۆڕش چییە؟

شۆڕش، لە دەرەنجامی (ناهاوسەنگی گۆڕانکاریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە) دروست دەبێ. یەکێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، دەگۆڕێ، بەبێ ئەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی هاوچەشن یان بەدوایەکدا بگۆڕێن. بە هۆی ئەوەی کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پێکەو بەستراوەییەکی زەروریان هەیە، بتەوێ و نەتەوێ (گۆڕانکاری لە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی)دا، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لەوانی دیکە. رەنگە حکومەت یان سیستمی فەرمانڕەوا، حەز بکات تەنیا (ئاڵوگۆڕ لە یەکێک لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان)دا بکات، زۆرجار بە هۆی کورتبینی و نەناسینی دروستی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، ناهێڵن ئەم دامودەزگا و خەڵکانە بزانن (هەر ئەو گۆڕانکارییە لە یەکێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان) لە چوارچێوەی خۆیدا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕان، وەکو زنجیرە شەپۆلێکن کە لە هەر کوێ دەستی پێکرد، تەشەنە دەکات بۆ هۆکارەکانی دیکەی ژیان. لەبەر ئەوەیە کاتێک کە خود، دەستی دایە گۆڕانکارییەک لە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، ناچار دەبێت نەهێڵێ گۆڕانکاریی لە هۆکارەکانی دیکە رووبدات، یان کاتێک دەستی دایە جۆرە گۆڕانکارییەک لە هۆکارێکدا، ناهێڵێ

جۆرە گۆڕانکارییەکی دیکە لە هەمان هۆکاردا رووبدات. دەسەڵات گۆڕانکاری لە شتێکدا دەکات کە خۆی حەزی لێیە، بەڵام ئەم (گۆڕانکارییە دڵخوازانە)، گۆڕانکاریی نادڵخواز و دژەدڵخواز لە شتەکانی تری لیَ دەکەوێتەوە.

هیچ رژێمێک نییە کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بێت کە لە (سەرجەم هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان) روو بدات، لەبەرئەوەی گۆڕانکاریی لە هێندێ هۆکاری کۆمەڵایەتیی، گرێدراوی (مانەوە و بوونی ئەو دەسەڵاتە)یە. هەر دەسەڵاتێک، تەنیا ئەو گۆڕانکارییانە پەسەند دەکات و دڵخوازانە یان نادڵخوازانە ئەنجامیان دەدا کە (هەبوون و مانەوەی ئەو دەسەڵاتە) دابین بکات.

بەڵام هەر رژێمێک، دژی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە دەبنەهۆی خستنەلەرزە یان رووخانی ئەو رژێمە. بۆیە هەر رژێمێک بەبیَ جیاوازی لە دژی هێندیَ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە و دەبیَ لە دژی ئەو گۆڕانکارییانە ململانیَ بکات بۆ مانەوەی خۆی. تا ئەو جێگەیە گۆڕانکاری پەسند دەکات، پێشەنگە و تا ئەو شوێنەی گۆڕانکارییەکە پەسند ناکات کۆنەپەرست و خۆپارێزە. هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت هەموو گۆڕانکارییەک پەسند بکات. دەسەڵاتێک نییە بە شێوەیەکی پوخت شۆڕشگێڕ یان بە پوختی خۆپارێز بیَ. هەر رژێمێک هەم گۆڕانخوازە هەم خۆپارێزە. ئێمە نابیَ خۆمان تەنیا بە نێو و وشە هەڵبخەڵەتێنین. رژێمێک کە لە سەتاسەت شۆڕشگێر بیَ، تەنانەت ئەگەر خۆشی بە شۆڕشگێڕێکی پوخت

و پەتی بزانێت، بوونی نییە. هەر رژێمێکی شۆڕشگێڕ، رژێمێکی خۆپارێز و کۆنەپەرستیشە، تەنیا دەبێ کەمێک تاقەتمان هەبێ تا ناواخنە دژە شۆڕشگێڕییەکەی دەرکەوێت.

هەربۆیە هەر دەسەڵاتێک، گۆڕانکارییەکان پۆلێن دەکات. بەپێی ماهیەت و پێکهاتەی بوونی خۆی و هەوڵدان بۆ مانەوەی خۆی، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری گۆڕانکارییەکانیان پۆلێن دەکات، رازیبوون و رازینەبوون لە ئاست گۆڕانکاریی هۆکارە جۆراوجۆرەکان پلەبەندی دەکرێ. ئەو گۆڕانکارییەی کە هەبوون و بەردەوامیی ئەو دەسەڵاتە بخاتە لەرزەوە، نالەبارترین گۆڕانکارییە و بە هەر شێوەیەک بێت، ناهێڵن ئەو گۆڕانکارییە رووبدات، ئەو گۆڕانکارییەش کە بە هۆکاری مانەوە و پتەوکردنی پێگە و دەسەڵاتی خۆی بزانێ، بە خۆشەویسترین گۆڕانکاریی دەزانێ، گۆڕانکارییەکانی دیکە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا جێگیر بوون.

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ناخیاندا، لەیەک جیا و پساوە نین و سەرجەمیان پێکەوە گرێدراون، بە پێچەوانەی وێناکردنی زۆربەی خەڵک، هیچکام لەم هۆکارانە، سەرچاوە و بنەمای هۆکارەکانی دیکە نییە، بەڵکو ئەوان پێکەوە لە کارلێکدان و رادەی گرنگی هەر هۆکارێک لە هەر سەردەمێکدا لەگەڵ سەردەمێکی دیکە و میلەتێکی دیکە جیاوازە، هەربۆیە هەر گۆڕانکارییەک لەوەی خۆشەویستە، گۆڕانکارییەک نییە کە لە پانتایی هەمان هۆکار، لەژێر گوشاردا بمێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی هەمان کاریگەریی

هەمبەر یەکتریی لە هۆکارەکانی دیکەدا ڕوودەدات. کەواتە (داڕووخانی گۆڕانکارییەکان لەناو هۆکارەکانی دیکە)،(ڕاگرتنی گۆڕانکارییەکان لەناو هۆکارەکانی دیکە) دەسبەجێ لەگەڵ (گۆڕانکاریی لە هۆکارێکی دڵخواز و گونجاو) دەستپێدەکات. لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا، بەربەرەکانێی گۆڕانکارییەکی دیکە هەیە. هەر ڕژێمێک بەو گۆڕانکارییەی کە ئەنجامی دەدا، دەبێ بەربەرەکانێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دیکەدا بکات. ڕژێمێک کە بهێڵێ هەموو گۆڕانکارییەکان، بە گوێرەی زەرورەتی سروشتیان ڕووبدەن، هشتا نەخولقاوە و ئەگەر کەسێکیش ئەم بانگەشەیە بکات، یان لە دونیای خەیاڵدا دەژی، یان خۆی فریو دەدات، یان لەگەڵ کەسانی دیکە درۆ دەکات. هەربۆیەشە لە تەواوی ئەو گروپانەی کە بانگەشەی شۆڕشگێڕی دەکەن دەبێت پرسیار بکرێت (ئەوەی نایانەوێت بگۆڕێت، چییە؟) ڕێک لە بەرانبەر هەمان بابەت و دەربڕینی ئەو بابەتە، یان بێدەنگن یان ڕاستیی و شوناسی باوەڕەکانیان بە ئەنقەست دادەپۆشن. کاتێک دەتوانرێ ماهیەتی گروپێکی شۆڕشگێڕ بناسرێ کە ئێمە ئاشکرای بکەین(نایەنەوێ چ شتێک بگۆڕن و لە داهاتوودا دژی چ گۆڕانکارییەک دەبن). هەروەک ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە نێو ڕۆژنامەکانی ئێرانیدا، بۆئەوەی ناسنامەیان بزانی دەبێ ببینی کە جوێن بە چ گروپ و کەسانێک نادەن و تۆمەتیان نادەنە پاڵ. ماهیەتی هەر شۆڕشێک کاتێک دەتوانرێ بدۆزرێتەوە کە بزانرێ دژی چ گۆڕانکارییگەلێک لە ڕژێمەکەی دایە.

بەم شێوەیە، چونکە هەر رژێمێک گۆڕانکارییەکان بە شێوەی یەک ریتم لە هەموو شتێکدا پەسەند ناکات، پتر گرنگی بە هێندێ هۆکار دەدات و لە هێندێکیشیاندا رقی لە هەندێک گۆڕانکاریی دیکەیە، بتەوێ و نەتەوێ دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ هەندێ لە گۆڕانکارییەکان و دەبێتە لەمپەر لەبەردەم دەرکەوتنی هەندێ گۆڕانکاریی دیکە. بەم شێوەیە لە هەر رژێمێکدا، (ئەو هۆکارانەی کە دەبێ بگۆڕدرێن) ناگۆڕدرێن و بە شێوەیەکی دەستکرد لە شوێنی خۆیدا دەهێڵدرێنەوە، یان مافی گۆڕانێکی بێبایەخیان هەیە. لە لایەک ئەو هۆکارانەی کە بۆ رژێم پێویستە بە دەست لێ نەدراوی بمێننەوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و هەڵسوکەوتیان، گۆڕانکاریان بەسەر دادێ و بەهۆی ئەوەی کە (توانای دەرخستنی ئەم گۆڕانکارییانە)یان نییە، و(توانای قەوارەدانیان نییە بەم گۆڕانکارییانە). ئەم گۆڕانکارییانە لە ناخیاندا دەئاخنرێن، تێکڕووخاو و بەناو یەکدا دەپەستێندرێ. ئەم (گۆڕانکارییە پێکنەهاتوو)انە، بەسەریەکدا دەپەستێندرێن. لەمەوبەدوا، ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناخدا، روو دەدەن، چونکە شێوە بەخۆیان ناگرن، دیار نین و جلەویشیان ناگیرێ.

هەر رژێمێک تەنیا دەتوانێت لەمپەر لە دەرخستن و بیچم گرتنە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات، ببێتە لەمپەر لەبەردەم بیچم گرتن و دەربڕینی تێڕوانیینەکاندا، بەڵام ناتوانێت پێش بە خۆدەرخستنی دەردئاسایان بەناخدا بگرێت. ئەم (دەرکەوتنە گۆڕانکارییە پەستێندراوە دەروونیەی کە هەموو بێ چەمک و بێ شێوە دەمێننەوە) دەپەسترێنە

باریەک. ئەم گۆڕانکارییە بەرتەسکانە، گۆڕانکاریی شاراوەن کە رۆژێک دەبێ بتەقنەوە، ئەمە شۆڕشە و کۆتایی هەر رژێمێک کە رووبەڕووی گۆڕانکاری لەمشێوەیە دەبێتەوە، شۆڕشە.

هەر رژێمێک (گۆڕانکاریی لە یەکپارچەیی و سەرجەم فاکتەرەکانیدا پەسەند ناکات)و(بوون و مانەوەی خۆی)لە(سەروی گۆڕانکارییەکان دادەنێت) جیای دەکاتەوە لە پانتایی گۆڕانکاریی، دەڵێ هەموو شتێک دەتوانێ گۆڕانکاریی پەسند بکات، تەنیا من نابێت بگۆڕێم. ئەو بنەمایانەی کە من بە پێوە دەهێڵینەوە نابێت بگۆڕدرێن، ئایدیۆلۆژیای من نابێت بگۆڕدرێت، بەمشێوەیە (دەڤەرێکی نەگۆڕی کۆمەڵایەتی و مرۆیی) پێک دێنێت کە دەبێ بپارێزێ لە دەستێوەردانی گۆڕانکاریی.

بە دروستکردنی (راستییەکی ئەزەلی) یان (دروستکردنی ئایدیۆلۆژیاییەکی پیرۆز)، (بە دروستکردنی سیستمێکی هزریی تاهەتایی)، (بە دروستکردنی سیستمێکی ئەزەلی) مشتێ گۆڕانکاریی پێویست لە (سنووری بوونی خۆی) دوور دەخاتەوە. ئەم (رقلێبوونە لە گۆڕانکارییەکان لە پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی) مرۆڤ و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ملهوڕی دەبات. لەو رۆژەوەی کە (راستییەکی ئەزەلی)، (سیستمێکی نەگۆڕ)، (ئایدیۆلۆژیایەکی تاهەتای)مان دروست کردوە، ملهوڕی دەست پێدەکات، لەبەرئەوەی شتێکی مرۆییە کە لەمەوبەدوا نابێ گۆڕانکاریی بەسەردابێت، چونکە شتێکی مرۆییە کە دەبێ (درەنگتر

لەوە بگۆڕێ) کە زەرورەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویی وادەخوازێ. هۆکارێک دەبێ درەنگتر لەوە دەرکەوێ کە دەتوانێ هەبێ. هەر سیستم و ڕێکخراوێک بۆ وەدەستهێنانی ئامانجێک دێتەکایەوە، بەڵام پاش هاتنەکایەیەی هەر سیستمێک، بوونی خودی ئەو سیستمە، دەبێتە ئامانجی یەکەم، لەگەڵ ئەوەی ئەو سیستم و ڕێکخراوە، دەبێتە پێوەری هەموو شتێک، بەگوێرەی بوون و مانەوەی، گۆڕانکاریی بایەخی جۆراجۆر پەیدا دەکەن و پلەبەندی دەکرێن و جڵەوی گۆڕانکارییەکان بەگوێرەی بوون و مانەوەی ئەو سیستمە دەستپێدەکات، بەهۆی ئەوەی کە هەر ڕژێمێک دەیەوێ خۆی نەمر بکات، و هەر حکومەتێک لەگەڵ بانگەشەی کاتیی بوونیدا، (حەزی لە بە نەمری مانەوە هەیە)، هەربۆیە، ڕاستییەکان، دیاردەکان و هۆکارەکان نابێ بەپێی پێداویستییە ناوەکییەکیان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵکو دەبێ بە پێی ئەو هێندەی کە ڕژێمەکە دیاریی دەکات، گۆڕانکارییان بەسەردابێ. تەنیا بە شێوەیەک گۆڕانکاریی پەسند بکات کە بوونی ئەو ڕژێمە فەرمانڕەواو نەمر بکات. بۆیە هەر لێرەوە زۆرەملێ و خۆسەپاندن بەسەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێدەکات.

ئێمە تا نها هۆکاری (کات)مان لە نێوان ئەم گۆڕانکاریی هۆکارە کۆمەڵایەتییانە لەبەرچاو نەگرتوە. بە لەبەرچاوگرتنی پرسی کات، چەمکی شۆڕشمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. ئایا بە گۆڕانی هۆکارێک، هۆکارێکی دیکە دەسبەجێ و هاوکات، دەگۆڕێ؟ ئایا گۆڕانکارییەکان بە شێوەی ساتیی لە هۆکارێکەوە تەشەنە دەکەن

بۆ هەموو هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە؟ ئایا چۆنیەتی و توونديیەتی گۆڕانکارییەکان لە هەموو هۆکارەکاندا یەکسانە؟

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، پتەویی و پایەداریی جیاوازییان هەیە، هەموویان وەکو یەک، بە ئاسانی یان بە سەختی یەکتریی، ناگۆڕێن. (خۆڕاگربوونی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان) لە هەر کۆمەڵێکدا جیاوازە. بۆ نمونە خۆڕاگری و پتەوی هۆکاری ئابووری یەکسان نییە بە خۆڕاگری هۆکاری سیاسیی یان پەروەردەیی. لە بنەڕەتەوە هەرچی ژێرانەترە، ئاسانتر گۆڕانی بەسەردادێ. هەرچی لە سنووری هەست و سۆزەوە نزیک دەبینەوە، گۆڕانیان سەختتر دەبێت، بۆ نموونە لە مرۆڤێکدا، بیرکردنەوەکان زووتر گۆڕانیان بەسەر دادێ، کەسیش هەیە کە (گۆڕانی هزری) لە خۆیدا کردوە، بەو ئاسانییەی کە بیر دەکاتەوە پراکتیزەی ناکات. لە نێوان بیرکردنەوە و هەڵسووکەوت مەودایەک هەیە. ئەم دژیەکییەی نێوان هزر و کردەوە هەر لەم گۆڕانخوازە جیاوازانەی توێژە هەمەجۆرە دەروونییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کردەوە، لە هەست و نەستی مرۆڤ ریشەی داکوتاوە، بۆ وەدەستهێنانی کردەیەک، تەنیا (هەبوونی بیرۆکە) بەس نییە. هەمیشە کردەوە مەودایەکی زەمەنی لەگەڵ بیرکردنەوەدا هەیە. کردەوە بەدوای بیرکردنەوەوە دا دێت. هەر بەمشێوە لە کۆمەڵدا، یەکەم روشنبیرانن کە خۆیان دەگۆڕن لە رێگەی گۆڕینی (فکرەکانیان)، هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش بەپێی ئەم تایبەتمەندییەی کە چەندە ئەقڵ و هەست و سۆزەکان ئاوێتەی یەکتر بوون، لە گۆڕانیاندا جیاوازن. لە

کۆمەڵێکدا بە ئاسانی دەتوانرێ (گۆڕانکارییە ئابوورییەکان) دەست پێ بکرێ. بە تایبەت هەرچی ئابووری پیشەسازیتر بێ، ئەو هۆکارە ژیرانەییە پتر دەبێت. سادەترین شتێک کە دەتوانرێ بگۆڕدرێ، عەقڵ و ئابوورییە. لەمڕووەوەش (فەلسەفە) و (ئابووری) بەردەوام پێشەنگی گۆڕانکارییەکانن. بەداخەوە ئەم خێرابوونەی عەقڵ و ئابووری، پرسێک بۆ ئەم دوو دەستەیە بەهەڵەدا دەبات، ئەوان وای بۆدەچن کە هەموو فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بە هەمان خێرایی توندی دەبێ گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. خێرایی گۆڕانکاریی ئابووری و خێرایی گۆڕانکاریی عەقڵی، هەموو بیرمەندە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بە هەڵەدا دەبات. ئامێرە بەرهەمهێنەرەکان، کەرەستە بەرهەمهێنەرەکان، بە خێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵام گۆڕانکاریی لە (رێکخراوە هاوتەریبەکانی کەرەستە و هۆکارە بەرهەمهێنەرەکان) لە هەمان دونیای ئابووری گۆڕاندا تووشی کێشە و گرفتێک دەبێت، چونکە لێرەبەدوا (رێکخستنەکان) دەبنە پرسێکی نێوان مرۆڤەکان، هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری، تەنیا لەسەر بنەمای ئەقڵی رووت پێکنایەت، ناشێت مرۆڤەکان بە تەواوی بکرێنە کەرەستەیەکی ماشێنی. (بە ئەقڵانییەت کردنی هەموو هەڵسووکەوتە مرۆییەکان)، واتە (بەرۆبۆتکردنی مرۆڤ)، یان (بە ماشێنی کردنی مرۆڤ) مرۆڤی ئابووری واتە (مرۆڤی ماشێنی). جیاوازی نییە کە ئەم مرۆڤە لەژێر دەسەڵاتێکی کاپیتاڵیستی گەشە دەکات یان لەژێر دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستیدا. بە پێی گۆڕانکارییەکان خۆ بەماشێن

کردن، خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، واتە خۆبەماشێن کردن. ماشێن مەزنترین هێمای ئەقڵانییەتە.

ئەوەی کە شۆڕشەکان بە فیلسوف و ئابووریزانەکانەوە دەست پێ دەکەن، نەک لەبەرئەوەی ئەقڵ یان ئابووری، هۆکاری سەرەتایی یان ژێرخانی کۆمەڵگایەکن، بەڵکو بە هۆی ئەوەیە کە ئەم دوو فاکتەرە زووتر لە هەمووشتێک دەتوانرێت گۆڕانکاریان تێدا بکرێ. بەڵام ئەم عەقڵ و ئابوورییە وەکو ئەوەی کە خۆیان دەگۆڕن و بەو خێرایەی کە خۆیانی پێ دەگۆڕن، لە خۆیان و هێز و توانای خۆیان سەرمەست دەبن و پێیانوایە کە دەتوانن هەموو فاکتەرەکان وەکوو خۆیان بگۆڕن.

گۆڕانکاریی خێرای ئەقڵیی و ئابووری بۆچوونێکی هەڵە لەبارەی شێوەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی دێنێتەکایەوە. مخابن ئەمە گەورەترین هەڵە و خۆفریودانی ئەقڵ و ئابوورییە. هۆکارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، کەمتر ژیرانەن، درنگتر دەگۆڕدرێن. بەرگری زۆرتر نیشان دەدەن لە هەمبەر گۆڕانکارییەکاندا. ڕەنگە نەگۆڕترین هۆکاری کۆمەڵاتیی دین بێت. لەمڕووەوە ئەقڵ و ئابووری بە هەموو خێرایی گۆڕانیان و بە هەموو چۆنایەتی و توندیی گۆڕانکاریان، ناتوانن بە هەمان خێرایی و بە هەمان توندی و چۆنایەتییەوە، دینەکان بگۆڕن. لێرەدایە کە ئایین بە قەڵغانێکی هەست و سۆزەوە لە هەمبەری گۆڕانکارییەکانیاندا بەرگری لە خۆی دەکات. لەمڕووەوە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هەر بەپێی ئەم پێکهاتەی توخمەکانی ئەقڵانییەت (هەستی) لەگەڵ توخمەکانی هەست و سۆز (نەستی) جیاوازی لە

چەندایەتی و چۆنایەتی (گۆڕانپەسەندی)یان هەیە. گۆڕانکارییە سیاسییەکان هیچ کات هاوهەنگاو و هاوکات و هاوتەریب نین لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابووری و فەلسەفییەکاندا.

هەر ئەم (**جیاوازیی گۆڕانپەسەندی هۆکارەکان**)ە کە لە هەر کۆمەڵێکدا جیاوازە. گۆڕانکاریی ئابووری و ئەقڵی لە هەموو کۆمەڵ و نەتەوەیەکدا زوو دەتوانرێ دەستی پێ بکرێ، بەڵام هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەکدا بڕێک درێژخایەنیان نییە. هەندێک گۆڕانپەسەند نین، بۆیە (گۆڕانکاریی ئابووری یەکسان لە دونیادا) لەخۆوە و بە یەک تەرز و بە یەک خێرایی ناگاتە یەکسانی لەگەڵ ڕەفتار و ڕێکخراوبەندی سیاسی. ڕێک هەرچەند ڕەهەندە هەستی و سۆزییەکان و ناوشیاربوونەکانی مرۆیی گرنگیان پێ بدرێت، باسی (جیاوازیی نەتەوە و کۆمەڵەکان) زەقتر دەبێتەوە. شۆڕشی عەقڵی و ئابووری یەکسان و لێکچوو لە هەموو دونیادا دەکرێ بکرێ، بەڵام سیاسەتی یەکسان و لێکچوو، پەروەردەی یەکسان و لێکچوو، هونەری یەکسان و لێکچوو، لە هەموو شوێنێک ناتوانرێ هەبێ. (گۆڕانپەسەندترین هۆکاری مرۆیی) لە دەرەنجامی هەر ئەو گۆڕانپەسەندییە توندەی لە هەموو جێگەیەکی دونیادا لەیەکتر دەچن. لە هەموو شوێنێک جۆرێک زانستی بیرکاریی بوونی هەیە، جۆرێک زانستی لۆژیک بوونی هەیە، لە هەموو شوێنێک جۆرێک سیستمی ماشێنی بوونی هەیە. کەمێک هۆکارەکانی هەست و سۆز، هونەری و دینی لە فەلسەفەدا ئاوێتەی

یەکتر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی کە بەشی هەرەگەورەی فەلسەفە دروستکراوی عەقڵە، لە هەموو شوێنێک جیهان جێی تێگەیشتن و دەرکە، بەڵام لە سیاسەتدا هۆکارە نەستییەکان (هەست و سۆز) پتر دەبن.

هەربۆیە ئەگەر ئێمە(رەوتی دزەکردنی گۆڕانکاریی هۆکارێک بۆ هۆکارەکانی دیکە) واز لێبێنین دەستی تێوەرنەدەین، هەر لە خۆیەوە بە رێگای ئاڵۆزتر لەوەدا دەڕوات کە ئێمە وێنای دەکەین. گۆڕان هەمیشە سەرەتا لە شوێنێک کاریگەریی خۆی دەبێ کە تەنکترە. هەرەچەندە ئەستوورتر بێت کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێتەوە. بۆ نموونە گۆڕانی هۆکاری ئابووریی و پیشەسازی، لە خۆیانەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و هاوکات و رێکخراو بونیاتە سیاسییەکان ناگۆڕێت. جیا لەمانە وەک ئەوەی کە باسکراوە لە هەر کۆمەڵێکدا، هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتیی، توانای بەردەوامی خۆڕاگریی یەکسانیان نییە. بە گوێرەی ئەم پتەوییە رێژەییەیانە، تەرز و خێرایی گۆڕانپەسەندیان لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا جیاوازە. دزەکردنی گۆڕان لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، پێویستی بە کات و مێژووە. لە هەر کۆمەڵێکدا گۆڕانکاریی بە پێچاوپێچی زۆری دیکەدا دەڕوات تا هەموو فاکتەرەکان بگرێتەوە. دوای ئەم پێشەکییە درێژە، دەتوانرێ ماهیەتی شۆڕش لە وڵاتە دواکەوتووەکان روونا کتر بکرێتەوە. لەم کۆمەڵگایانەدا، مانایەکی تایبەتی گۆڕانە، شۆڕش چاوەڕوانی و هەوڵە بۆ (گۆڕانێک کە هاوکات هەموو فاکتەرەکان

بگرێتەوە). شۆڕش لە مێشکی خەڵکدا جۆرە پەرجوویەکی نامێژوویی و نا دەروونییە. شۆڕش دەیەوێ (زەروریاتی مێژوو لە دزەکردن) و (زەروریاتی دەروونی لە تاک)دا ڕەت بکاتەوە. کۆمەڵێک کە شۆڕش دەکات، چاوەڕوانە کە چەند پەرجوویەک ڕووبدەن. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییە خۆشەویستانە (**لە ساتێکی مێژوویدا**)، (**لە هەموو فاکتەرەکان**)، (**یەکجێ**) بێتەدی. مرۆڤێک کە چەمکی شۆڕش بە تەواوی دەستی بەسەردا گرتووە، ئیتر سەروکاری لەگەڵ گۆڕانێک کە وەکو ڕەوتێکی مێژوویی و دەروونیی و بە تێگەیشتنی ماهیەتی دەروونیی و تاکەکەسیی و مێژوویی کۆمەڵە نابێت، تاقەتی ئەوەی نییە کە گۆڕانکارییەکان لە هۆکارێکەوە بۆ هۆکارێکی دیکە بەپێی هەمان (بەرگرییە ناوەکییەکەیان) دزە بکات، بەڵکو دەیەوێت ئەو گۆڕانەی کە لە هۆکارێکدا هاتوەتە دی (یان دەبێ بێتەدی) دەسبەجێ لە هەموو هۆکارەکانی دیکەدا یەکجێ و یەکسان بێتەدی. بە پێچەوانەی وێناکردنی مارکس (حەزی شۆڕشگێڕی)، لە (نزیکبوون لە دوایین لوانی گۆڕان) دیار ناکەوێ. بۆ نموونە، چونکە ئینگلیز لەلایەن وەرچەرخانی توانای بەرهەمهێنان و ڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنان گەیشتبووە دوایین ئاستی گۆڕان، تاکە یەک هەنگاوی مابوو بگاتە شۆڕش و لە ڕاستییدا شۆڕش وەکوو پارووییەک لەبەر دەمیەتی. شۆڕش بۆ مارکس واتەیەکی مێژووی هەیە.

بە پێچەوانەی ئەم خەیاڵەی مارکس (**حەزی شۆڕشگێڕی**) لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا (ئەو شوێنەی کە گۆڕانکاریی کەمتر تێیدا

روویداوە) پترە. ئەمە تامی بچوکترین گۆڕانکاریی ئابوورییە کە تێیدا توندترین حەزی گۆڕانکاریی بەدی دێنێت. ئەو نەتەوەیەی (حەزی شۆڕشگێڕی) پتری هەیە، شۆڕش دەکات، نەک ئەو وڵاتەی بە وێناکردنی مارکس (وەرچەرخان و گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسی و کلتوورییەکەی گەیشتبێتە دوایین ئاستی لواو) لە روانگەی مارکسدا، کۆمەڵێک دەبێت شۆڕش بکات کە (پێگەیشتنی مێژوویی بۆ شۆڕش) هەیە. پێویستە گۆڕانی لە زنجیرە بەدواییەکە مێژوییەکاندا بەدی هێنابێ. کۆمەڵگای شۆڕشگێڕ، کۆمەڵگایەکە هەنگاوێکی ماوە بۆ شۆڕش (دوایین گۆڕانکاری). ئەو نەتەوانەی کە شۆڕشیان کردوە هەمیشە میلەتی دواکەوتوو بوون. لە ئەورووپا، وڵاتێک کە لە لایەنی ئابووری، کەلتووری، سیاسی، پەروەردەیی و هونەری لە دوای هەموو وڵاتە ئەورووپییەکان بوو (رووسیە) بوو، چونکە لە هەموویان پتر (حەزی شۆڕشگێڕی)هەبوو، شۆڕشی کرد. بۆ مارکس شۆڕشی راستەقینە، شۆڕشێکە کە لە پێشکەوتووترین، لە گۆڕانخوازترین، لە کەلتووریترین لە پیشەسازییترین کۆمەڵگادا روو دەدات. بەڵام تیۆرەکانی خۆی، هەستی شۆڕشگێڕانەی وڵاتە دواکەوتووەکانی جولاند. باشترین ئایدیۆلۆژیا بوو بۆ هاندان و جولاندنی ئەوان بۆ شۆڕش. ئەو نەتەوەیەی کە لە خراپترین بارودۆخی ئابووری کۆمەڵایەتی و لەژێر تووندرین گوشارەکان بوو، پێویستی بە (پەرجوو)یەک هەبوو. چەمکی شۆڕش بۆ ئەوان وەکو وەدیهاتنی (پەرجوو)یەک بوو. پرس و کێشەکانیان تەنیا بە پەرجوویەک دەکرا چارەسەر بکرێ. تەنیا

ڕێگەچارەی پرسەکانیان هەرئەم (باوڕ بە پەرجوو)ە بوو. هەموو لە چاوەڕوانی پەرجوویەکدان. کەسێک کە لەنێو نەتەوەگەلێکی وەها دواکەوتووە، لەنێو نەتەوەگەلێک سەدان ساڵە لە (گۆڕینی بەرەبەرەی بەردەوامی خۆیان) دۆشداماون، پەرجوخوازی، ڕاستییەکی ڕۆژانە و ئاساییانە. ئەمە شۆڕشە کە دەبێت ئەو (پەرجوو)ە بێنێتەکایەوە، ئەم شۆڕشە، جیایە لە شۆڕشەکەی مارکسیستی کە دوایین بەراوردکاریی ئەقڵانیی و کامڵبوونی عەقڵییە. ئەم شۆڕشە زادەی هەستی **بێتواناییە عەقڵیی و کلتووری و سیاسییەکانە**. ئەم شۆڕشە، هەست دەکات کە پلیکان بە پلیکان ناتوانێ سەرکەوێ، تەنانەت سەرکەوتن لە یەک پلیکانەشدا، بۆی سەختە. بۆیە تەنیا ڕێگەی ئەو (بازدان)ە کە دەبێ سەد پلیکانە بە یەکجار تێپەڕێنێت. ئەو بیر لەوە ناکاتەوە کە (پتەوبوونی هەر هۆکارێک لە کۆمەڵگا) هۆی جیاوازیی لە گۆڕانپەسەندیی هۆکارەکانە. هەربۆیە جیاوازیی لە گۆڕانپەسەندی هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، پێویستی بە کات و مێژووە. ئەم مرۆڤە دەیەوێت لە شۆڕش، (پەرجووی مێژوویی) ڕووبدات. گۆڕانکارییەکی گشتی و بەربڵاو، لە هەموو هۆکارەکاندا، دەسبەجێ و هاوکات بە یەک تاودان و یەک بڕ ڕووبدات. ئەو کەسە چاوپۆشی لە هەموو زەرورتە دەروونیی و مێژووییەکان دەکات. شۆڕش دەبێت لە دژی هەموو (یاسا مێژوویی و سروشتییەکان) ڕووبدات. کە ئەمە ڕێک پێناسەی (پەرجوو)ە.

مرۆڤی شۆڕشگێڕ، چاوەڕوانی (پەرجوویەکی کۆمەڵایەتی)یە.

لەم پەرجووە مێژووییەدا هەموو یاسا مێژوویی و دەروونییەکان ڕەت دەکرێنەوە. لەبیرمە لە تاران بۆ چارەسەری کێشەیەکم هەموو ڕۆژێ دەچوومە لای سەرۆکی یەکێک لە دامودەزگا حکوومییەکان، مرۆڤێکی فرە باش بوو، ڕۆژێ پێی گوتم (ئێمە ئیدی دەستەوەستانین، مەگەر خوا پەرجوویەک بکات) خەڵکی ئێران ڕێک لە هەمان لوتکەی توانا ئابوورییەکەیاندا، **دەرکیان بە توانا و وزەی خۆیان نەدەکرد**، بەڵکو هەستیان بە دەستەوەستانییەکی زۆری خۆیان دەکرد، لەم حاڵەتەدایە کە مرۆ پێویستی بە پەرجوو هەیە، هەر پەرجووە کە دەتوانێ کۆتایی بەو دەستەوەستانیە بێنێ. نەتەوە ڕێبەرێکی سیاسەتمەداریان نەدەویست، بەڵکو (پەرجووکار)ێکیان دەویست. بۆ چارەسەری هەمان کێشە کە لەوانەیە لە ئەوروپا بە پارێزەرێکی ئاسایی لە دادگا لە ماوەی دوو هەفتەیەک جێبەجێ دەبوو، بە نێوەندگیری یەکێک لە هاوڕێکانم چوومە لای چەند کەسایەتیەکی باڵای سەربازی کە ڕەنگە ئەوان بتوانن کێشەکەم بۆ چارە بکەن. لەبیرمە کە ئەم ئەمیرە پلە یەکانەی ئەرتەش زۆر بە نیازپاکیی و ڕاستگۆییەوە دانیان بە دەستەوەستانی خۆیان دانا لە ئاست چارەسەرکردنی بچوکترین گرفتدا. هەر ئەم (هەستکردن بە دەستەوەستانی)یە لە (لوتکەی پڕتوانا)ی ئێمە بوو، کە خەڵکی خستە ئەو باوەڕەی کە دەبێ پەرجوویەک ڕووبدات. خەڵک چاوەڕوانی (پەرجووهێنێک)ن، پەرجووەکان تەنیا ڕێبەرانی شۆڕش نایکەن. ڕێبەرانی شۆڕش بۆ خەڵک تریفەیەکی پیرۆزیی لە دەوری خۆیان دروست دەکەن، ئەو کەسەی کە پەرجوو دەکات پیرۆزە

و ئەو کەسەی کە پیرۆزە، دەتوانێ پەرجوو بکات. (خومەینی) وەکو زانایەکی ئایینی، دەیتوانی ئەم پەرجووە بکات.

چونکە ئێمە لە (سەردەمی عەقڵ)ین، ئەم (پەرجووەی شۆڕش) بە زاراوەی ئەقڵی، پێکهاتەبەدنی دەکرێ و بەو (زەرورەتە ئەقڵی)یە دەدرێ. شۆڕشەکە بە پشتیوانی ئەم زاراوە ئەقڵییە و سەلماندنی زەرورەتە عەقڵییەکەی نەک تەنیا دەیکەنە پەسەندکراو، بەڵکو دەیکەن بە باشترین ئایدیالی مرۆڤایەتی. ئەم (گۆڕانکارییە دژە مێژوویی و دەروونی)یە دەکەنە (گۆڕانکاریگەلێک بەپێی زەرورەتی مێژوویی هاوتای ڕەوتی تەکامولی مێژووی مرۆڤ). لەم کارەدا هێندە زێدەڕۆیی دەکەن کە نیشان دەدەن تەنانەت ئەگەر مرۆڤ خۆشی نەیەوێت شۆڕش بکات، مێژوو و ڕەوتی تەکامول، خۆیان بە بێ ئەو ئەم کارە دەکەن و هیچ پێویستی بە هەبوونیناموبارەکی ئەو نییە. بەڵام ئەوەی کە مێژوو و ڕەوتی تەکامولی ئەم شۆرشە حەتمی دەکات. باشتر وایە مرۆڤە پێشڕەوەکان، بکەونە پێش مێژووەوە و شۆڕش بکەن. تا لانیکەم ببنە بەردەست و شاگرد لە مێژوودا، بایەخێکی مێژووییان پێ ببڕێ.

گەلی ئێران کە ئێستا بێهیوا بووە لەو پەرجووهێنەرەی خۆی و دەستەوەستانیی خۆی پتر لە پێشتر و لە دوایین رادە دەبینێ و چاوەڕوانی پەرجووهێنەرێکی دیکەیە، بەڵام بە داخەوە ئەم چەند پیاوە سیاسەتمەدارە هیچکامیان ناتوانن ئەرکی ئەو پەرجووهێنەرە لەئەستۆ بگرن، خراپتر لە هەمووشیان (جگە لە ڕەجەوی و بەنی سەدر) باوڕیان بەوە نییە کە بتوانن پەرجوو بکەن. بە گشتی ئەو

کەسەی کە باوەڕی بەوە هەیە کە دەتوانێ پەرجوو بکات، پەرجوو دەکات، هەمیشە کەسێک لە مێژووودا پەرجوو دەکات کە (خەلک دەستەوەستان دەکات). (دەستەوەستانی خەڵک لە دوایین پلەدا دێنیتە بەر چاویان تا هەستی پێ بکەن).

# ئەفراندنی بیرۆکەی هاوبەش
# لەجیاتی پەیڕەوکردنی تاقە بیرۆکە

راوێژ کردن لە بونیادی خۆیدا لەو باوڕەدایە کە (تاکەکان دەبێ لە هێنانەکایەی بیرۆکە بنەڕەتیە کۆمەڵایەتییەکان)هاوبەش بن. راوێژ کردن پرسی (هاوبەشی )یە نەک (یەکبوون)، بەڵام هاوبەشی لە چیدا؟ (هاوبەشبوون لە ئەفراندنی بیرۆکە بنەڕەتییەکاندا ).

راوێژ بە پشتبەستن بە هاوکاریی (عەقڵەکان)ە لە کۆمەڵدا. راوێژ لەسەر بناغەی ئەقلانییەت ئەو ماهیەتەی کە عەقڵ هەیەتی بینا دەکرێ. بۆیە دەبێت (سەربەخۆیی و ئازادیی ئەقلانییەت) لەم (بەشداریی ) ەدا گرەنتی دەربڕین وەدیهێنانی هەبێ. ماهیەتی ئەقڵ، تێگەیشتنی بنەماکانە. بۆیە دەبێت لە دەرەنجامی (پێکدادانی بیرە جیاوازەکان) تاکەکانی کۆمەڵگا و لە دەرەنجامی (لێکتێگەیشتنانە)ی کە لەم بەریەککەوتنەدا دێتەبەر، (بیرۆکە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان) سەر هەڵبدەن. راوێژی کۆمەڵایەتی، تەنیا پێکهێنانی چەندین (رێکخراوی فەرمی شورایی ) نییە بۆ راوێژ کردن لە (مشتێک کاروباری سنووردار و لاوەکی ). تەنانەت پێکهێنانی (ئەنجومەنی شورای نەتەوەیی ) یان (ئەنجومەنی شورای ئۆمەتیی ) یان پێکهێنانی (ئەنجومەنە کرێکاریی و لادێیەکان) هەروەها پێکهێنانی (ئەنجومەنەکانی شورای هەرێمیی

یان شاریی )، گرەنتی هاوبەشبوونی بونیادی ناکات. تەنانەت پێکهێنانی ئەم ڕێکخراوە راویژکارییانە، کۆمەڵگا لە جۆرە بنەڕەتییەکەی راویژکاریی بە لاڕێ دادەبا. روایژکردن، بەریەککەوتنی بیرە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و لێکتێگەیشتنی نێوانیانە لە (پرسە بنەڕەتییەکان)دا بۆ هەمیشە و بۆ هەمووان. تەواوی کۆمەڵگا لەم دیالۆگەدا هاوبەشن بۆ ئەوەی لەنوێوە چاو بە بنەما کۆمەڵایەتییەکاندا بخشێننەوە.

نەتەوە کاتێک سەربەخۆ دەبێت کە (بیرۆکە بنەڕەتی و جەوهەرییە کۆمەڵایەتییەکان)ی خۆی لە سەر بنەمای هاوبیری و لێکتێگەیشتنی هەموو تاکەکانی خۆی بنیات بنێ، نەتەوەیەک هەتا نەتوانێت لەم راویژ و لێکتێگەیشتنە بنیاتییە، بەردەوام بیر لە (بنەچە و بنەما کۆمەڵایەتییەکان) بکاتەوە، ناتوانێت (بیرۆکە بنەڕەتیی و جەوهەرییەکانی کۆمەڵگا) لە هەموو زەمینەیەک بێنێتەکایەوە. کاتێک کە کۆمەڵگایەک کەوتە دوای (تاقە بیرۆکە پێشوەخت ئامادەکراوەکان) کە (بەزۆر لە مێشکیان ئاخنراوە)، هیچکات بۆی نییە سەبارەت بەم بیرۆکە سەرەکییانە مقمۆمقۆ بکات و رخنە بگرێت یان پەشیمان بێتەوە، لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتی نایەتەکایەوە و راویژێک پێک نایەت. هەموو شێوەکانی راویژ هەتا بەرەو ئەم بنەمایە پەلکێش نەکرێن، بەلاڕێ دابردنی خەڵکە لە راویژکردن. راویژ دەکرێ بۆ ئەوەی راویژ نەکرێ. هەموو ئەم راویژانە لەراستیدا، تەنیا و تەنیا بۆ دزێو کردنی واقعیەتی راویژکردنە. لە هەر ئەزموون و روداوێکدا، ئەبێ ئەو بوارەی کە بۆ بنەماکان پەلکێش دەکرێ، لەبەرچاو بگیردرێت و

بە ئەزموون لە وردەکارییەکاندا، بەردەوام پێداچوونەوە لە (بیرۆکەی سەرەکی )دا بکرێت و سەرلەنوێ ئەو بیرۆکە سەرەکییە بەو گۆڕانەی کە تێیدا روویداوە، بەرەو رێگەی وەدیهاتن و واقعیات بچێ.

بەڵام کاتێکە (بیرۆکەی سەرەکی ) بۆ تاهەتایە جێگیر بوو، هەموو ئەزموون و راستییەکان ناتوانن (سنووری بیرۆکەی سەرەکی ) ببەزێنن. جا ئەقڵ کارەکەی رادەگیرێت. (بنەماکان) دەبێ هەمیشە لەبەر دەستی ئەقڵ دابن، تا بتوانن لە ئەزموونەکان فێر ببن و بتوانن (گۆڕانی واقعیەتەکان) لە (گۆڕینی بیرۆکە سەرەکییەکان) رەنگبداتەوە. هەتا بتوانێ (بیرۆکە گۆڕاوە بنەماییەکان)، بکاتە واقیع.

کۆمەڵ بە ئەفراندنی (بیرۆکەیەکی هاوبەش)، لە دەرەنجامی کۆششی لێکتێگەیشتنیی و راوێژکاریی گشتی، (پێکەوە گرێ دەدرێ )، نەک بە گوێڕایەڵی (باوڕێک و ئایدۆلۆژیەک ). کۆمەڵ (بیرۆکەیەکی هاوبەش) دەخولقێنێت. هەر تاکێک بە تاکەکانی ترەوە گرێدراوە، چونکە خۆی لە خولقاندنی بیرۆکەی هاوبەش بەشدار بووە. جیاوازی فرە لە نێوان (بیرۆکەی هاوبەش) و (تاقە بیرۆکە) دا هەیە. بیرۆکەی هاوبەش لە (ئەفراندنی هاوبەشی هەمووەکی ) دێتەکایەوە، نەک لە پەسەندکردن یان پەیڕەوی لە تاقە بیرۆکە. تاقە بیرۆکە، (یەکبوون پەیڕەوی و ملکەچبوون) دێنێتەکایەوە، لە حالێکدا (بیرۆکەی هاوبەش)،(هاوبەشبوون لە ئەفراندن) دێنێتەکایەوە. (بیرۆکەی هاوبەش) لە سەر ستوونی (سەربەخۆیی و ئازادی ) تاک وەستاوە، بەڵام (تاقە بیرۆکە) لەسەر ستوونی (شوێنکەوتوویی تاک )

وەستاوە. ئێمە لە دیموکراسیدا (بەشداربوونی کۆمەڵایەتی)مان دەوێ، نەک (یەکبوونی کۆمەڵایەتی). ئێمە لە بیرۆکەی هاوبەشین کە هەموومان پێکەوە ئەفراندومانە، نەک پابەندی تاقە بیرۆکە (باوەڕی یەکتایی) کە دەبێ پەیڕەوی بکەین. ئەو گەلەی کە هەموویان پێکەوە (بیرۆکەیەکی هاوبەشیان) خولقاندووە، بوون بە (گەلێکی سەربەخۆ). ئەو گەلەی کە بەدوای (تاقە بیرۆکە)یەک دەچێ، هیچ کات بە سەربەخۆیی ناگات و هیچ کات ئازاد نابێت، چونکە عەقڵی هێشتان توانای دەرکەوتنی نییە لە بونیاتیترین پرسەکانی خۆیدا.

ئێمە کاتێ کە گەلی ئێران وەکو (ئێرانیی سەربەخۆ) دەبین، کە هەموو خەڵک لە خولقاندنی ئەم (بیرۆکە بونیاتیانە)پێکەوە هەوڵی راستگۆیانە بدەن و ئەوان لەم هاوبیری و راوێژ و لێکتێگەیشتنەدا خۆیان بخولقێنن. کۆمەڵ کاتێک هاوبەشە کە هەموو تاکەکان لە دەرەنجامی هەمان راوێژ و لێگتێگەیشتنی هەمیشەیی، ئەم بیرۆکە سەرەکییانە بخولقێنن و بە شێوەیەکی هەمیشەیی، چاودێرییان هەبێ بەسەر ئەم بیرۆکە سەرەکییانە و بەردەوام مافی پێداچوونەوەی ئەم بیرۆکە سەرەکییانەیان هەبێ. ئەو کەسەی کە (بیرۆکەیەکی پێشوەخت دروستکراو) (باوەڕێکی ئایینی یان ئایدۆلۆژیی) لە کۆمەڵگایەکی دیکە قەرز دەکات، بە ناوی راستیی و زانست، بەراوردی دەکات بە سروشت و سیستمی ئەفراندن و خواوەندیی یان مێژوویی. کۆمەڵەکەی لە تێکۆشان بۆ خولقاندنی (بیرۆکە هاوبەشە بنەماییەکان) دوور خستوەتەوە. بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان نە لەلایەن بلیمەتێک بە تەنیایی

دەدۆزرێنەوە و نە خوایش بە تاکە کەسێک هەرچەندە (هەڵبژاردەش بێت) بە سروش بۆی دەنێرێ، بەڵکو بیرۆکەیەکی بنیاتیی کۆمەڵایەتی، لە بەریەککەوتنی بیرە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەک و بە بەشداری هەموویان پێکەوە لە (راوێژ و لێکتێگەیشتن) دەخولقێت. ئەو بیرۆکانەی کە بە کەڵکی کۆمەڵگایەک دێ، ئەو بیرۆکەیەیە (لە) کۆمەڵگا بەهاوکاریی و هاوفکری هەمووان سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات. ئەو بیرۆکەیەی کە پرسە کۆمەڵایەتییەکان چارە دەکات، بیرۆکەیەکە کە بە بەشداریی هەموو خەڵک بە راوێژ و لێکتێگەیشتن، ئەفراندراوە.

ئەو سەردەمە بەسەرچووە تاکێک بتوانێت بە بیرۆکەیەکی خۆی (تاقە راستیی) دروست بکات و کۆمەڵگا بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە و بانگەشە و سەپاندنی کۆبوونەوە لە دەوروبەری ئەو بیرۆکەیە بکات «کە لەو بەینە بووەتە (تاقەراستیی)هەقیقەتێک»، ئێستا سەردەم سەردەمی (بەشداریی لە خولقاندنی بیرۆکەیەک)ە. ئەو خەڵکەی کە بە ملکەچی بۆ تاقە بیرۆکەیەک (چ سیستمی فەلسەفی و زانستیی بێت و چ باوڕێکی یەکتاپەرستی) ببنە یەک، هێشتا هاوبەشی راستەقینە نین لە کۆمەڵگا. خەڵک کاتێکە خۆیان بە لێکگەیشتن و راوێژکردن لەگەڵ یەکدی (هەوڵی هاوبەشی ئەقڵی و رۆحی و سۆزیاریی)ەوە بیرۆکەیەکی هاوبەش دروست دەکەن، پێکەوە هاوبەش دەبن، تاکەکان، بە پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی خۆیان، پێکەوە هاوبەش دەبن، نەک لە(یەکبوونی سیستمێک یان راستییەکی یەکتاپەرستی) نوقم بن و نەمێنن. چونکە پەیڕەوکردنی (راستیی یەکتاپەرستی)یان

(ئایدیۆلۆژی) بەردەوام داماڵینی تاک  لە سەربەخۆیی و ئازادی لە ناوەڕۆکیدا هەیە. هەر (بیرۆکەیەکی هاوبەش) کە لەو هاوبەشبوونەی تاکەکانی کۆمەڵگا، نەهاتبێتە کایەوە، تاکە کۆمەڵایەتییەکان لە (هاوبەشیی لە بیرۆکەی کۆمەڵایەتی) دەوەستێنێ و سەرەکیترین ئەرکە ئەقڵییەکەیان ئەنجام نادرێ.

ئەم (هاوبەشی لە بیرۆکە)دا لەگەڵ (هاوبەشی لە بەرژەوەندی) جیاوازە. کۆمەڵ، (کۆمپانیایەکی بازرگانی) یان (کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان) نییە. تاکەکان تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری، سیاسیی یان ئاسایشییان (گرێبەستی هاوبەش) ئیمزا بکەن. هەروەها (بیرۆکەی هاوبەش)، باسی (رۆحێکی گشتگیر)نییە. بیرۆکەی هاوبەش بەسەر گەل یان کۆمەڵگا (فەرمانڕەوایی) ناکات. بیرۆکەی هاوبەش راستییەکی بزێوە کە لە هەوڵی لێکتێگەیشتن و راوێژی هەمووان پێکەوە دێتەکایەوە. بیرۆکەی هاوبەش،(بوونەوەرێکی جێگیر) یان (ژمارەیەک چەمکی نەگۆڕ) نییە کە یەک جار بۆ تاهەتایە شرۆڤە و گوتاربەندی بکرێ، بیرۆکەی هاوبەش هەوڵێکی هەمووانەیە کە سەرەڕای جیاوازی نێوانیان و تەنانەت بۆ پاراستنی ئەم جیاوازی و فرەییان، بەردەوام گوتاربەندی دەکرێ.

سیاسەت، شتێک نییە جگە لە بەریەککەوتن لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییە رۆژانەکان و گەڕاندنەوەی ئەو پرسە لاوەکی و کاتییە هەنوکەییە کۆمەڵایەتییانە بۆ (بنەما سەرەتایی)یەکان. دەستوەردان لە سیاسەت، تەنیا ئەوە نییە کە ئێمە لە رەوتە لاوەکییە پسپۆڕییەکاندا،

باوەڕی خۆمان دەربڕین. لەمبارەیەوە، پسپۆڕانی پەیوەست، پتر و باشتر لە ئێمە دەزانن، ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵ هەموو پابەندن، ئەوەیە کە لە هەر پرسێکی لاوەکی و ڕۆژانە و کاتی و تاکیی و ڕێکخراوەیی، بیگەڕێننەوە بۆ بنەچە و بنەماکان. هەر کام لەو کردار و هەنگاوانە لە چوارچێوەی (بنەماکانی ئازادی)دا هەڵبسەنگێنن و لەم ئەزموونە بەشەکییە، بە بنەماکانی ئـازادی و پێکهاتەکەی (گوتاربەندییە تازەکەی) دابچنەوە و پاشان ئەم بنەمایانەی کە گۆڕان و وەرچەرخانیان بە سەردا هاتووە لە وەدیهێنانی واقعیەتەکان بەکار بێنن.

وەدیهێنانی هەر بیرۆکەیەک لە واقیعەکان (خستنە تەنگژەی ئەو بیرۆکەیە)یە. وەدیهێنانی هەر بیرۆکەیەک لە تەنگژەی واقعیەتدا، دەکەوێتە مەترسییەوە. (وەدیهێنانی بیرۆکە) پێشهاتێکی مەترسیدارە، بەڵام پێویستە. سەردەمی (وەدیهێنانی بیرۆکەیەک لە واقعیەت)دا مەترسیدارترە لە سەردەمی (ململانێ بۆ سەقامگیرکردنی بیرۆکە). هەر بیرۆکەیەک (لۆژیکێکی پێویستی خودیی) هەیە. رستە بە رستە، چەمک بە چەمک، دەکرێ بەپێی شێوازێکی ئەقڵانیی دەرئەنجامەکەی بێتەدەست. بـەڵام (زەرورەتـی لۆژیکی خودی بیرۆکەیەک) جیاوازە لە گەڵ زەرورەتی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی. هیچ بیرۆکەیەک بەپێی لۆژیکی زەرورەتـە ناوەکیـەکەی، لە کۆمەڵگا و مێژوو وەدی نایەت. ئەو کەسەی بەردەوام چوار کردەوەی سیاسییەکەی بە بیرۆکەکان جێبەجێ دەکات،(هەرچی واقعبین بێت) لە زەرورەتی لۆژیکی ناوەکی بیرۆکەکەیدا، هێندە لەخۆبایی دەبێت کە وای بۆ دەچێت ڕێک وەک ئەمە (زەرورەتی ڕەوتی لۆژیکی بیرۆکە)

له کۆمەڵگا و مێژووشدا پێکدێ. بە تایبەت کاتێکە ڕەوتی بیرۆکە وەک ڕەوتێکی سروشتیی و مێژوویی لێکبداتەوە، ئەم یەکسانییە، هەمیشە خاوەن بیرۆکە و ڕاستیی فریو دەدات.

هەروەها بە بەردبارانکردنی بیرۆکە (بنەماکانی دروستکردنی ئایین یان سازکردنی هەقیقەت لە بیرۆکە) ڕێگای وەرچەرخانی ڕاستییەکان و ئەزموونەکان بە بیرۆکەوە گرێ دەدرێ، لەبەرئەوەی بیرۆکە توانای گۆڕینی لەدەست دەدات. بیرۆکە، ئیتر ناتوانێ پەسند بکات. ئەو بیرۆکەیەی کە نەتوانێ بگۆڕێ، بووەتە هەقیقەت، لەمە بەدوا، بیرۆکە خۆی بە سەر ڕاستییەکاندا دادەسەپێنێت. بیرۆکە رق لە دڵ دەبێت و لە ئاکامدا دەبێتە خۆسەپێن. مرۆڤ خۆی بەدوور گرتوە لە بیرۆکە.

(بیرۆکە بەردینە واتە هەقیقەت) بووەتە مەترسییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی. مرۆڤ ئیدی بۆی نییە بەشدار بێت لە هێنانەکایەی بیرۆکە. لەمەوبەدوا تەنیا ئەرکیەتی کە شوێنکەوتووی بیرۆکە بێت. بە پچڕانی پێوەندیی دوولایەنەی (ڕاستییەکان) و (بیرۆکە) دەرفەتی لێکتێگەیشتن و ڕاوێژکردن نەماوە. بۆیە خەڵک دەبێت ئاگاداری (ڕەوتی هێنانەدی بیرۆکە لە ڕاستییەکان)بێت و چاودێرییان بکات و لە بەریەکەوتنی لەگەڵ ڕاستییە نوێیەکان، بگەڕێتەوە بۆ (بیرۆکە بنەڕەتییە هاوبەشەکان)، چونکە (بیرۆکە بنەڕەتییە هاوبەشەکان) دەبێت بەپێی (ڕاستییە نوێیەکان) نەک تەنیا ڕاست بکرێتەوە، بەڵکو (بگۆڕێ )و سەر لەنوێ گوتاربەندی بکرێتەوە.

(ئەفراندنی هاوبەشی ئەو بیرۆکە بنەڕەتیانە)و چاودێریی

وەدیهێنانی ئەم بیرۆکە بنەڕەتییانە، (مافی پێداچوونەوەی ئەم بیرۆکە بنەڕەتییانە)یە کە تەوەرەکەی راوێژ و لێکتێگەیشتنە. راوێژ و لێکتیگەیشتنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵێک بۆ (خولقاندنی بیرۆکە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان)ە کە ماهیەتی دیموکراسی و کۆمارخوازی دیاری دەکات، نەک وتووێژ و لێکتێگەیشتن لە وردەکاریی کردەوە و بەرنامەدانان بۆ وەدیهێنانی هەقیقەت یان ئایدیۆلۆژی کە دەستکردی راستەوخۆی گەل نییە، یان لە دەسەلاتی رەخنەو تێهەڵچوونەوەی ئەو دەرچووە.

مژوولکردن و خافلاندنی تاکەکانی کۆمەڵ بەم وردەکاری و پلانە رەها جێبەجێکارییانە (بەبێ مافی پێداچوونەوە لە بیرۆکە بنەڕەتییەکان یان لە هەقیقەت و ئایدۆلۆژی)دا، تاکەکان لە بەشداریکردنی خولقاندنی (بیرۆکە بنەڕەتییە کۆمەلایەتییەکان) بە لاڕێ دادەبات. بەمجۆرە مافی (راوێژ) لە هەموو کۆمەڵگە دەسەندرێتەوە.

ئەقڵ، لەگەڵ (بنەما و پرەنسیپ) سەروکاری هەیە، راوێژ لە سەر ستوونی (ئەقڵ) دارێژراوە. هەر ئەقڵە کە راوێژ دەکات. لەم لایەنەوە تا راوێژ نەگەڕێتەوە سەر بنەماکان، مافی گۆڕینی بنەماکانی نییە، راوێژ نییە. کۆڕەکانی راوێژ و شورا کرێکاریی و گوندنشینی و فێدراڵییەکان و .. لە تەرخانکردنی خۆیان بە راوێژ لە پرسە پسپۆریی و لاوەکیی و کاتییەکاندا دەبێ جێگەی (رۆڵی راوێژ و لێکتێگەیشتنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئەفراندن و پەرەپێدانی بیرۆکە بنەماییەکان) بگرنەوە.

ئەم شورا و کۆڕی راوێژکردنانە نابنە جێگرەوەی ئەم (راوێژە بەردەوام و بونیادییانەی بنەماکان) کە خەڵک هەمیشە پێکەوە دەیکەن. جیا لەمە، ئەم شوارایانە بۆ ئەوەی کە (بەپێی بیرۆکە بنەڕەتییەکانی دین یان تاقە ئایدۆلۆژیا) بجولێنەوە، نوێنەرانێک لە حزب (کۆمیتەی ناوەندی) یان لە (دەستەی زانایان)، (چاودێری ئایدۆلۆژی) دەکەن لەڕاستیدا ریشەی بنچنەیی راوێژ دەبڕێتەوە.

هەوڵی هەر (ئایدۆلۆژیایەک یان هەقیقەتێکی یەکتاپەرستیی فەرمانڕەوا) بۆ ئەوەیە کە ئەم (راوێـژە بنەڕەتیی و بنەماییە) لە بیرۆکە سەرەکییەکاندا، لەوەی کە بە هەقیقەتی راستەقینە ناوزەد دەکرێت، بسڕێتەوە. لە هەموو شوراکاندا، نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیا چاودێری دەکەن تا راوێژ هیچکات لە (وردەکارییەکان) بەرەو لای (بنەما سەلمێنراوە هەتاهەتایەکان) نەڕوات و هیچکات گۆڕانکاریی لە بنەماکاندا نەکرێت. لە هەر شوێنێک کە ئایدیۆلۆژیایەک یان (تاقە هەقیقەت) فەرمانڕەوایی خۆی سەقامگیر کرد، (حکومەتی ئیسلامی یان کۆمۆنیستی بە هەر شێوەیەک لەشێوەکان هەبێت) تێفکرین لە کۆمەڵگایەکی وەهـادا تەنیا بۆ (تێگەیشتنە)، (ئەم تێگەیشتنە مانایەکی تری هەیە لە گەڵ لێکتێگەیشتن، کە تا ئێستا بەکارم هێناوە). تێفکرین لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا، لە پرسە مرۆیی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، پەروەردەیی و یاسایی داهێنانی خۆی لەدەست دەدا، تەنیا کەمکردنەوە رۆڵی (راڤەکردن) دەبینێ. ئەو دەبێ (تاقە راستیی) یان (ئایدیۆلۆژیاکەی) لە چوارچێوەیەکی فرە

بەرتەسک (راڤە) بکات. ئەقڵ لەتەنگژەی راڤە، دەبێتە بوونەوەرێکی نەزۆک و لە چوارچێوەی راڤەدا گەمارۆ دەدرێ و بەند دەبێ.

ئەقڵ، ئیدی بۆی نییە بیر لە (بنەما و پرەنسیپ)بکاتەوە. ئەقڵ، بۆی نییە پێداچوونەوەی (بنەما و پرەنسیپ) بکات. ئەقڵ، بۆی نییە بنەما و پرەنسیپ بگۆڕێ. ئەقڵ، بۆی نییە پرەنسیپ بە شێوەیەکی دیکە گوتاربەندی بکاتەوە، بەڵام مرۆ بیر لە هەر شتێک بکاتەوە دەیگۆڕێ. راڤە ناتوانێ بە واتای ئەوەی کە مرۆ لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەک یان باوەڕێکدا، هەروەک بنەمایەکەی تێگەیشتووە، بمێنێتەوە. هەر راڤەیەک هەر چەندە زەمینەی تێفکرین بەرتەسک بکاتەوە، بەردەوام بە شێوەی نەستی جۆرێک (گۆڕانکاریی کردن لە بیرۆکەی سەرەکی) ە، بۆیە ئاساییە کە هەمیشە (ناڕاستییەک) ئاوێتەی راڤەیە، چونکە ئەو هاوکات کە فکری بەم بیرۆکە و راستییانەوە دەگۆڕێ، بەڵام خۆویستانە نکۆڵی لەو گۆڕانکارییانە دەکات. ئەقڵ، بیر لە بنەما و پرەنسیپەکان دەکاتەوە، بنەما و پرەنسیپ، ریشە و بناغەی سیستمی کۆمەڵایەتییە. ئێمە کاتێک دەتوانین کۆمەڵێک بگۆڕین کە بیر لە (پرەنسیپی زاڵ لەو کۆمەڵ)ەدا بکەینەوە، تێفکرین لە چەمکێکی کۆمەڵایەتی، بە واتای گۆرانکاریی لەو چەمکەدا نییە. تێفکرین (وشە)یەکی ئاسایی وەردەگرێت و بە گۆرانکارییەوە دەیگەڕێنێتەوە کۆمەڵگە. ئەم (وشە)یە لەگەڵ ئەوەی هەمان (وشە)ی پێشووە، بەڵام ناوەڕۆک و واتاکەی گۆڕاوە.

بۆ نموونە ئەو تێگەیشتنەی ئێمە بۆ وشەی (کردەوە)هەمانە، جودایە

لەو تێگەیشتنەی کە قورئان بە وشەی (کردەوە)ی داوە، گۆڕانێک لەم وشە روویداوە، گێژاوێکی قووڵ دێنێتەکایەوە. یەکێک لە بیرمەندان دەڵێت، ئەگەر بتوانی مانای دە وشەی بنەڕەتی لە کۆمەڵدا بگۆڕی، گەورەترین شۆڕش لەو کۆمەڵەدا دێنیتەکایەوە.

کاتێک دەتوانین کۆمەڵێک بگۆڕین کە تێفکرینمان هەبێ لەبارەی (بیرۆکە بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمەڵ)ە. بە تێفکرین، پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان دێنینە لەرزە. کاتێک کە هزرێک کەوتە جوولە، جیهان دەکەوێتە جوولە. ئەو گۆڕانکارییەی کە مرۆ لە تێفکرین لەو وشە و چەمکانەدا دەیکات، هەموو دەقە پیرۆزەکانی دین و حزبەکان دەگۆڕێ. ئەوان ئیدی ناتوانن کتێبە پیرۆزەکانیان بە (واتا رەسەنەکەی) بخوێننەوە. وشەکان لە مێشک و دڵی ئەوان واتەیەکی هەیە کە تێفکرینی نوێی مرۆیی پێیانی بەخشیوە. تەنیا لە جیاتی وەسپ و بایەخدارکردنی توانای ئەقڵی مرۆیی، تەواوی هەوڵ و تێکۆشانەکانی سەدەکان ناشیرین دەکات و وادەزانن کە هەمان کتێبە پیرۆزەکەیان هەر لە سەرەتاوە هەمان واتای هەبووە. بە بێبایەخکردنی ئەقڵی مرۆیی لەم هەولانە و خستنەپاڵی ئەم دەرئەنجامانە بە کتێبە ئاسمانییەکانیان، سەرلەنوێ مافی تێفکرین لە بنەما سەرەتاییەکان لە مرۆڤەکان دەسەننەوە. چونکە ئەو کتێبەی کە هەر لە سەرەتاوە هەمان واتای هەبووە و ئێمە تازە پێی گەیشتووین، پێویستی بە تێفکرینی مرۆیی نییە، بەڵکو دەبێت وزە و تواناکانیان بۆ راڤەکردنی هەمان کتێب تەرخان بکەن. ئەو کەسەی کە مافی تێفکرینی نییە لە بنەما

کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا، ناتوانێت کۆمەڵگەی خۆی بگۆڕێت. ئەوەی کە لە (بنەماکانی کۆمەڵگەکەی)دا تێدەفکرێ، کۆمەڵگە دەکاتە شۆڕشگێڕ.

لە روسیا کرێکاران شۆڕشیان نەکرد، بەڵکو بیرۆکەکانی مارکس لەگەڵ رۆشنبیرانی (ئینتلجنسیا) شۆڕشیان کرد، بەڵام ناسنامەی شۆڕشەکەیان بە نێوی کرێکاران و وەرزێران تۆمار کرد. بۆچی پاشا لە رۆشنبیران دەترسا؟ بۆچی دەسەڵاتی بەلشەفی لە رۆشنبیران دەترسا؟ بۆچی خومەینی لە رۆشنبیران دەترسا؟ تا یەکەمین بیرۆکەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا نەگۆڕدرێت، شۆڕشێک لە کۆمەڵگە روو نادات.

سەپاندنی شۆڕشێک بەسەر گەلێک کە بیرۆکە بنەماییەکانی نەگۆڕاوە، شۆڕش نییە. لەوەتەی شۆڕش (بایەخێکی ئامانجدار)ی پەیداکردوە، (شۆڕش کردن)یش بۆتە باو. نابێت شۆڕش بە دەستکرد دروست بکرێ، شۆڕش دەبێ (بکرێ)ت، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس لە جیاتی ئەو شۆڕشەی کە دەبێ (بکرێ)، شۆڕش بە دەستکرد دروست دەکەن. لە سەردەمی لینین بەملاوە، دروستکردنی شۆڕشی دەستکرد بووەتە پیشەی رۆشنبیران. رۆشنبیران لە هەموو کەس پتر (شۆڕش دروستکردن) لەگەڵ (شۆرش کردن) تێکەڵ دەکەن. هەموو (شۆڕشە دروستکراوەکان) و (شۆڕشە ساختەکان) نەک تەنیا (ئامانجەکانی شۆڕش) وەدی ناهێنن، بەڵکو بونەتە هۆکار و لە داهاتووش دەبنە هۆکار بۆ داماڵینی ئازادی و هێنانەکایەی توندترین دیکتاتۆریی.

بانگەشە بۆ (ئایدۆلۆژیایەک) یان (راستیی یەکتاپەرستی) هانی نەتەوە نادات بۆ (تێفکرین لە بنەماکان). نەتەوە دەبێ (توانای گۆڕینی هزرە بنەماییەکان) دەستەبەر بکات، نەک ئەوەی کە لە (شوێنکەوتووی ئایین) بەرەو (شوێنکەوتووی ئایدۆلۆژی) رابکێشرێت، یان بە پێچەوانەوە. کۆمەڵێک کە (مافی تێفکرین لە بیرۆکە بنەماییە کۆمەڵایەتییەکان)ی نییە. دژە شۆڕشگێڕییە، هەرچەندە هەنووکە باشترین ئامانجەکانیشی هەبێت. گرنگ هەبوونی ئەم ئامانجانە نییە بە تەنیایی، بەڵکو (مافی تێفکرین لەم ئامانج و ئایدۆلۆژیا و بنەما ئایینیانە) و لە راستیدا (هەقی گۆڕینییان)ە. هەموو ئەم ئایدۆلۆژیا و ئایین و سیستمانە، پێشتر، پێکهاتە بنەماییەکەی خۆیان جێگر و چەقبەستوو کردووە. رەنگە لەم ئامانجانەیاندا پێشەنگ بن، بەڵام بە (جێگرکردن و هەتاهەتایی کردنی ئەم ئامانج و بنەمایانە) دژ بە شۆڕش و دژ بە گۆڕانکارین. ئەمانە هەموو (جێبەجێکار)یان دەوێت نەک(بیرمەند). کەسێکیان دەوێ کە تەنیا جێبەجێ بکات نەک کەسێک کە رەخنە بگرێ و تێبفکرێ. بەلشەفیزم هێندەی حکومەتی ئیسلامیی (بە هەر شێوازێک بخرێتەڕوو) دژی شۆڕشە، چونکە بە سەقامگیریی حکوومەتەکەیان مافی تێفکرین لە بنەماکانی ئەو دامودەزگایە و گۆڕینیان نییە. ئەو ئەقڵەی کە نەتوانێ لە سەربەخۆیی و ئازادی خۆیدا، کاریگەری هەبێت بەسەر ئەم (بنەما سەرەتاییانە)، دەبێتە ئەقڵی پاشکۆ نەک عەقڵی داهێنەر. لە وەها دامودەزگایەکدا، ئەقڵی من و تۆ ناتوانێ بەریەک بکەون و لە یەکتری تێبگەن. بەڵکو

تەنیا بۆت هەیە تێگەشتنت هەبێت بۆ سیستمێکی فەلسەفی (یان زانستی) و دواجار دینێک (یان راستییەکی یەکتاپەرستی) راڤە بکەی. دەرەنجامەکەی دەبێتە ناشیرینکردن و دووبارەکردنەوە و ملکەچبوونی ئەقڵ. ئەقڵ دەبێتە کارەکەری دین و ئایدیۆلۆژیا (یان دامەزراوەیەکی فەلسەفی یان زانستی). ئەقڵ لەگەڵ ئەقڵێکی دیکە ناتوانێ بەشداری بکات لەوەی (ماهیەتی ئەقڵ) پێکیدێنێ. ماهیەتی عەقڵ، جوولەیە لە واقعیەتەوە بەرەو بیرۆکە، بۆ ئەوەی گۆڕین و پێداچوونەوە لە بیرۆکە، دیسان بگەڕێتەوە بۆ وەدیهێنانی بیرۆکە لە واقعیەت. ئەقڵ، لە راوێژدا ماهیەتی خۆی بەدەست دێنێ، بە گۆڕانکاریی (بنەما سەرەکییەکان) مژوول دەبێت. ئەو ئەقڵەی کە نەتوانێت پێ بنێتە سنووری (بنەما سەرەکییەکان) و بیانگۆڕێ، ئەقڵێکە کە لە راوێژ و لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا کارامەیی نەماوە.

## ئازادی بۆ بێباوەڕان
## جیهاد بۆ باوەڕ، جیهادە لە دژی ئازادی

(باوەڕمەند بوون) بوەتە شانازی. باوەڕمەند بوون جۆرێکە لە ئایدیال. ئەم ئایدیالە وەها برەوی پەیداکردوە هێندە رەواجی پەیداکردوە کە (دان پێدانان بەم ئایدیالە) بە یەکێک لە باوەکانی دەزانن. مرۆ دەبێ باوەڕێکی هەبێت، ئەمە شتێکی روون و ئاشکرایە کە مرۆڤ ناتوانێ بێ باوەڕ بێت، مرۆڤێک بایەخی هەیە کە باوەڕمەند بێت. باوەڕمەندبوون پابەندبوونە. بەڵام مرۆڤ تەنیا پابەندی ئازادییە. ناتوانرێ (**پابەندبوون بە ئازادی**) لەگەڵ (**پابەندبوون بە باوەڕ**) تێکەڵ بکرێ. ناکرێ (**پابەندبوون بە ئازادی**) لەگەڵ (**پابەندبوون بە باوەڕ**) وەک یەک سەیر بکرێن. هەموو هەڵەکان لێرەوە دەست پێدەکەن کە (پابەند بوون بە ئازادی) لەگەڵ (پابەند بوون بە باوەڕ) وەک یەک سەیر دەکرێن. بەڵکو پرسەکە دەگەیەندرێتە ئەوەی کە (پابەندبوون بە ئازادی) بە دەرەنجامی (پابەندبوون بە باوەڕ) دەزانن، لە حاڵێکدا (پابەندبوون بە ئازادی) نەک تەنیا لەگەڵ (پابەندبوون بە باوەڕێک) جیاوازە، بەڵکو ئەم دوو پابەندبوونە دژایەتیەکی زەروریان هەیە کە هیچکاتێک لەنێو نابرێت. ئەو کەسەی کە بۆ باوەڕەکەی جیهاد دەکات، لە دژی ئازادی شەڕ دەکات.

دەڵێن، مرۆڤ دەبێت پابەندی باوەڕیک بێت. چونکە (هەبوونی باوەڕێک) شانازییە، بتەوێ و نەتەوێ (نەبوونی باوەڕ) سەرشۆڕییەکی کۆمەڵایەتییە. کەسێک کە بێ باوەڕە، بێ ئەدەب و گەندەڵکارە. کەسێک کە پابەندی باوەڕێک نییە، (مرۆڤێکی بێبایەخ و سوکە). کەسێک کە پابەندی باوەڕێک نییە (خراپترینی مرۆڤەکان)ە.

لەم دونیایەی کە باوەڕمەندبوون، ئایدیال بوەتە تاقانەی هەمووان و باوەڕمەندان سەرتاسەری کۆمەڵگایان داگیرکردووە، لە دەرەنجامی پابەندبوون بە باوەڕەکەیان بە جیهاد لە دژی یەکدی جیهانیان کردوەتە دۆزەخێکی سوتێنەر، هەمووشیان سەری زمان و بنی زمانیان (ئازادیی بیروباوەڕ)ە. باوەڕ خۆی لەخۆیدا ئازادی ڕەت دەکاتەوە، چۆن دەیانەوێ ئازادی بدەنە یەکدی؟ باوەڕەکان ناتوانن ئازادی بەیەکتر ببەخشن. ئازادی بیروباوەڕ ئەوەیە، کە هەر کەسێک بۆ هەبوونی باوەڕ ئازادە. بەڵام ئایا (نەبوونی باوەڕ) و(بێباوەڕبوون)یش ئازادە؟ ئایا لە ڕستەی (ئـازادی بۆ باوەڕەکان) پێویست بە ناوهێنانی بێباوەڕەکان نەبوو؟ ئایا ئەم (لەبیربردنەوەی بێباوەڕەکان) بەڵگە نییە بۆ پشتگوێخستنی بێباوەڕەکان ناشیرینکردنیان؟ ئایا ئازادی تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ باوەڕێکیان هەبێ و باوەڕمەندبوون بە یەکێک لە ئەرکە مرۆییەکان دەزانن؟ ئایا مرۆ ناتوانێ (بێباوەڕ) بێت و بە بێباوەڕی بژی؟ ئایا ئەمە قسەی بێمانا و زۆربڵێیی نییە کە بە بێباوەڕی ناتوانرێ بژین؟ هەر دەبێ بۆ ژیان باوەڕمەند بین و پێکەوە شەڕ بکەین؟ ئەگەر ژیان تەنیا لە باوەڕمەندبووندت دەکرێ، هەربۆیە بەپێی

جیاوازییە سروشتییەکانی مرۆ، هەر کەسێ کە باوەڕێکی دیکەی دەبێ و بۆ ژیان، دەبێ بەردەوام لەگەڵ ئەوانی دیکە لە شەڕدا بین. ئایا بەڕاستی بێباوەڕی سەرشۆڕییە؟ ئایا بێباوەڕی ناتوانێ شانازیی بێت و (ئایدیال) بێ؟ ئایا ئەوەی کە (باوەڕمەند بوون) ئایدیالە، بەڵگە نییە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بێ باوەڕە و ڕێک هەر ئەو دیالیکتیکەی بێباوەڕبوونیەتی کە باوەڕمەندبوون بوەتە جۆرە ئایدیالێک. (چونکە بێباوەڕە، ئایدیالەکەی باوەڕمەندبوون)ە. ئایا ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی (بێباوەڕەکان)یش دەگرێتەوە؟ ئایا بێباوەڕێک کە بیەوێت سوود لەم مافی ئازادییەی خۆی وەرگرێت، نابێ (بێباوەڕبوونی خۆی) وەک (باوەڕێک) لە قەڵەم بدات؟ بۆ ئەوەی (بێباوەڕی) نەبێتە جۆرە باوەڕێک، دەستی بە ئازادی راناگات. تەنانەت (بێباوەڕی)یش دەبێت جلێکی (باوەڕ)ی لەبەر بکرێت و (باوەڕبوون)ی بە سەردا بسەپێندرێ، تا بتوانێ بوونی هەبێ.

## لە ئاڵۆزبوونەوە تا گرێ لێدان

باوەڕ، ئاڵۆزبوونە، (ریشەی وشەی باوەڕ لە عەرەبی و فارسیدا کە «عقیدە»یە، لە «عقدە» هاتوە، واتە گرێ). مرۆ بە شتێکەوە گرێ دەدرێت، بە شتێکەوە دەبەسترێتەوە. بە گرێلێدانی خۆی بە شتێکەوە، بەو شتە دەبەسترێتەوە. بەستراوەیی تەنیا لە رێگەی گرێدانەوە مەیسەر دەبێ. ئەم وشەیە نەک تەنیا دەربڕینی (بەستراوەیی)یە، بەڵکو (جۆری بەستراوەیی) یان (بەستنەوە)ش دیاری دەکات. مرۆ بۆ بەستنەوە بە شتێکەوە، خۆی بەو شتەوە گرێ دەدات. یان بە وتەیەکی باشتر، بۆ

بەستنەوەی مرۆڤەکان بە شتێکەوە، بە فکرێک، بە سیستمێک.. گریێ دەدرێن، مرۆ بۆ (بەستنەوەی خۆی بە شتێکەوە) پێویستی بە (گریێ لێدانی خۆی) بەو شتەوە نییە. بەڵکو ئەوە کەسانی دیکەن کە مرۆ بۆ بەستنەوە، گرێی دەدەن.

ئەمانە لەو باوەڕدان کە (دەکرێ سەرتاسەری بوونی مرۆڤ بە شتێک، ئەفسانەیەک، دەسەڵاتێک یان تاکێکەوە گرێ بدرێت). کەوایە بوونی مرۆڤ (گرێ پەسەند)ە. دەکرێ لە مرۆ گرێ دروست بکرێت، گرێیەک کە مرۆڤەکان لەگەڵ هزرێک یان دەسەڵاتێک یان ئوستوورەیەک دەبەستێتەوە. لە نێوان مرۆڤ و ئەو شتە، لە دەرەوەی مرۆ نییە، بەڵکو ئەم گرێیە لە خودی ئەو دەدرێ. ئەمە مرۆڤە کە دەبێتە (گرێ)یەک. مرۆ، خۆی دەبێتە گرێیەک. ژیان لەگەڵ ئەو گرێ لێدراویە دەبێتە (باوەڕ).

بەبێ باوەڕ (بێ گرێدراوی) ناکرێ بژین. هەر باوەڕێک (گرێ) یەک لە مرۆ دروست دەکات. لەوەی کە مرۆڤ بە هزرێک، وێنایەک، چەمکێک یان دەسەڵاتێک،گرێ دەدەن، بەڵێنی پێدەدەن کە ئەم گرێیە، بە ئاسانی دەکرێتەوە. ئەم گرێیە دەکرێتەوە، هەر کەسێک هەر کاتێک بیەوێت خۆی لەم گرێیە بکاتەوە، هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێ ئەم پەیوەندییەی خۆی بپچڕێنێ، گرێکە بپسێنێ. ئەم گرەنتییە تا کاتێک جێبەجێ دەکرا کە ئەم گرێیە لە نێوانیان مرۆڤ و ئەو سیستمە یان فکرە بوونی هەبوو. مرۆڤ ئەم گرێیەی وەک گرێ دەناسی. هۆشیاری سەبارەت بەم گرێیە هەبوو و جگە لەوەش

دەیزانی کە (چۆن گرێدراوە). ئایا بە ڕاستی ئێمە دەتوانین خۆمان لە دەست ئەم باوەڕانە ڕزگار بکەین؟ ئایا دەتوانین هەر کات ویستمان ئەم گرێیە بکەینەوە یان بیبڕین؟ ئەم گرێیە لە ئێمە دراوە، ئێمە لە تەواوی بوونمان گرێمان لێدراوە. ئێمە گرێیەکین. گرێیەک چۆن دەتوانێت خۆی بکاتەوە؟ بەڵام هۆشیاریمان لەبارەی (گرێبوونی خۆمان)ەوە نییە. هۆشیاریمان لە چۆنیەتیی گرێی خۆمان نییە؟ چونکە نازانین گرێمان هەیە و چۆن گرێمان لێدراوە، هەوڵدان بۆ (کردنەوەی گرێ) گرێیەکە دەکاتە گرێ کوێرە و ئالۆزتری دەکات. تەنانەت ئەو کەسانەی کە ئێمەیان بە بۆچوونەکانی خۆیان، ئوستوورەکانی خۆیان وسیستمی خۆیانەوە گرێ داوە، نازانن ئێمەیان چۆن گرێداوە و دەڵێن ئەمە کاری خوایە، یان مێژوو کردویەتی.

گرێدراوی، جۆرێک بەستراوەییە. لە زمانی فارسیدا بە باوەڕ دەڵێن (پابەند بوون). (پابەند بوون) هێمای دیلییە. ئەم وشەیە لە ڕەوتی دیل گرتن و هەڵسوکەوت لەگەڵ دیل یان تاوانباران وەرگیراوە. ئەم وشەیە ئاماژەیەکە بە (دەستبەسەر بوون)، زیندانیی بوون. (دڵ بەستەیی) گشتگیر کردنی مانای (پابەند بوون)ە بە ڕۆحی مرۆڤەوە. نیشانەیەکە لە ڕاستییەکی دەرەکییەوە وەرگیراوە و لە دونیای ڕۆح پەرەی پێدراوە. مرۆڤ لە مێشک و ڕۆحیدا (دیل) دەکرێت. دەبێتە(دیلی دەستی هزرێک)، دەبێتە (گیرۆدەی وێنەیەک)، دەکەوێتە تەنگژەی ئوستورەیەک. (پا-پێ) بەند دەبێت. پێ هێمای بزاوتنە. مرۆڤ ئیدی ناتوانێ ببزوێ. ئەگەر ئەسیرکەرەکە کەمێک میهرەبان بێت،

پێیەکان بە شێوەیەک دەبەستێتەوە کە مرۆ لە تەنیشت هەمان ئەو خاڵەی کە لێی بەستراوەتەوە، جووڵەیەکی کەم بە دەوری خۆیدا بکات. لە هەر حالێکدا توانای جووڵەی ئازاد و فراوانی لێ دەسەندرێتەوە. گشتگیرکردنی ئەم سیمبۆلە لە (پێ)وە بۆ (دڵ)، گشتگیرکردنی بێ جووڵەییە. (دڵ) سیمبۆل و ئاماژەیە بۆ (هۆکاری چالاک و بزێوی رۆحی مرۆیی). ئەم هۆکارە بزێوە رۆحانییە، جێگیر دەبێت، ئۆقرە دەگرێ. (**بزاوی رۆحی**) بە (**بێ ئۆقرەیی و دڵەڕاوکێ**) گوزارشت دەکات و بەم شێوەیە ناوی بزاوی رۆحیی و فیکریی دەزڕێنێن. ئەو مرۆڤەی کە تێدەفکرێ، فکری دەگۆڕێت و ئاساییە کە دەبێ (بەپێی ئەم لۆژیکە)ی مرۆڤ، تووشی دڵەڕاوکێ و نارەحەتی و بێبڕوایی بێت. کەواتە بۆ ئەوەی تووشی دلەڕاوکێ و نارەحەتی نەبێ، نابێ تێبفکرێ، نابێ دڵی بگۆڕێ. دڵ نابێ وەرگەڕێ. دڵ دەبێ خۆی نەفی بکات. وەرنەگەڕێ هەتا دڵنیا بێ و ئارام بگرێ. ئیمان کە لە ریشەی (ئەمن)ەوە هاتووە ئاماژەیە بۆ ئەو (نەبوونی دڵەڕاوکێ)یە و ئەرخەیانبوون سەقامگیری و بێ جولەیی)، (مانەوە لە هێلانە) و (دۆزینەوەی چەپەر لە بێ جووڵەیی)ە. ئیمان، هەر بۆ ئەم دڵەیە. ئەم دڵەڕاوکێیە دەگۆڕێت بۆ ئارامی. ئۆقرە بە دڵ دەدات. دڵ ئیدی، جێبەجێ نابێت. وشەی (قەلب- دڵ) هەر ئەم جووڵە و حاڵگۆڕینەیە. دڵ کە لە دەرەنجامی جولانەکەیدا لە دڵەڕاوکێدا دەهێڵێتەوە. چونکە جوولە شتێکی خراپە. هەربۆیە (ئیمان) بۆ دژایەتیی (وەرگەڕانی دڵ) پێویستە. ئیمان بۆ (دڵ)ە. دڵ پێویستی بە (ئەرخەیانی)،(ئارامی)،(ئۆقرە)یە. (دڵی ئەرخەیان، دڵی ئارام) لە

دڵەوە دەبێت شۆڕش وەربگیرێ. لە ڕۆحەوە دەبێت جموجۆڵ وەربگیرێ بۆ ئەوەی ئەرخەیانی و ئاشتی و ئاسایشی تێدا دروست ببێ. ئیمان بۆ ڕەتکردنەوەی جوولەیە لە دڵدا. ئیمان بۆ تەفروتوناکردنی گۆڕانکارییە لە دڵدا. ئیمان، ماهیەتی شۆڕشگێڕیی لە دڵ دەستێنێتەوە. لە دڵ بەرد دروست دەکات. بە ئارامکردن و ئەرخەیانکردنی دڵ، دڵیش لە جمە دەخات و دەیکاتە بەرد و دڵی بەردینە بێ بەزەییە. دڵێکە سۆز و خۆشەویستیی مرۆیی تێیدا بار دەکا.

ئەم دوو وێناکردنە زمانەوانییە،(باوەڕ و پابەندبوون) کە ڕەهەندی واتایی هەنووکەیی ئەم دوو وشە دیاری دەکات، پیشان دەدەن کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوەش بیرەوەری خۆشی نەبوە لە (**ڕەوتی خۆبەستنەوە بە شتێک**)، (**باوەڕمەند بوون**)، (**پابەندبوون و دڵ بەستەیی**). بەم سانایییە و خاترجەمیەوە خۆی نەبەستوەتەوە و خۆی دەقەبەڵ بەستنەوە نەکردوە و لەبەرانبەر ئەو کەسانەی کە ویستویانە بیبەستەوە خۆڕاگری کردووە و ناڕەزایی دەربڕیوە. بەرخۆدان لە هەمبەر هەر بیرۆکە و ئاینێکی تازە، تەنیا ئەنجامی (پابەندبوون بە خورافات یان باوەڕی رابردوویان)ەوە نییە، بەڵکو مرۆڤ لە بنەڕەتەوە دژی (خۆبەستنەوە)یە. مرۆڤ نایەوێت دیسان خۆی ببەستێتەوە. مرۆ هەر لەو سەرتاوە ڕەوتی گرێدراوی و بەستنەوەی بە جۆرێک (لێسەندنەوەی ئازادی) و (لەجوولە خستن یان نوێکردنەوەی جوولە) و (جۆرێک دەستبەسەر بوون) لێکداوەتەوە. بۆنی بیرەوەریی ئەم ئەزموونانە هێشتا بە ناوەڕۆکی ئەم وشانەدا ماوە.

مرۆڤ، ڕۆژانێک بە پێچەوانەی ئەمڕۆ کە باوەڕیان وایە ئایدیالی

بەرز، خۆشەویست جێی ستایشە، لە باوەڕ و پابەندبوون و دڵ بەستەیی ڕەوتێکی (ڕەتکردنەوەی ئازادی)، (ڕەوتێکی لە جووڵە خراو) بینیوە و دژایەتیی کردووە و بەزۆر هاتۆتە بەری. نەک تەنیا (باوەڕمەند بوون) و (پابەند بوون و دڵ بەستەیی)، خوازیاریانە و ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو بە نەگریس و ناشیرین و شوومیش لێکدراوەتەوە، ئەم ئەزموونە تاڵە مرۆییانە لە ویژدان و دڵی ئەم وشانەدا ماوەنەتەوە. هەموو باوەڕەکان، زیاتر لە هەر شتێک لە (بێباوەڕبوونی مرۆڤ) دەترسن. ئەو کەسەی کە باوەڕێکی تری هەیە، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی باوەڕەکەی، چونکە باوەڕمەندە، چونکە بوونیی گرێدراوە، چونکە پابەندی فکرێکە لەگەڵ من هاوبەش و هاودەردە. شانازی هەردووکمان بە(دیلی)یە و هەردووکمان (دیلییەتی) و (بێ جوولەیی) بە شانازی دەزانن. هەردووکمان یەک پێکهاتەی ڕۆحییمان هەیە. باوەڕمەندێک بە ئاسانی دەتوانێ لە باوەڕێکەوە بچێتە سەر باوەڕێکی دیکە. بە سانایی دەتوانرێ لە موسڵمانێک کۆمۆنیستێک دروست بکەیت و بە پێچەوانەوەش. دەکرێ مەسیحیەک بە سانایی ببێتە موسڵمان... بە سانایی دەکرێ کەسێک لە زنجیرێک بکەیتەوە و بیبەستیتەوە بە زنجیرێکی دیکە. لە گرتووخانەیەک بۆ گرتووخانەیەکی دیکە بیگوازیتەوە. بەڵام لە بێباوەڕێک ناتوانرێ باوەڕمەندێک دروست بکرێ. ئەو کەسەی کە بە زنجیر ڕانەهاتووە، ئەو کەسەی کە بە مانەوە لە شوێنێک ڕانەهاتوە یان ڕانەهاتوە تەنیا بە دەور جوغزێکدا بسووڕێتەوە، ئەو کەسەی کە ناتوانێت دەست لە

ئازادیەکەی هەڵگرێ، ئەو کەسەی کە حەزی لە فڕینە، بۆ باوەڕەکان مەترسییەکی سەرەکییە. لەبەر ئەمەیە کە هەموو باوەڕەکان بەبێ جیاوازی، بێباوەڕیی بە سووک دەزانن و ناشیرینی دەکەن. هەربۆیە لەم سەردەمەی ئێمەدا (پابەندبوون) ئەوەندە برەوی پەیدا کردوە. پابەند بوون، هیچ کات بە واتا راستەقینەکەی کە ئازادییە بەکار نەهێندراوە. پەیماندان بە ئازادی، پابەندبوون بە ئازادی نییە. ئازادی کەس بەخۆیەوە نابەستێتەوە. خۆبەستنەوە بە ئازادی رەتکردنەوەی بەستەییە، بۆیە مرۆڤ تەنیا و تەنیا پەیمانی بۆ ئازادیی هەیە. بەڵام پەیماندان وشەیەکی تازە بوو بۆ (پابەندکردن).

مرۆڤ بۆ پابەندبوون دەبێ باوەڕدار بێت. پابەندبوون بە ئازادی لەگەڵ پابەندبوون بە باوەڕ تێکەڵ کرا و وەکوو یەکی لێهات، هەتا دووبارە خەڵک لە (بێباوەڕبوون) پەشیمان بکەنەوە. بۆ ئەوەی (بێباوەڕبوون) تاوانبار و بەدناو بکەن. ئەو کەسەی کە باوەڕی نییە، مشەخۆری کۆمەڵە. کەسێک کە بێباوەڕە، بێ کۆت و سەرەڕۆیە. ئەو کەسەی پابەند نییە، خۆفرۆش و بەرەڵا و هەلپەرستە. بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبێت پابەند و باوەڕدار بی. بەو تەرحە بەڵگانە خەڵکیان لە (بێ باوەڕی) و (ئازادی) رەواندوەتەوە. ئازادیان بەدناو و ون کردوە. ئازادیان لەگەڵ باوەڕ تێکەڵ کردووە هەتا ئازادی لەنێو ببەن. لە هیچ باوەڕێکدا (گرێدراوی و بەستراوەیی) ئازادی نییە، تا بمانگەیەنێتە ئازادی. هەر باوەڕێک دەڵێ تۆ لە سەرەتاوە سەرتاپای خۆت بخە ژێر رکێفی من، کاتێک بە تەواوی خۆت رادەستی من کرد،

ئەوکاتە ئازاد دەبی. کەسێک لەمانە ناپرسێت بۆ ناتانەوێت ئازادی بە ئازادییەوە دەست پێبکەن، بۆ دەتانەوێ ئازادی بە (بەستراوەیی) و (گرێدراوی) دەست پێبکەن. تۆبلێی هەنگاوی یەکەم لە ئازادی دەبێت بە بەستراوییەوە دەست پێبکات؟ تۆ بلێی ئامرازی گەیشتن بە ئازادی کۆتوبەند بێ؟

ئەوان ئەزانن ئەگەر ئەم شوورەییە لە بێباوەڕی بسڕنەوە، خەڵک بە سانایی بەرەو (بێباوەڕی) هەنگاو دەنێن. چ بگا بەوەی کە (بێباوەڕبوون) ببێتە ئایدیالیش. بۆیە لە مافی مرۆڤیش گرنگی بە (ئازادی بیروباوەڕ) دەدرێت، ئەگەر (بێباوڕبوون)یش پەسەند بکرێت، دەبێت ببێتە جۆرە (باوەڕێک). پێویستە بێباوەڕبوون ببێتە (باوەڕ) و دەبێ لە دونیای دیلییەوە بێتە دەرەوە. مرۆڤ لە دیل بووندا، ئازادە. تەنیا دەتوانێت شوێنی دیل بوونەکەی بگۆڕێت. جگە لەمەش بێباوەڕبوون بۆشایی نییە. باوەڕمەند پێیوایە باوەڕ و بەستراوەییە کە مرۆڤ دەوڵەمەند و تێروتەسەل دەکات، هەرکە باوەڕی لەدەست چوو، مایەپووچ دەبێت. لەدەستدانی (راهاتن بە باوەڕ) (کە هەزاران جار لە ژیانمان روویداوە) جۆرێک قەڵسی و دڵەڕاوکێمان بۆ دروست دەکا. ئەوەی بە جگەرە کێشانیش راهاتوە، نەکێشانی جگەرە بۆی (بۆشایی)یەکە. ئەم جۆرە تاوانبارکردنەی مرۆڤ بە دروستبوونی بۆشایی لە دەروونیاندا، تاوانبار کردنێکە لە روانگەی باوەڕدارەکان کە پێیانوایە سامان و دەوڵەمەند بوون تەنیا لە باوەڕەوە دێت و باوەڕداربوون بە پێوەری ژیان دەژمێرن. وازهێنان لە هەر راهاتنێک (قۆناغی

هەستکرد بە بۆشایی ) هەیە. نابێت مرۆ لەم بۆشاییە بترسێ. دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە. پێویستە درێژە بدەم بەو باسەی کە پێشتر هێنابومە گۆڕێ و تەواوی بکەم.

بێباوەڕبوون، بە خۆشحاڵییەوە یان بە داخەوە (بـاوەڕ) نییە، نابێ بهێڵێن ببێتە باوەڕ. بە بوونی بە باوەڕ ئیدی بێباوەڕی نییە. سەرەڕای تاوانبارکردن و تەشەر لێدانی باوەڕداران، باوەڕمەند بوون، ئایدیالێکی گشتی مرۆڤەکان نییە و بێباوەڕبوون، بەهایەکی نەرێنی، خاوبوونەوەو سستبوونەوە و بێ کۆتی رۆحی، یان هەلپەرستی و بێ سامانی و بەرەڵایی نییە.

رێک بە باوەڕدارییە کە مرۆ خۆی لە جوولە و ئـازادی دەخا، خۆی دەسبەسەر دەکـات، خۆی لە یەک شوێن جێگر و بەردینە دەکات. خۆی دەخاتە تەنگژەی قەفەسێک کە نێوی (دونیا بینی) و (ئایدۆلۆژی) لێنراوە. باوەڕداربوون و باوەڕمەندبوون، بەشێک نین لە شتە روون و ئاشکراکان. بەڵکو بێباوەڕبوون بەشێکە لە بابەتە روون و ئاشکرا مرۆییەکان. باوەڕمەندبوون، بەردەوام کردەیەکی دروستکراوە. مـرۆڤ دەبـێ بـەردەوام خۆی لە گرێداندا نوێ بکاتەوە، هەتا بە باوەڕمەندی بمێنێتەوە. باوەڕ بەردەوام دەبێت تەڵقین بکرێ، بەردەوام وەبیر بهێندرێتەوە، بەردەوام (پێی رابێنرێن)، دەبێ بەردەوام ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم گرێیەی لەنێو خۆیدا نەکەنەوە. لێرەیە کە (گرێدراوی) بۆ مرۆڤ حاڵەتێکی نائاساییە و ئەو لەم حاڵەتە ناسروشتییە، ئازار دەچێژێت و پێی قەڵسە، لێرەوەیە کە ئەو بە هەبوونی باوەڕ، باوەڕدار

دەبێ. شانازیکردن بە باوەڕ بۆ ئارامکردنەوەی (ئازار چەشتنی ئەم گرێیە و پابەندی)یە. ئەو شانازییە دەبێ گرێیەکە داپۆشێ و بەتامی بکات. بۆیە بێباوەڕبوون، بۆشایی نییە. بێباوەڕبوون، بێهزربوون، بێ ئەخلاقبوون، بێ تەقوابوون، بێ ئایدیالبوون نییە. بەڵکو بێباوەڕبوون، بزۆزبوونە لە فکردا، بزۆزبوون لە چەمکەکانی ئەخلاقییە، بزۆزبوونە لە ئایدیال. مرۆڤ لە هزرێک، وێنایەک، ئوستوورەیەک یان هەقیقەتێک تاهەتایە نامێنێتەوە، لە ئەخلاقێکدا بۆ تاهەتایە لە شوێنی خۆی پێکۆڵە ناکا، لە ئایدیالێکدا هەتا رۆژی پەسڵان هەڵنادا.

مرۆڤی بێباوەڕ، پێویستی بە ئازادییە بۆ ئەوەی لە جوولە بەردەوام بێ، بۆ ئەوەی جوولەی خۆی سنووردار و بەرتەسک نەکاتەوە. مرۆڤی باوەڕمەند، پێویستی بە ئازادی نییە. ئازادی بۆ ئەو تەجەمولێکی بێ کەڵکە. چونکە مانەوە لە هزرێکدا، مانەوە لە خشتەیەکی ئەخلاقیدا، مانەوە لە ئایدیالێکدا، پێویستی بە جوولەی فیکری و رۆحی نییە. ئەو مرۆڤەی کە بە دەوری جوغزێکدا دەخولێتەوە، ئازادی بەکەڵکی ئەو نایە، ئەو ناتوانێت سوود لە ئازادی وەرگرێ. باوەڕدار، دوو کاری گرنگ دەکات، یەکێک ئەوەیە کە ئازادیی و جولەیەکی وەها بە نەگریس و ناشیرین و شووم و حەیوانی دەژمێرێ. دووەم ئەوەی کە ئەو جوغزەی کە بە دەوری دەسووڕێتەوە و چەند هەنگاوێک پێش و دوای بۆ دەکات، بە سەرچاوەی مرۆڤایەتی دەژمێرێت. دەڵێ، دونیایەکی دیکە نییە جگە لەو چەند بستەی کە من بە دەوریدا دەخولێمەوە، هەر شتێکیش لە دەروەی ئەم چەند بستە هەیە، هەمووی

بە درۆ دەزانێت و خەیاڵە و لە راستیدا بوونی نییە. دونیا تەنیا هەر ئەم ئەڵقەیەیە کە من تێیدام و دەجووڵێمەوە. هەر ئەم هێلانە و قەفەسە فیکری و رۆحییەی من، تاقە دونیایەکە بوونی هەیە. ئەو هەرچەند جووڵەی خۆی کەمتر دەکاتەوە و پانتایی جوولەکەی کەم دەکاتەوە، ئەم تەنگژە و بێدەرەتانییەی زیاتر دەبێت. لێرەوەشە کە ناتوانێت لەگەڵ هیچ فیکرێکی دیکە بسازێ.

هەڵبەت هەمیشە (بەرتەسکی)یە مرۆڤ دەکاتە داگیرکەر و رقهەڵگر و شەڕانگێز. ئەو رۆحە مرۆییەی کە دەشێت ئازادانە بجولێتەوە، لە زیندان و قەفەسی هزرێک دەمێنێتەوە، هەرچەندە ستایشی مانەوە لەم قەفەسەدا بکات و بە دونیا و بوونەوەری بزانێت، تەواوی فیکرەکانی دیکە بە درۆ و پووچ بزانێت، بەڵام ئەم بەرتەسکی و بێ جووڵەییە و ئیفلیج بوونە، گەززە لە رۆحی دەدات و گوشاری بۆ دێنێ، بۆیە سروشتییە کە باوەڕمەند بیەوێت و نەیەوێت شەڕانگێز و قین لە دڵ دەبێ. بۆیە رقی لە هەموو فکرەکانی دیکە وهەموو ئەو کەسانەیە کە ئازادانە دەجوولێنەوە. نەک ئەوەی (قینخوازی) بکات، بەڵکو (عەودالی رق)ە. دەیەوێت تۆڵەی بێ جوولەیی و ئیفلیجبوونی خۆی لە رۆح سووک و رەزا سووکەکان بستێنێتەوە. لە حاڵێکدا کە لە ناخی دڵیدا حەزی بەو جولانەوەیە هەیە، بەڵام قاچەکانی بڕستی رۆیشتنیان نییە و باڵی فڕینیشی نەماوە و لەشی قورس بوە بۆ فڕین، هەربۆیە دەچێتە جیهاد.

جیهاد نەک تەنیا لە دژی باوەڕەکانی دیکە، بەڵکو لە دژی

(بێباوەڕان)، تا هەمووان بخاتە ئەو زیندانەی کە خۆی تێدایە و ئازار دەچێژێت، بەڵام بۆ دڵدانەوەی خۆی، پێیدا هەڵدەڵێت.

باشترین ئارامبەخشی باوەڕدار ئەوەیە کە ئەوانی دیکە بێنێتە سەر باوەڕی خۆی. ئەگەر نەتوانێت بەردەوام کەسێکی دیکە بێنێتە سەر باوەڕی خۆی، باوەڕی خۆی لەدەست دەدات. ئەو تا ئەو کاتە باوەڕی خۆی دەهێڵێتەوە تا ئەویدیکە بێنێتە سەر باوەڕی خۆی. ئەمە باوەڕمەندبوونی ئەویدیکەیە کە باوەڕمەندبوونی ئەو لە لەرزە دەپارێزێت. هیچ کەسێک بە تەنیایی ناتوانێت ئیماندار بێت، دەبێ ئەو ئەویدیکە ئیماندار بکات هەتا خۆیشی بە ئیمانداری بمێنێتەوە.